# بەدرخان

Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشـــتیی ئـــازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٢٢) چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە خەرمانانی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com


## ئەنجامی دوا راپرسی دەزگای بەدرخان سەبارەت بە هەڵبژاردن

فۆرمـــی دابەشـــکراو: ٥٠٠٠ دانـــە – فۆرمـــی گـــەڕاوە: ٤٦١٠ دانە – فۆرمی سـپی: ٢٥٠ دانە – فۆرمی نەگەڕاوە:١٤٠ دانە.

شوێنی دابەشـــکردنی فۆرمەکان: هەولێر، سلێمانی، دهۆک. رەگەز: نێر و مێ. تەمەن: ١٨ تا ٧٥ ساڵ. پیشە: خوێندەوار و نەخوێندەوار. رۆژی راپرسی کردن: ٢٠٠٩/٧/١ تا ٢٠٠٩/٧/١٩.

*بەپێـــی ئەنجامی راپرســـییەکە "٥٠٠٠"فۆرم دابەشـــکراوە، تەنیا ٤٦١٠کـــەس وەڵامیـــان داوەتەوەو ٢٥٠فۆرمیش بە سپی گەڕاوەتەوەو تەنیا ١٤٠ فۆرمیش نەگەڕاوەتەوە، لە کۆتایی ٣٩٠٠ کـــەس بە بەڵێ بەشـــداری هەڵبـــژاردن دەکەن و تەنیا ٧١٠کەس بە نەخێر، بەپێی راپرسییەکە بەشدار نابن.

* ســـەبارەت بـــە کام لیســـت هەڵدەبژێری، لەنێو لیستەکانی کوردســـتانی ٥٤، گـــۆڕان ٥٧، خزمەتگوزاری و چاکســـازی ٥٩، ئـــازادی و عەدالـەتی کۆمەڵایەتی ٥٥، لە ئەنجامدا لیستی ژمارە(٥٤) ٢٢٦٥ دەنـــگ، لیســـتی(٥٧) ٤٠٧ دەنـــگ، لیســـتی(٥٩)٦٥٠ دەنگ، لیســـتی(٥٥)٥٨٧ دەنگ، بەدەست دێنن.

* سەبارەت بە کام لیست زۆرترین توونـدوتیـــژی بەکارهێنـــاوە: لە ئەنجامـــدا ئەوانـــەی فۆرمیـــان پڕکردۆتەوە، پێیانوایە ١٨٠٠کەس لـــە دەنگـــدەران لیســـتی(٥٤) توونـدوتیـــژی بەکارهێنـــاوەو هەروەهـــا لیســـتەکانی(٥٧)١٨٥٠ کـــەس، لیســـتی(٥٩)١٤٠کەس، (٥٥)١١٠ کـــەس. ئەمەیان لەکۆی (٤٦١٠)فۆرم کە دابەشکراوە بەسەر توێژە جیا جیاکانـــی کۆمەڵگای کوردەواری.

* ســـەبارەت بەوەی ئایا هیوات بـــە لیســـتەکان هەیە بـــۆ دوای هەڵبژاردن، لە وەڵامدا (٢٧٠٠)کەس بە بەڵێ و (١٢٠٠) کەس بە نەخێر وەڵام دراوەتەوە.

* لەبـــارەی ئـــەوەی تاچەنـــد بەڵێنەکانـــی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکـــرێ لەکۆی(٤٦١٠)فـــۆرم، (٤٥٠)کەس دەڵێن لە ١٠٠٪ جێبەجێ دەکرێ، (٨٠٠) کـــەس دەڵێن ٧٥٪ جێبەجێ دەکرێ، (٩٠٠) کەسیش لە ٥٠٪ قســـەکانیان جێبەجێ دەبێ، هەروەها ١٧٥٠کەسیش لایان وایە لە ٢٥٪ جێبەجێ دەبێ.

* سەبارەت بەوەی ئایا هەڵبژاردن بێ کێشە تەواو دەبێ، (٢٠٠٠) کەس بە بەڵـــێ و (١٩٠٠)کەس بە نەخێر لەکۆی (٣٩٠٠)فۆرم.

* لە بەرامبەر ئەوەی ئایا دەسەڵات خەڵکی کڕیوە یان خەڵک دەسەڵاتی هەڵخەڵەتاندووەبۆ هەڵبژاردن، لە ئەنجامی راپرسییەکە(٢٨٠٠)کەس لایان وایە دەسەڵات خەڵکی کڕیوەو (١١٠٠)کەســـیش لایان وایە خەڵک دەسەڵاتی هەڵخەڵەتاندووە.

* لەگەڵ زۆری خزمەتگوزاری ئەو دوو مانگـــەی کۆتایی حکومەت، ئایا هاووڵاتی حەز دەکا حکومەت لەکارەکانی بەم چەشنە بەردەوام بن، لە(٣٩٠٠)فـــۆرم (٣٣٠٠)کەس بە بەڵـــێ و (٦٠٠)کەس بە نەخێر وەڵام دراوەتەوە. ئەگەر بە وردی ســـەیری ئەنجامی راپرســـییەکە بکەین، هاووڵاتی کورد هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات، بەرامبەر بە خاک و نیشـــتیمان و نەتەوە، کە دەزانێ لەپشـــت هەر وەڵامێک چی دەڵێ، چونکـــە دەزانن تاکو ئێســـتاش کوردستان لە بەرامبەر نەیـــاران و ملهـــوڕان مەترســـی لەســـەرە، بۆیە بە دڵ و بەگیان ئامادەن لە بەرامبەر ئەو فۆڕمانە راستگۆیانە وەڵام بدەنەوە، بۆیە لەجێگای خۆیەتی بەرپرســـانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بە بەردەوامی بە تەنگ کێشـــەکانی خەڵکـــەوە بێـــن و هـــەر تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردن نەبێ. ئەگەر ئـــەو دوو مانگەی دوایی تەنیا بۆ مەرامی هەڵبژاردن و بردنەوە بێ، ئەوا گوناهێکی گەورەیە دەرهەق بە خوێنی شەهیدان و هەڵەبجەو ئەنفال و بارزانیان و هەموو شتە پیرۆزەکانی دیکـــە. لە ل٢١ دەقی راپرسییەکە بخوێنەرەوە.



## بەوتەمەنەش هەر جەوانی، هەر جوانی بۆ کوردستان مام جەلال



### کەمال مەزهەرو بستێک لەخاکی کوردستان

دوای ئەوەی لە ســـاڵی ٢٠٠٨ چاپـــی یەکەمی کتێبی "کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا"ی لە وڵاتی لوبنـــان چاپکـــرد، ئەوجارەیان لـــە دوو بەرگی جیاوازدا چاپـــی دووەمی "کوردو کوردســـتان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا" و چاپی یەکەمی "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە"ی بەچاپگەیاند و لەمڕۆژانە دەکەوێتە نێو کتێبخانەی کوردی.

ل٥



### موحسین دزەیی

رووونکردنەوەیەک سەبارەت بە پاسپۆرتەکەی بڵاودەکاتەوە

ل٩



### ئاکۆ غەریب

لە دەزگـــای خـــاک کـــەس شوێنی میسری ناگرێتەوە

ل١٢



### پرۆفیســـۆر ئەندێرس ئولســـۆن ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی:

ئەمە بـــاوەڕی منە، کە شـــیعری ئێکێلۆف دەکرێـــت ئـــەو خوێنەرانە بە شـــێوەیەکی تایبەت بیخوێننەوە، کە تا ســـەر ئێسقان هەستیان بە نامۆیی کردووە. بۆیە سەختە بیر بۆ جەماوەرێکی لە کورد گونجاوتر بۆ شیعرەکانی ئەو بچێت.

ل١٤



بۆ یەکەم جار

ماموستا عەبدولڕەحمان زەبیحی، کەمال محیەدین لەگەڵ قونسوڵی چین، ١٩٦٧

ل١٨

* لە ژمارەی داهاتوو بەسەرهاتی دەرمانخواردنی حلمی عەلی شەریف لەلایەن بەعسەوە لە بەدرخان بخوێنەرەوە
* لە نێوان سمێڵەکەی عەزیز وەیسی و فەرهاد سەنگاوی
* ئەمڕۆ شانۆگەری پیاوانی ئێمە لە بەرلین نمایش دەکرێت
* پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسەلان و کێشەی کورد
* کەرنەڤاڵی حوسێن میسری بەشکۆمەندییەوە بەڕێوەچوو
* دەرهێنەری درامای یوسفی راستگۆ لە دیدارێکی بەدرخان
* ساڵەکانی سازانی ئیسماعیل خورماڵی
* ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند عیسا بەرواری
* دەمەتەقێیەک لەگەڵ سامی عەلی عەزیز (ئارام)



حاجی مەمۆ دوو کتێبی نوێی زارۆکان پێشکەش بەنەوەی نوێ دەکات



## تارای پێشمەرگە کاندیدی پەرلەمانە

ل٢

## لە نێوان سمێڵەکەی (عەزیز وەیسی و فەرهاد سەنگاوی)دا

دەروازە

smkobsat@yahoo.com

دوو شینە سمێڵی ڕەش و جوان پێشبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن، لە قسان سمێڵەکەی عەزیز وەیسی وەک سمێڵێکی مۆدێرن نوێنەرایەتی لیستێکی دواکەوتوو و گەندەڵ دەکات، سمێڵیکەی فەرهاد سەنگاویش وەک سمێڵێکی کلاسیک و تەقلید و شۆڕشگێر نوێنەرایەتی لیستی گۆڕان دەکات .

عەزیز وەیسی بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ دەیەوێ کۆتایی بە شەرعییەتی شۆڕشگێری بێنێ، فەرهاد سەنگاویش بە حەماسی شۆڕشگێڕیی، شەرعییەت بە شۆڕشگێڕیی دەداتەوە، ئەویان کلاسیک و دەبێت بگۆڕێت، ئەمیشیان مودێرنە و دەبێت بیگۆڕێت، بابزانین کامیان سەردەکەون، سمێڵەکەی عەزیز وەیسی یان سمێڵکەی فەرهاد سەنگاوی .

باوەڕتان بێت ئەگەر لەو هەڵبژردنەدا سمێڵەکەی فەرهاد سەنگاوی سەرکەوت و بردمانەوە پشتیوان بە خوا هەموو شتێک دەگۆڕین، پێش هەموو شتێک ئەو بینایەی پەرلەمان، کە پێشتر ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزی حزبی بەعس بووە دەیگۆڕین، وەک لە بەرنامەشماندا هەیە هاوکات لەگەڵ مووچەی پلەتایبەتییەکان مووچەی ئەندامانی مەکتەبی‌سیاسی حزبەکانیش کەم دەکەینەوە، مووچەش بۆ ژنانی ماڵەوە دەبڕینەوە بۆ ئەوەی دەرفەتێک لەبەردەم ژناندا نەمێنی بۆ کارکردن لە ماڵ بێنە دەرەوە، ڕێگەش لەوە دەگرین چیتر بەزۆر پارە بەسەر ماڵاندا دابەش بکرێ، ئەوەیان هیچ نییە ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت، چونکە ماوەیەکە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وشە ئەو شتانەیان بەسەردا تێدەپەڕێ، وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا لە لاپەڕەیەک و بە ناونیشانی ئەوەی لیستی کوردستانی لە هەولێر پارە بەسەر ماڵاندا دابەشدەکات بڵاوکردبۆوە .



سمکۆ عەبدولکەریم

بە خوای سەیرە، ئەوەیە گۆڕان، مام ڕۆستەم و شاهۆ سەعید لە جیاتی سەرۆکەکەیان لە شوێن پێی مام جەلال وتار دەدەن و خۆشبەختی ڕادەگەیێنن .

خۆ ئەگەر هیچیشمان پێنەکرا ئەوە دەکرێ لە بۆنەو کۆبوونەوەکاندا لە جیاتی ئەوەی لە ڕیزی پێشەوە ڕابوەستین لە پاشی پاشەوە ڕادەوەستین و پیشانی خەڵکی دەدەین، کە ئێمە گۆڕان لێرەوە دەست پێدەکەین، سەرۆکی لیستەکەشمان هێندە پیاوێکی سادەو ساکارە تەماشا مەکەن وەک کاندیدێک بۆ پەرلەمان ناوی لەسەرەوەی لیستەکەی گۆڕان داناوە، ئەو تەنیا بۆ ئەوە خۆی خستۆتە لیستەکە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان دەنگ بەو لیستە بدەن، ئەگەرنا ئەو زۆر لەوە گەورەترە خۆی بۆ ئەندامی پەرلەمان کاندید بکات .

گوێم لێبوو سکرتێری حزبێکی چەند نەفەری دەیگۆت قابیلە چییە جیاوازی نێوان من و مام جەلال چییە، من سکرتێری حزبم و ئەویش سکرتێری حزبە.

لە کابرایان پرسی باوکت چ ئیشەکی دەکات، گۆتی خاڵم وەزیرە، گۆتیان وتەبێژی لیستی گۆڕان پاڵپشت بە فرمانێکی نهێنی ئەنجومەنی وەزیران بەدەر لە ڕێنماییەکان لە خوێندنی باڵا وەرگیراوە، کەچی لە وەڵامی ئەوەدا لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێ بە پلەی یەکەم ماستەرو دکتۆراکەم تەواو کرد.

### تارا عەبدولڕزاق کاندیدی لیستی کوردستانی:

# ئێمە هەرگیز چاکەی کاک کۆسرەت لەبیر ناکەین



تارای پێشمەرگە



دکتۆرە تارا عەبدولڕەزاق

سازدانی: باوکی بنار

*** کورتەیەک لە ژیاننامەی تارا عەبدولڕەزاق؟**

– تارا عەبدولڕەزاق محەمەد "کچی شەهیدی سەرکردە عەبدولڕەزاق"ە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندییان کردووە بە خەباتی شاخ "باوکی بوو بە پێشمەرگە" لە ساڵی ١٩٨٨ لە دوای کیمیاباران و ئە نفال کۆچیان کرد بۆ ئێران بەرەو غەریبی و ئاوارە بوون، تاوەکو ڕاپەرینی گەلی کوردستان ساڵی ١٩٩١، کە تا ئەوکاتەی باوکی شەهید بوو لە کەرکووک ئینجا گەڕانەوە شاری هەولێری دێرین.

لە قۆناغی ناوەندی پەیوەندی بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کردووەو لە ساڵی ٢٠٠٧ زانکۆی تەواو کردووە"زانکۆی پزیشکی ددان" لە زانکۆی هەولێری پزیشکی بۆ ماوەی ساڵێک خولی مەشقی تەواوکردوەو ئێستا لە وەزارەتی تەندروستی لە نوسینگەی دکتۆر زریان عوسمان وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

ئەندامی دەستەی باڵای سەندیکای پزیشکانی ددان و کۆمەڵەی بوژانەوەی ژنان لە شاری هەولێر. کاندیدی لیستی کوردستانییە.

*** بەچ مەبەستێک خۆت کاندید کردووە؟**

– بۆ خزمەت کردنی وڵاتەکەم. لە کاتێکدا کە لە گوندی توتمێ بووین زۆرجار لەگەڵ باوکم سەردانی برینداره‌کانمان دەکرد، کەمی دکتۆر کیشە بوو، کە چەند دکتۆرێک هەبوون ژمارەیان هێکجار کەم بوو، باوکم هانی دەدام، کە بخوێنم و ببم بە دکتۆر و خزمەتی پێشمەرگە بکەم، بەڵێنی باوکم هێنابیە جێ، چونکە باوکم پیاوێکی ڕۆح پاک و مرۆڤێکی گیانفیدابوو و ورەبەرزی و خزمەتی خەڵکی زۆر لامەبەست بوو، ئەوەتا من بووم بە دکتۆر، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە بارو دۆخەکە گۆڕاو و ئەو خزمەتەی کە دەیکەم حەزدەکەم فراوانتر بێت و زۆرینەی خەڵک و چین و توێژەکان بگرێتەوە، بواری تەندروستی، کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان گەنجان و ژنان، کە ئەمیش هەر لە ڕێگای پەرلەمانەوە دەبێت، بۆ ئەو مەبەستە خۆم کاندید کرد تا وەسیەتی باوکم بەجێ بێنم.

*** دەتانەوێ لە پەرلەمان چی بۆ خەڵکی کوردستان بکەن؟**

– دەمانەوێ لە پەرلەمان داکۆکی بکەین لەسەر داواکاری خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ئەو چینانەی، کە خۆمی تێدا دەبینمەوە، پردێک بین لەگەیاندنی داخوازییەکانی خەڵکی بۆ دەسەڵات و حکومەت هەوڵیش بدەین جێبەجێ بکرێت، چاودێربین لەسەر حکومەت بەداواداچوون هەبێت لەکارەکاندا هەموو شتێک بە شەفافیەت باسی لێوە بکرێت، لە پەرلەمان کار بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی و ئەو یاسایانە دەکەین، کە لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان ناگونجی و بیگۆڕین. هەرچی لە دەستمان بێت لە چوارچێوەی یاسا بۆ هەژارنشینەکان و شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەنجامی دەدەین. تەنیا ڕێگا کەبتوانم خزمەت بە گەل و نیشتیمان بکەم پەرلەمانە، بۆیە بە ڵێن و پەیمان دەدەم ڕێگای کوردایەتی و خۆشەویستی خاک و نیشتیمان و نەتەوە بە هەمان ڕێبازی باوکم بەردەوام بم، بۆیە خۆم کاندید کردووە بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بکەم.

*** بەرنامەی کارت لە پەرلەمانی داهاتوو چییە؟**

– لیستی کوردستانی بەرنامەیەکی تێرو تەسەلی داڕێشتووە هەموو بوارەکان دەگرێتەوە ئێمە زۆر باسمان کردووە و بەڵێنیمان داوە جێبەجێ بکرێت، ئەولەویاتی کارمان جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە، بەڵام چەندین بەرنامەی ترهەیە کە من خۆم پزیشکی ددانم بەتایبەتی بۆ منداڵان کە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگان، کە بناغەی وڵاتەکەمانن دەبێ بە شێوەیەکی تەندروستی پەروەردە بکرێن و شەهیدان و ئەنفالکراوەکان گەنجان و ژنان کە هیوادارم کاریان لەسەر بکەین.

*** ئەگەر کچی "شەهید عەبدولڕزاق نە بوایت" کاندید دەکرایت؟**

– ئەم پرسیارە زۆر دەکرێت، من شانازی بەوە دەکەم کەکچە شەهیدم، بەڵام هەر لە سەرەتایی ژیانمەوە ئێمە لەگەڵ باوکم تێکەڵی کوردایەتی بووین لە کاری ڕێکخستن لە دواییدا پێشمەرگایەتی و ئاوارەی ئێران و بەم تەمەنەی، کە هەمە هەر خۆبەخشانە کارم کردووە هەرچۆن باوکیشم حەزی بە پلەو پایە نەکرد، کە لێم دەپرسی باوە تۆ چیت ئەی وت من پێشمەرگەم، بۆیە منیش پێشمەرگەم، ئەگەر ئەو پێوانەی، کە بۆ کاندید دانرابوون بە تایبەتی ئەم جارەی پەرلەمان لە من دا نەبوایە ئەوا وەکو چەندین کەسی دیکە منیش دانەدەمەزرام، بەڵام خۆشبەختانەو سەربڵندانە کاندیدکرام، سەربەرزییە بۆ من کە کچە شەهیدم و گەیشتوومەتە ئەو ئاستەی. بۆیە بە هەقی خۆم و بنەماڵەکەمی دەزانم...

*** دەتەوێ چ بە هاوڕێیانی باوکت بڵێی؟**

– من لێرەوە دەمەوێ سوپاسی ئەو برادەرانەی باوکم بکەم کە چۆن پێشتر وەک برا بوون لەگەڵ باوکمدا لە دوای شەهیدبوونیش مامی ئێمە بوون، کە بەڕێز کاک کۆسرەت یەکێک لەوانە لە هەموو قوناغەکانی ژیانماندا لەگەڵ ئێمە بوون هەمیشە هاندەرێک بووە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئاستەی ئێستا، بەڵام بەداخەوە ئەوانە زۆر نین، بۆیە هیوادارم ئەم شێوازەی پروپاگەندەی ئەمجارە نوێبوونەوەی تێدایە بەر دەوام بێت، ئێمە نابێت ئەو کەسانەی لە ڕۆژە سەختەکانی ژیانی هاوڕێمان بوون لە بیریان بکەین خەڵکی ئێستا لەکەم و کورتییەکان تووڕەنییە، بە ڵکو لە دوورکەوتنەوەی دەسەڵات و خەڵک تووڕەیە ئەگەر پەیوەندییەکان بەتین تر بوونایە ئەم شتانە ڕوی نەدەدا بۆیە ئێمەش دەبێ نوێبوونەوە لە پەیوەندییەکانماندا هەبێت بەردەوام پتەوتر بێت.

بۆیە لێرەدا لە مینبەری"بەدرخان" دەخوازم بڵێم و شانازم، کە کچی شەهید عەبدولڕەزاقم و باوکم وجاغ کوێر نەبووە، هاوکاری و یارمەتی هەڵمەتی برام و هاوڕێیانی باوکم، بە تایبەتی مامی گەورەم کاک کۆسرەت دەبێ لە ئاست ئەو لێپرسراوییێتییەدا بم و هەردەم لە خزمەتی هاووڵاتیان دابم و سوپاس بۆ ئێوەش .



تارای منداڵ لەتەک باوکی شەهیدو دایک و خوشک و براکانیدا لە شاخ

# هەیاسە ... لە بەدرخان چ باسە؟!

ئا: حەسۆ

* بەدرخان زانیویەتی لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پاش تەواوبوونی هەڵبژاردن، پێشانگای فۆتۆگرافی بۆ ئەو وێنە دانسقانە دەکاتەوە، کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن گیراون.

* برادەرێکی ڕۆژنامەنووس خۆی حازر کردووە ببێ بەسەرنووسەری هەفتەنامەی بارزان، دەڵێن دەستێک جلی جوانیشی کڕیبوو، بەڵام بەقودرەتی قادر وەکو نورەدین زەنگی ئەو فوجئەتەن مرد و ئەویش موفاجەئەن داخرا.

* لە گەڕان و سۆراخی ئایا تەنیا خەڵکی هەولێر مێژووی لە دایکبوونیان"٧/١"ە بە دیارکەوت جگە لە عێراق و کوردستان زۆربەی وڵاتانی خەلیج و ئەو وڵاتانەی خوێندەواریان نییە هەر"٧/١"ە.

* پاش وەرگرتنی"٤" دەفتەر دۆلار لەلایەن برادەرێکی ئیسلامی دەنگی نارەزایی بەرز بۆتەوە و هونەرمەندێکی زۆری زویر کردووە.

* پاش ئەوەی هونەرمەندی میللی"فاخیر هەریری" سەرۆکی لیستی دەستوور سروودی بۆ لیستی کوردستانی و مەسعود بارزانی وت لە نێو خەڵکاندا وا بڵاوبۆوە، چۆن دەبێ یەکێک خۆی کاندید بکات و لە دژی ئەوی دیکە گۆرانی بۆ بڵێ. برادەرێک گوتی ئاساییە، لای هەریری لێرە وەکو ئەمریکا وایە، دەیزانی هەڵبژێردراوی."جەواد پولانی" وەزیری ناوەوەی عێراق نییە.

* لە شاری هەولێر، لەکاتی خۆڵبارینەکە، برادەرێکی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ خاوەن تاکسییەک دەبێتە مشتومڕیان، ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ: کاکی سایەق، ئەو خۆڵبارانە چییە؟! ئەویش دەڵێ: ئەوە نیعمەتە. لەپاشان هەمان سایەق تاکسی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکە سەردەکەوێ، ئەمجارەیان بوومەلەرزەیەکی سووک لە شاری هەولێر دەدا، دیسان ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ: ئەرێ ئەمشەو بوومەلەرزە بوو، ئەمەیان چییە؟ دیسان سایەقەکە دەڵێ: ئەوەشیان هەر ڕەحمەتە. بە ڕاستی سەیرە، لە نێوان نیعمەت و ڕەحمەت کوجا مەرحەبا!!!

* پاش ئەوەی چەندین شۆڕشگێڕو ناشۆڕشگێڕ فێرە لیست لیستێن بوون، هەر وەکو سەردەمانی زووی لێهاتووە، کاتێ پێشمەرگەیەک تەسلیم دەبووەوە ئەگەر هەزار کەسیش بان، پێیاندەگوتن: ئێوە لە پێشمەرگایەتی چی بوون؟ هەموویان دەیانگوت: تەباخ. ئەمڕۆش ئەوانەی سەنگەر دەگۆڕن و لیست دەگۆڕن لای ئاغاکانیان دەڵێن ئێمە مەغدوورین عەیار بیست و چوارو داوای ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی پێشان دەکەین.

* پیرەژنێک دەیگۆت: وەڵڵاهی مونافەسە شتەکی باشە، ئەوە نییە لە ترسی لیستی شین، لیستی زەردو سەوز ٢٤ سەعات کاردەکەن و شەوو ڕۆژ خواردن و خواردنەوەیان لەخۆیان حەرام کردووە، وەڵڵا ئەمە دۆمەقرەتەیە.

## رای پێشوەخت

دوای چەند ڕۆژێکی دیکە، پرۆسەی دەنگدان بۆ پەرلەمانی کوردستان لە هەر سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت. پێشبینیش دەکرێ، ئارامترین و بێ گرفتترین ڕۆژ بێت لە مێژووی هەڵبژاردنی کوردستاندا. هەرچەندە هەندێک بۆچوون پێیانوایە کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هێشتا هۆشیاری و ئاگاییان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەم ڕۆژە بە کاتێکی ئاسایی وەربگرن و ڕەوشەکە بە بێ کێشە تێپەڕێنین، بەڵام بە پێی زۆرێک نموونەی زیندوو کە نیشانی داوە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی هۆشیارە و حەز بە ژیانی دیموکراسیانە و مەدەنی و خۆشگوزەرانی دەکات. لەو سۆنگەیەوە دەتوانم گرێنتی ئەوە بدەمە هاوڵاتیان کە پرسی هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی تەندروست و بێ ئاریشە تێپەردەبێت و هیچ پەرچەکردارێکی نا ئاساییش ڕوونادات. دیارە ئەو جۆرە خۆ ئامادەکردنە و تێگەیشتنە لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو بەشێکی زۆری ئەو ئاگایی و هۆشیارییەی خەڵک بۆ سیستەمی دەسەڵات و ئیدارە و دام و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی تێکەڵبوونی کۆمەڵگا بە دنیای دەرەوە. بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی فرۆکەخانە و کردنەوەی چەندان پێشانگای جیا جیا و کۆڕ و کۆبوونەوە و تێکەڵبوون بە کلتووری بیانی و ناوچەکە توانیویەتی وا لە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا بکات بەرەو پێشەوە بچێت و دنیا بە یەک ڕەنگ زیاتر سەیر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تاک و کۆی خەڵک ئامادەیی ئەوەیان هەیە لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانە گەورەکانی جیهان بن و بڕواشیان وایە یەکێک لە ئامرازەکانی گەیشتن بە دنیای کراوە و دیموکراسی و مەدەنی پرۆسەی دەنگدانە، چونکە لە ڕێگای ئەو پرۆسەیەوە دەتواندرێت دەرگا بەرووی ژیانی تازە و کوالیتی نوێی ژیان بکەیتەوە.



دڵزارحەسەن

هەڵبەتە ئەمەش هەر ئەوەها بە ئاسانی نەهاتۆتە دی، بەڵکو بەشێکی زۆری ئەو دەستەکەوت و ئاکامەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ دانیشتوانی هەرێم و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری حکومەت بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێم و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان. لێرەوە لەوە دەگەین کە دەنگدەری ئێمە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەئاگایانە دەنگدەدات و دەشزانێت دەنگ بەکێ و چی دەدات، بۆیە هەڵبژاردنی ئەمجارە جیایە لەگەڵ ئەمانی دیکە، چونکە دەنگدەر بە ئاگایەو لەم ڕۆژەدا ئەو لیستە هەڵدەبژێرێت کە چەند ساڵێکە خزمەتی کردووە و ڕەوشی ژیانی ئابووری و شارستانی و مەدەنی ئەوی گۆڕیوە. بێگومان هەرچەندە هەیە دەیەوێت لە ڕێگەی بە گەمژە سەیرکردنی کۆمەڵگا و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بیانەوێت سۆز و سەرنجی خەڵک بەلای لیستەکەیان ڕابکێشن و وایان پێناسەدەکەن کە ئەمان تێناگەن و نازانن چاکە و خراپەی خۆیان لێکجیابکەنەوە، بۆیە دەیانەوێت بەو کەم سەیرکردنەی خەڵک ئەو باڵی نەچوونی هاوڵاتیان بۆ سندوقەکانی دەنگدان بخەنە ئەستۆی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەوە، بەس دەبێت خەڵک وریا بێت و بەم قسە و ناوزڕاندنانە هەڵنەخەڵەتێت و زۆر بە ئاگایی و هۆشیارییەوە بچێتە هەڵبژاردن و دەنگ بەو لیستە بدات کە هەمیشە تاکەکانی کۆمەڵگا بە کارەکتەرێکی ئەکتیڤ و باش سەیری دەکات. دیارە دەنگدەری هۆشیار لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا مانایەکی گەورە بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەدات کە ئەمجارە وەک جارانی پێشوو بە ئەتەکێت و سەلیقەیەکی ئینسانی و نیشتیمانی و کوردستانیەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچێت، جگە لەمەش دەنگدەر باش لەوە دەگات دەنگی ئەو وەرچەرخانی گەورە لە هەرێمی کوردستان دێنێتە ئاراوە و کەسانی باش و نیشتیمان پەروەر و مرۆڤ دۆست دەخاتە نێو باڵەخانەی پەرلەمانەوە. ئەم جۆرە هەستەش خۆ لە خوت و خۆڕاییەوە نەهاتووە، بەڵکو ئەو دەنگدەرە نەوەی ئەم هەرێمەیە و دەزانێت کام لیست دەتوانێت خاک و حکومەت و سەروەرییەکانی بپارێزێت، بۆیە ڕێگە بە خۆی نادات کەس پێی بڵێت گەمژە و بێ کەلک. هەر ئەوەش وایلێدەکات لە ڕۆژی دەنگداندا هۆشیارییانە دەنگ بدات.

# عەبدوڵڵا پشدەری: بەکاک ئیدریسم وت چۆن پەیوەندی بەباڵیۆزخانەی عێراقەوە بکەم



عەبدوڵڵا پشدەری

منیش چەند ڕۆژ پێوەی خەریکبووم پاشان بە "کاک ئیدریس" م وت، کە باشتر ئەوەیە خۆت برۆیتە لای"مەهدی بازرگانی سەرۆک وەزیر" و ئیشەکەی پێ جێبەجێبکەیت، وتی من حەزناکەم خۆم موداخەلە بکەم، باشتر ئەوەیە کە هەر خۆت بچیتە لای سەرۆک وەزیر یا وەزیری ناوخۆ، ئیتر ئەوە بوو کە ڕۆیشتمە لای وەزیری ناوخۆ، کە ناوی"حاجی هەمزە"بوو، پیاوێکی زۆر هێمن و مرۆڤ دۆست بوو و لە هەمانکاتدا هیچ سەری لە ئیش و کاری ئیداری و"ڕۆتیناتی" وەزارەتەکەی خۆی دەرنەدەچوو ئینجا هەر چۆنێک بوو وەزیرم ڕازی کرد، بەڵام وتی دەبێ بڕۆی و خۆشت"تەفاهوم" لە گەڵ قائیمقامی"کەرەج" دا بکەی، ئەوکاتەش قائیمقام ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەتی ناوخۆوە بوو، نەک بە"پارێزگار" وەکو هەموو شارەکانی تر ئینجا منیش پێم وت جەنابی وەزیر ئەگەر من بتوانم تەفاهوم لەگەڵ قائیمقام بکەم بۆچی بۆ ئەو داوایە بێمە خزمەتتان؟ ئەویش وتی: باشە من وادەکەم کەوا"وەکیل وەزیر" ئێستا بە تەلەفون بۆ ئەو مەبەستە قسە لەگەڵ قائیمقام بکات، خۆشت سەری لێبدە بەهەرحاڵ گەڕامەوە لای کاک ئیدریس، وتم وا دەڕۆم بۆ لای قائیمقام، بەڵام حەز دەکەم کەوا بەتەنیا نەچم، چەند برادەرێکی تریشم لەگەڵدابن باشە، چونکە من شارەزای ئەو قائیمقامە بووم، کە زۆر مرۆڤێکی هیچ و پووچە، خۆی بە خزمی" ئایەتوڵڵا" دەزانێت، کە ئەویش دژی ئێمەیە، ئینجا کاک ئیدریس ڕایەکەی منی پەسندکرد و کاک عەبدولوەهاب ئەتروشی و کاک ڕەشید سندی و کاک فازل سۆرانی لەگەڵدا ناردم، ڕۆیشتمە لای قائیمقام ئەو منی دەناسی، بەڵام ئەوانی تری نەدەناسی، وتم من لەلایەن جەنابی وەزیرەوە هاتووم و ئەو خۆشی بەهۆی"وەکیلوەزیرەوە"ئاگاداری جەنابتی کردووە دەربارەی موچەکانی ئێمە، کەوا کەم نەکرێتەوە و لەگەڵ یەکتردا تەفاهم بکەین، ئەویش وتی من ئەو"چەکانەی بانک" مۆرناکەم ئەگەر هەزار جاریش وەزیر خۆی داوام لێ بکات، ئەوە بوو کە ئێمە پەناهەندەی کوردی دانیشتوانی کەرەج دەبووایە هەموو مانگ"چەکەکانی بانکی میللی" کەوا لەلایەن قائیمقامەوە موافەقەتیان لەسەر کرابایە، لەزەمانی ڕژێمی"شا" ش هەروابووو، ئینجا من هەر بەخۆشی و مجامەلە قسەم لەگەڵیدا دەکرد، هەڤاڵەکانم هیچ کامیان فارسیان نەدەزانی قسە بکەن، پێم وت ئێمەش وەکو ئێوە خەباتمان کردووە، سەرۆکی ئێمە مەلا مستەفای بارزانی کاتی خۆی دژی ڕژێمی"شا" ی ئێران شەڕی کردووە، ئەویش لەوەڵامدا قسەیەکی زۆر ناشیرینی بە سەرۆک بارزانی وت و قسەکەش ئەوە بوو وتی"مەلا مستەفا" نۆکەری"شا"ی ئێران بوو، کاتێ ئەوەی وت من هیچ خۆم پێ نەگیرا، بەدەنگێکی زۆر تووڕەییەوە وتم: دیارە تۆ زۆر بێ ئەدەبی، لەداب و نەریتی"مۆئەدبانەی"خەڵکی ئێران هیچ شتێک فێرنەبووی، لەوانەیە کە هەر ئێرانی نەبیت، بەدرۆ خۆت بەئێرانی، یەک"مستەکۆڵەی" زۆر توونیشم بە مێزەکەی پێش خۆماندا کێشا وتم ئەگەر ئێمە خۆمان بە مرۆڤ بزانین هەرگیز ئامادە نابین، کەوا پارەی موچە لە ڕێگای تۆوە وەربگرین، هەر یەکسەر بەبێ خوا حافیزی و شت هاتینە دەرەوە و بە ئانقەست دەرگاکەشمان زۆر بە توندی پێوەدا، لە پێش دەرگای دایرەکەش پاسداری چەکدار زۆر وەستابوون، هیچ دڵنیاش نەبووین لەوەی کە نامانگرن"توقیف"مان ناکەن، چونکە بەڕاستی زۆر توندیمان بەکار هێنا ئیتر هاتینەوە لای کاک ئیدریس، قسەکەمان بۆی باسکرد، ئەویش وتی دیارە ئیشەکەتان هەر بەیەکجاری خراپ کرووە؟ منیش وتم: کاک ئیدریس تۆ ڕازی دەبی ئەگەر هاتوو یەکێک قسەی خراپی بەرامبەر باوکت بکات؟ ئێمەش هەر وەکو تۆ مەلا مستەفا بە باوکی خۆمان دەزانین، بەهەرحاڵ کاک ئیدریس وتی پێم باشە، کە بەیانی سەر لەوەزیر بدەیت، عەریزەیەکی شکایەتیش بنووسە بۆ سەرۆک وەزیر و وێنەشی لێ بدە بە ئاغای"خومەینی" ئینجا ئەوە بوو شکایەتەکەمان جێگای خۆی نەک بە تەواوی گرت، بەڵام هەر باش بوو قائیمقامەکەیان بەبێ دادگایی کردن گوازتەوە و قائیمقامی تازەیان نارد بۆ کەرەج و ئێمەش موچەکەمان وەرگرت، ئەو چیرۆکەش دیسانەوە کەوا درێژم کردەوە هەر بەو مەبەستەیە کەوا خوێنەرانی بەڕێز تێی بگەن لەوەی پەناهەندەی کورد چەند دەردو مەینەتی چەشتووە لە خاکی ئێراندا.

پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵ سەفارەتی عێراقدا بە فەرمانی کاک ئیدریس پاش ئەوەی کەوا لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٧٩ دا محەمەد ئەمین بەگ بە نەخۆشی شێرپەنچە لە لەندەن کۆچی دوایی کرد، ماڵ منداڵەکەشی لە کەرەج نیشتەجێ بوون، داوای گەڕانەوەیان کرد بۆ بەغداد، چونکە تەرمەکەی ناوبراویش هەر لە لەندەنەوە بۆ بەغدایان بردووە تاکو لە سلێمانی بە خاک بسپێردرێت ئینجا بە حوکمی خزمایەتی محەمەد ئەمین بەگ لەگەڵ مندا ئەوە بوو چوومە لای کاک ئیدریس، کە بەڵکو هیچ نەبێت پارەی کرێی سەفەری فرۆکەیان بۆ خەرج بکات، چونکە خێزانەکەی ڕازی نەبوو کەوا بە ترۆمبێل بگەڕێتەوە بەغداد، ئەویش وتی باشە کەوا خۆت لە ڕێگای سەفارەتی عێراقەوە کارێکی وا بکە، کە هەر ئەوان ڕەوانەیان بکەنەوە، ئەو پارەیەی کەوا لە کرێی"فرۆکە" خەرجی دەکەین هەر بیدەینە خۆیان واتە ماڵ و منداڵی محەمەد ئەمین بەگ، منیش وتم یا کاک ئیدریس من چۆن دەتوانم هەروا بە ئاسانی پەیوەندی بکەم بە باڵیۆزخانەی عێراقەوە، ئەویش وتی: هەوڵبدە لە تەلەفۆنی گشتیدا ژمارەی باڵیۆزخانە بدۆزییەوە، پەیوەندی تەلەفۆنیان پێوە بکە، بزانین ئەنجامی چی دەبێت، منیش وتم: ئەو ئیشە لە ڕاستیدا زۆر مەترسیدارە، بۆ من، چونکە ئەگەر کاربەدەستانی خومەینی بزانن کەوا من پەیوەندی دەکەم بە باڵیۆزخانەی عێراقەوە چۆن ڕازی دەبن؟ لەوانەیە بشم خەنە ناو"لیستی ڕەشەوە" ئیتر پاش هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی"سلبی و ئیجابی" بڕیارماندا، کەوا ڕوخسەتی پەیوەندی کردنەکەم لەسەرۆکی پەناهەندان وەربگرم، کە هەر خۆشی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو، بەهەرحاڵاً من زۆر هەوڵم دا و لەلایەن وەزارتی ناوخۆ ڕوخسەتی پەیوەندی کردنم وەرگرت، هەر لە لای خۆشیانەوە تەلەفونم کرد بۆ"باڵیۆزخانە"ی عێراقی هەریەکسەر"قایم باعمال"، کە ناوی"تۆفیق ئەلجبوری" بوو قسەی لەگەڵدا کردم، لەوکاتەدا"باڵیۆز" گۆڕابوو، باڵیۆزی تازەش"ئەحمەد حوسێن ئەلسامەرایی" نەهاتبوو بۆ تاران و هەر"تۆفیق ئەلجبوری" لێپرسراوی هەموو ئیشوکارەکانی"باڵیۆزخانە" بوو، ئینجا من بە تەلەفۆن خۆم بە"تۆفیق" ناساند، ئەویش زۆر بەگەرمی چاک و چۆنی لەگەڵدا کردم و وتی: من دوور بە دوور جەنابت باش دەناسم و ئاگاداریشم کەوا تۆ لە"کۆمیتەی پەناهەندان" ئیش دەکەی، منیش وتم ئێستاش هەروا لەوێوە تەلەفونت بۆ دەکەم، وتی فەرموو من ئامادەم لە خزمەتتان بۆ هەموو ئیشێک، منیش داوایەکەی خۆمم بۆ باسکرد، ئەویش زۆر بە گەرمییەوە وتی بەسەر چاو هەرچەندی گەرەکتانە"بلیت" تا بۆتانی بنێرم، ئەگەر خۆشت تەشریف دەهێنی بۆ وەرگرتنی"بلیتەکان" زۆر خۆشحاڵ دەبم، منیش سوپاسم کرد، وتم: ببوورە خۆم ناتوانم بێمە لاتان، من بەیانی یەکێک دەنێرمە خزمەتتان و"پێنج" بلیتمان بۆ بنێرە، ئەوەبوو هەرچەند کەوا ئەوکاتە پەیوەندی"دبلۆماسی" لەنێوانی حکومەتی عێراق و ئێراندا هەرمابوو، بەڵام زۆر بە گرژی و ساردییەوە لەگەڵ یەکتر دەجوڵانەوە، بە دوژمنایەتییەوە سەیری یەک و دوویان دەکرد، ئینجا هاتمەوە لای کاک ئیدریس و داوام لێکرد، کەوا ئەو لە شۆفێرەکانی خۆی یەکێک بنێرێت بۆ باڵیۆزخانە، تاکو بلیتەکان وەربگرێت، ئەویش وتی: زۆر باشە و فەرمانیدا بە"شوفێرەکانی" خۆی"غەریب ئاکرەیی" و ئەو ڕۆیشتوو"بلیت"ەکانی هێنان و لەگەڵ"خێزان"ەکەی محەمەد ئەمین بەگدا خۆم ڕۆیشتمە"فرۆکەخانە" و ڕەوانەی بەغدام کردنەوە، کاک ئیدریسیش باش بوو، کەوا بەپێی توانا خۆی هەندێ پارەی بۆ خەرج کردن، کاک ئیدریس خۆی پارەی دانراوی تایبەتی نەبوو، ئیتر پاش چەند ڕۆژێک دیسانەوە"نەجیبە خانم" خوشکی مەسعود محەمەد کە ژن خوشکی کاک عەلی عەبدوڵڵا و لە کەرەج نیشتەجێی بوو داوای پارەی"کرێی فرۆکە"ی هەبوو و دەیویست، کەوا بگەڕێتەوە لای برای خۆی، ئینجا کاک ئیدریس دیسان ناچاری کردم کەوا داوای"بلیتی فرۆکە" لە باڵیۆزخانەی عێراق بکەم، و ئەوە بوو کەوا ئەویشمان هەر بەهەمان شێوە ڕەوانە کردەوە، بەڵام ئەوجارەیان کەوا داوای"بلیت" م کرد لە"تۆفیق ئەلجبوری" پێی وتم کە حەزدەکەم چاومان بەیەکتر بکەوێت، ئەوەش بەمەبەستی خێری گشتی"مصلحە العامە" منیش نەمتوانی هەر بەهەمان کات بەڵێنی پێ بدەم بۆ چاو پێکەوتن، پێم وت خۆم ئاگادارت دەکەمەوە، ئەوە بوو هاتمەوە لای کاک ئیدریس تاکو بزانی ڕای ئەو چییە، ئەویش زۆر پێی خۆش، بوو وتی ئینشاڵڵا خێری تێدایە بۆ هەمووومان، هەرچی زووتر سەردانی بکە، منیش وتم ناتوانم کەوا خۆم بڕۆمە"باڵیۆزخانە" چونکە هەمیشە لە ژێر چاودێری دایە، باشتر ئەوەیە کە لە"ڕێستورانت" شوێنی ناسراو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەم، ئینجا هاتینە سەر ئەوەی، کە ئەگەر"تاریق ئەلجبوری" لەلایەن حکومەتەوە ڕاسپێردرابێت بۆ هەندێ قسەکردن دەربارەی گەڕاندنەوەی پەناهەندە، ئێمە چی وەڵام بدەینەوە، جۆری داواکانمان چی بێت باشە؟ کاک ئیدریس ڕای خۆی وابوو، کەوا ئێمە واتە سەرکردایەتی شۆڕش داوایەکانی ئەوجارەی خۆی زۆر گران نەکات و تەنیا ئەوچەند داوایەی خوارەوە بەسە، کەوا بیخەینە بەرچاویان.

١- ئەو حوکم زاتییە کەوا ئێستە لە هەولێری پایتەختدا بەڕێوەدەبرێت، بیخەنە ژێر دەستی ئێمە.

٢- ڕوخسەتی پارتی"ئیجازەی حزب" مان بدەنێ، کەوا بە ئاشکرا چالاکی سیاسی خۆمان بخەینەوە گەڕ، وەکو حزبێکی هاوپەیمان لەگەڵ حزبی بەعسدا.

٣- گەڕاندنەوەی هەموو دێهاتەکانی کۆچ پێکراو"مرحلین" بۆ سەر جێگاو ڕێگای باب و باپیرانی خۆیان.

پێکهاتنەوەی"تشکیل" ئەو ١٢ فەوجە حەرەس حدودەی، کەوا لە ڕێگای ڕێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دا کرابوو بە بڕیار ئینجا بەو شێوەیە قسەکانمان لەگەڵ کاک ئیدریس ڕێکخست و داواشی لێکردم دەبێ ئەو قسانەمان زۆر زۆر نهێنی بن، نابێت هیچ کەسێک لە برادەرانمان هەستی پێ بکەن، منیش بەڵێنم دا، کە لای هیچ کەس باسی ناکەم، خۆشی هەروا.

بەشی نۆزدەهەم

# عەلی حەسەن مستەفا: بەقەد باری هێسترێک قامیشمان لەشێخ ئەحمەد بارکرد



عەلی حەسەن مستەفا

لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو دادگایانە دەخەمەوە بیر.

کێشەی یەکەم:- ئەحمەد شێخ عەلی خەڵکی گوندی ماستاوە بوو لە هەولێر دادەنیشت پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، (شێخ ڕەحمان)ی برای داوای بەشەماڵی لێ کرد، (شێخ ئەحمەد)کوڕی بچووکی بوو، باوکی لای ئەو کۆچی دوایی کرد، سکاڵاکەیان پێشکەشی ئێمە کرد، ئێمەش لەلێژنە وامان بەباش زانی بۆ چەند ڕۆژێک سکاڵاکەیان دوا بخەین، تاکو هەردوو برا گەواهی خۆیان بهێنن، لەبەرئەوەی(شێخ ئەحمەد)کاتی خۆی لە گوندی (خەرابەدراو)جێنیش بوو پاش ئەوە هاتبوونە هەولێر، بەڵام نازانم باوکیان لەشار یا لە دێ کۆچی دوایی کردبوو، کە گەواهی دەرەکان هاتن لە ڕۆژی دیاریکراو دووبارە دادگا کردنەکە دەستی پێ کردەوە، (شێخ ڕەحمان و شێخ ئەحمەد)هەردووکیان لەگەڵ ئێمە بەشداری دانیشتنی دادگاییەکە بوون، (مەلا خالیدیش)ئیفادەی هەموو گەواهیدەرەکانی وەرگرت لە پاشان شێخ ڕەحمان و شێخ ئەحمەدمان ڕەوانەی دەرەوە کرد لە ئەنجامی گفتوگۆ مەلاکان هەرسێکیان دوای لێکۆڵینەوە بڕیاریاندا کە(شێخ ڕەحمان)بەشەماڵی دەکەوێت لە ماڵی(شێخ ئەحمەد)، شایانی باسە(شێخ ئەحمەد)پەنجا هەزاری لە بانک هەبوو، ئەمە جگەلە ئاشی ئاگر و کارگەی سەهۆڵ، ئەوە بوو مامۆستایان واژۆی کۆتاییان کرد، منیش وەک چاودێر ئیمزام کرد.

دووبارە هەردووکیانمان بانگ کردەوە ژوورەوە مامۆستاکان بە شێخ ئەحمەدیان گوت: کە بەپێی شەرعی ئیسلام و گەواهی گەواهیدەرەکان تۆ بەشە ماڵی شێخ ڕەحمانت لەلایە. شێخ ئەحمەد ڕکابەری کرد و گووتی هیچم لەلا نییەو نایدەمێ.

مەلاکان خواحافیزییان کرد و ڕۆیشتن، بانگی شێخ ئەحمەدم کرد و پێم گوت: پیاوی باش بەو بەشەکەی بدەرێ و لەسەرت بۆتە ماڵ، وتی بشمکوژن نایدەمێ، منیش گوتم ناتکوژین، بەڵام سزای قورست دەدەین، کە زانیم دەرئەنجام سەرپێچی دەکات ڕەوانەی بەندیخانەم کرد و شێخ ڕەحمانیش گەڕایەوە هەولێر.

شێخ ئەحمەد چەند ڕۆژێک لە بەندیخانە مایەوە بەبێ ئەوەی کەس ببینێ، ئەم پیاوە پیاوێکی لامل و کەللەڕەق بوو، ئێمە لەوکاتە بە(قامیشەڵان)کەپرمان بۆ پێشمەرگە دروست دەکرد، بەزیندانیان قامیشمان دەکێشایەوە بەقەد باری هێسترێک قامیشمان لەشێخ ئەحمەد بارکرد، هەربۆئەوەی بێتە ژێر بار، کەچی نەی دەسەلماند، ڕۆژێک لەگەڵ (مەلا عومەری چلەوێزەیی)بە شێخ ئەحمەد پێدەکەنین، مەلاعومەر بە شێخ ئەحمەدی گوت: ئێمە بە تۆ پێدەکەنین تۆ بە کێ پێدەکەنیت؟ گوتی: منیش بەئێوە پێدەکەنم، لەوەوە بۆم دەرکەوت، کە پیاوێکی زۆر ڕووقایم و هەق نەدەرە.

ڕۆژێکیان چەند شێخێکی دەشتی هەولێر بۆ بەردانی شێخ ئەحمەد هاتنە لای (فارس باوە)، کە بەرپرسی سەربازی ناوچەکە بوو، منیش پێشتر ڕووداوەکەم بۆ کاک(فارس)باس کردبوو، کەچی کاک فارس شێخەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ بارەگای دادگا، یەکێک لەشێخەکان بەتیشکی سەوزی کاک فارس هات منی ماچ کرد، منیش گوتم: من شێخ ئەحمەدم نەگرتووە و هیچ داوایەکم لەسەری نییەو کێشەم لەگەڵیدا نییە، بەڵام ئەو پیاوە لەبڕیاری شۆڕش و ئایینی ئیسلامدا یاخییە، من ڕێگرنیم لە ئازاد کردنی، تۆش لێپرسراوی ناوچەکەیت و دەتوانیت ئازادی بکەیت، ئەوەبوو فارس باوە ئازادی کرد و شێخ گەڕایەوە ماڵی خۆی لەهەولێر، پاش دوو سەعات شێخ ڕەحمان هاتە لامان، بەمنی گوت کاک عەلی چیتان کردەوە، منیش گوتم وەڵڵا یاشێخ ئەو پیاوانە هاتبوون چوونە لای فارس باوە، بەریاندا و بردیانەوە، گوتی تۆ زۆر پشتیوانی منت کردووە و سوپاست دەکەم، بەقوربانت دەبم، دەبێ ڕێگایەکم بۆ دابنێی چی بکەم، منیش ئەو بڕیارانەی لە دادگا لەسەر شێخ ئەحمەد دەرچووبوو لەهەریەکێکیان وێنەیەکم دایە دەستی، هەڵی گرت و ڕۆیشت، دوای چوار ڕۆژ بروسکەیەک لە بارەگای بارزانی هات، لەبروسکەکەدا هاتبوو، کە هەرچی ماڵ و حاڵی شێخ ئەحمەد هەیە دەستی بەسەردا بگرن و ئاش و دووکانی دەست بەسەر بکرێ، لەگەڵ پارەی بانکیشی، (کە ئەوکاتە بانک لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوو)، منیش بروسکەکەم بردە لای فارس باوە و بروسکەکەی خوێندەوە، گووتی ئەو پیاوە چیرەی زۆر درێژە و قەد یاخەمان بەرنادات، خەبەری(شێخ ئەحمەد)دراو، ئەو چووە لای(هاشم عەقراوی)، کە ئەوکات بەرپرسی یەکەمی دادگای شۆڕش بوو و بەنووسراوێک داوای لە دادگای ئێمە کرد، کە دەقی کێشەکەیان بۆبنێرین، دوای ماوەیەکی زۆر کێشەکەیان کۆتایی هات بەبێ ئەوەی شێخ ئەحمەد یەک فلس بداتە شێخ ڕەحمان، ئەگەرچی پارەیەکی زۆری لەم لاو لەولا خەرج کرد.

بەشی بیست و سێ

# مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال رایگەیاند داهاتی نەوتی کوردستان بۆ پێکهاتەکانی گەلی عێراقە



**باوکی لۆزان**

رۆژی دووشەممە (٢٠٠٩/٦/١) لە رێو رەسمێکی کەم وێنە و شکۆدار هاوکات لەگەڵ ئاهەنگی تێپەڕبوونی (٣٤) ساڵ بەسەر یادی دامەزراندنی (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ) (نەوتی کوردستان) لە هەردوو کێڵگەی (تەق تەق ) و (تاوک) ێ لە رێگای بۆڕیە نەوتییەکانەوە بۆ بەندەری (جیهان) ی تورکی هەناردەی بازاڕەکانی دەرەوە کرا.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین لە رەوانەکردنی (نەوتی کوردستان) هەموو ئەم گرێبەستانەی، کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییە جیهانییەکان بەسترا بوو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری نەوتی عێراقی فیدرال (شەهرستانی) بە نایاسایی و دژ بەدەستووری دادەنا کەوتە مەیدانی جێبەجێکردن و هەوڵەکانیان پووچەڵکرایەوە.

ناردنە دەرەوەی نەوت لەم بارودۆخە خۆی لە خۆیدا پەیامێکی گرنگە بۆ هەموو ئەو لایەن و کەسانەی کە تا پێش پرۆسەی ئازادی عێراق نەوتی عێراقیان بە نەوتی عەرەب دەزانی و دەیانگوت (نەوتی عەرەب و عەرەبە) کوردیان لەم سامانە سروشتییەی خۆی بێ بەشکردبوو، بەشی کورد لەم سامانە سروشتییە تەنها جینۆسایدو لە ناوبردن و کاولکردنی کوردستان بوو، ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ بە پێچەوانەی دوێنێ هاوسەنگییەکە بەشێوەیەکی دیکە گۆڕا، ئەم سامانە بوو بە خێر و خۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە.

لە لێدوانە مێژووییە کەم وێنەکەی سەرۆکی عێراقی فیدرال بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) لەبەردەم کەناڵ و میدیاکانی جیهان زۆر بوێرانە و دڵسۆزانە پاراستنی یەکیەتی خاکی عێراق و سەروەرییەکەی دووپات کردەوەو دوای کردنەوەی قوفلی هەناردەکردنی نەوت بە هاوکاری بەڕێز سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی) ئاماژەی بەوە کرد، کە نەوتی کوردستان خێرو بێرو داهاتەکەی بۆ هەموو گەلی عێراقە بێ جیاوازی، لێدوانەکانی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی جیاوازییەکی گەورەی هەبوو لەگەڵ لێدوانەکانی عەرەبە شۆڤێنییەکانی پێش پرۆسەی ئازادی عێراق.

ناردنە دەرەوەی (نەوتی کوردستان) دوو ئامانجی گەورەی مێژوویی دەستەبەرکرد، یەکێکیان: ئەم بیرو بۆچوونە نا بەجێیانەی، کە لەلایەن عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە بەرامبەر کورد لێکدانەوەیان بۆ دەکرا پووچەڵکرایەوە، گوایە کورد دەیەوێت جیابێتەوە !!

دووەمیان: جاران خێرو بێرو داهاتی ئەم سامانە سروشتییە پیلانگێری و کاولکردن و هەڵگیرساندنی جەنگی هاڕەری وەک هەڵگیرساندنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و داگیرکردنی کوێت بەکاردەهات . کە بوو بەمایەی نەهامەتی و رووخانی ژێر خانی ئابووری ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە.

تارادەیەک وای لێهاتبوو خەڵکی عێراق بێزاری خۆیان لە هەبوونی ئەمسامانەسروشتییە دەردەبڕی، کە بووەتە مایەی شەڕو گێچەڵ !!!!!

ئەمڕۆ لە سایەی دڵسۆزی میللەتەکەمان لەسەرووی هەموویان بەڕێز (سەرۆکی کۆماری عێراق) توانرا داهاتی ئەم سامانە سروشتییە بەکاربێت، بەو هۆیەوە خزمەتگوزاری لەسەرتاسەری ئەم وڵاتە.

رۆژانە لە هەردوو کێڵگەی نەوتی (تەق تەق) و (تاوک) زیاتر لە (١٠٠) هەزار بەرمیل دەنێردرێتە دەرەوە، لە کۆتایی ئەمساڵ رۆژانە زیاد دەکرێت بۆ (٤٥٠) هەزار بەرمیل، لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٢) بەرهەمی ئەم دوو کێڵگەیە رۆژانە بەپێی زانیاری شارەزایانی نەوت دەگاتە (یەک ملیۆن بەرمیل).

ناردنە دەرەوەی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بۆ هەموو دنیای سەلماند کورد میللەتێکە دەیەوێت بە ئاشتی بژی و ژیانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی دەوێت لە عێراقێکی فیدرالی ئازادی یەکگرتوو. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان پەیڕەوی ئەم ماددە دەستوورییانەی کردووە، کە لە دەستوور چەسپاوە .

پیرۆزبێت ئەم رووداوە مێژووییە لە هەموو گەلی عێراق بە تایبەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کورد .

# کەمال مەزهەر چاپی یەکەمی کتێبی (بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دونیا ناگۆڕمەوە)ی چاپکرد



حەمید بەدرخان کاتێ دیاری پێشکەش بە د. کەمال مەزهەر دەکات، بەغدا ٢٠٠٣

**تایبەت بە بەدرخان**

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ چاپی یەکەمی کتێبی "کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا"ی لە وڵاتی لوبنان چاپکرد، ئەوجارەیان لە دوو بەرگی جیاوازدا چاپی دووەمی "کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا" و چاپی یەکەمی "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە"ی بەچاپگەیاند و لەمڕۆژانە دەکەوێتە نێو کتێبخانەی کوردی.

لەنێو رووناکبیرانی کورد و عەرەب و روس و فارس و تورک و ئینگلیز و میللەتانی دیکە کەس هەیە نووسەر و مێژوونووس و رۆژنامەنووس و دەتوانین بێژین ئینسکلۆپیدیای کوردان "د. کەمال مەزهەر" نەناسێ و کەم و زۆر بە بەرهەمەکانی ئاشنا نەبێ، یا لێکۆڵەر هەیە کاتێ بیەوێ شتێک بنووسێ سەرچاوەی ئەو پیاوە گەورەیە دەکاتە سەرچاوەو لە نووسینەکەی خۆیدا بەکاری دێنێ.

ئەو پیاوە گەورەیە فریشتەیەو خوا ناردوویەتی بۆ کورد، ئەو زانا و دانایە کە ژیانی خۆی بۆ کورد و کوردستان بەخشی ئەو کەڵە پیاوەی، کە بەیانیان نوێژ بۆ کوردان دەکات "خوێندنەوە" بۆ ئەوەی کورد بگات بە مرازی خۆی "دەوڵەت".

نووسین لەسەر نووسینەکان و ژیاننامەی ئەو زۆر زۆرەو لە ژمارەکانی بەدرخان (ژ٩٦) لە ناودارانی کورد بە دوور و درێژی لەسەرمان نووسیوە و لە چاپی یەکەمیش پێش هەر نووسینێک بەدرخان "د. کەمال مەزهەر"ی دواند سەبارەت بە چاپکردنی کتێبەکە.

کاتێ چاپی یەکەمی کتێبی "کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا" لە لوبنان چاپکرا بە تیراژی "٢٥٠٠" دانەو بە نرخی "٢٥" هەزار دینار، زۆرێک لە خوێنەران و مێژوونووسانی تووشی سەرسووڕمان و شۆک بوون، کە لە کتێبخانەکان دەستناکەوێ و تەنیا لای ئەو کەسانە دەست دەکەوێ کە پارەدارن و هەموویان لێکڕییەوە و نەگەیشتە دەست خوێنەران، بەهەرحاڵ لێرەو لەوێ چەندین نووسین و دیداری لەگەڵ ئەنجامدرا، بەدرخان دیسان بە شانازییەوە دیدارێک بە هاوبەشی "PUKMEDIA" بۆ یەکەمینجار بڵاوکرایەوە بە زمانی عەرەبی بۆیە "د. کەمال مەزهەر" لە چاپی یەکەم دەڵێ: "دەمێ ساڵ بوو تامەزرۆی ئەوەبووم بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتەکانی هەندەران و جەنگ و موستەعمەرات و فڕۆکەوانی و هتد و دەزگا فەرمییەکانی بەریتانیا، دەربارەی کورد و کوردستان، بە چاوی خۆم بینیم، بەر لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو ئەوە یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکانم بوو بۆ داواکردنی ساڵێک تەفەروغی زانستی لە ئینگلتەرا، بەڵام لەناو مامۆستایانی تردا، کە دووانیان وەک من کورد بوون، من تاکە کەس بووم وەزارەتی خوێندنی باڵا لە عێراق داواکەی رەت کردمەوە.

هەروەها لە کۆتایی پێشەکییەشیدا دەڵێ: لە کۆتاییشدا جارێکی تر پەنا دەبەمەوە بەر نەقشی بەردێکی باوکی گەورەی مێژوونووسی کوردی شەرەفخانی بەدلیسی و لەزمان ئەوی پایە بڵندەوە منیش دەڵێم: ((لە زانایانی پیاوچاک و دڵپاک و بەوەج دەپاڕێمەوە زۆر بە وردی لە نووسینەکەم وردببنەوەو ئەگەر پەشێوییەکیان بەرچاو کەوت بە شێوەیەکی مەردانە بەراوردی بکەن. خۆ ئەگەر هەڵەو لەبیرچوونێکم لەسەر دەدۆزنەوە هەر بە گاڵتە پێکردن و تیڤز تەشەر لێم نەقۆزنەوە، پیاوەتیم لەگەڵ بکەن و بە پارچەیەکی چاکتر و بزگوڕێکی تازەتر و پاکژبۆم پینە بکەن)).

لەپێشەکی کتێبی "بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دونیا ناگۆڕمەوە"، فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، دەڵێ: منیش ئەوەی دەیڵێم بۆ "مێژوو"ی دەگێڕمەوە، وابزانم هاوینی ساڵی ١٩٨٢بوو، کاتێک کتێبە بەنرخەکەی د. کەمال مەزهەر، کە بەناوی "مێژوو"ـە کەوتە بەردەستی خوێندەواران، هەر لەگەڵ یەکەم ساتی بینینی کتێبەکە زوو زانیم د. کەمال لە چ روانگەیەکەوە ئەو وێنەیەی هەڵبژاردووە کە لەسەر بەرگی کتێبەکە دەبینرێ، بۆیە کاتێک لەسەفەرێکمدا کە هەمیشە بە فەرزم دەزانی لەم سەفەرانەمدا سەردانی برای خۆشەویست خوالێخۆشبووان: (دارا تۆفیق و خەسرۆ تۆفیق و مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و مامۆستا مەسعود محەمەدو هەروەها برای بەڕێزم د. کەمال مەزهەر، کە بەهیوام خوا تەمەنی درێژ بکات)، کە دوای دەرچوونی کتێبەکەی "مێژوو" بۆ بەغدا ئەنجامم دابوو، ئەوەبوو بۆچوونەکەی خۆمم دەربارەی هەڵبژاردنی وێنەی ئاماژە بۆکراو لەسەر بەرگی کتێبەکە بە دکتۆر گوت...

لە شوێنێکی دیکە فەرهاد عەونی دەڵێ: قۆناغی دوای "نسکۆ"ش تاکو رۆژانی ئەمڕۆ هەڵدەگرێ چەندەی لاپەڕەی بیرەوەری بەتام و چێژ، چ لە بەغداو چ لە کوردستان بنووسمەوە، بەڵام لەبەر رێنمایی کاکە "عەبدوڵڵا زەنگەنە" کە رێگام نادات لە دوولاپەڕەی ئەم کتێبە زیاتری بۆ بنووسم...

لە کۆتاییدا دەڵێ: کەمال مەزهەر توانی شیعرێکی باوکی خوالێخۆشبوو بدۆزێتەوە کە لە ژمارە (٢٢)ی ساڵی دووەمی گۆڤاری (هاوار) کە لە ١ی تەمووزی ساڵی ٣٢ لە دیمەشق دەرچووە بەئیمزای "لاوی کورد – عەونی – کۆیە".

هەروەها دەڵێ: بەهیواین د.کەمال هەر ساغ و تەمەن درێژبێ، خەرمانی "مێژوو"یشی هەر بەرەکەتدا...

جێی ئاماژەیە، کتێبی "بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دونیا ناگۆڕمەوە" لە ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنەیە.





مێژوو

**مـرۆ (١١٣)**

## مام جەلال .. بۆ مێژوو

* نزیکەی مانگێکە نیشتمان خزمەتدەکرێت و دەلاوێندرێتەوە لەلایەن هەرچی کەسی یەکەم و دووەمی حزبی و حکومی، لەلایەن ئەوانەش کە بەرژەوەندییان لەگەڵ دەسەڵات هەیە. خزمەتگوزاری و بەڵێن و پەیماندان و باش دەکرێ و دەدرێ، هاووڵاتی دادەمەزرێندرێت، مولیدەو پرۆژەی کارەباو ئاووئاوەڕۆ و قیرتاوکردن هەرمەپرسە، هەموویان بەکونفەیەکونێک جێ بەجێ دەکرێ. دروستکردنی ریکلام و فلێکس و چاپکردنی وێنەکان و بازارەکانی چین و تورکیاش هەرمەپرسە، چونکە یەکێ لە شتە جوانەکان وەکو موفاجەئەیەکی لێهاتووە. دابەشکردنی نقول بە قودی جوان و بە ریزو ماڵ بەماڵ و گەڕان ئەوە کارێکی ئەستەمەو پێویستی بە خەرجی و کۆمەڵێک شت هەیە، مەگەر حزبە گەورەکان بتوانن جێبەجێی بکەن، جگە لەوانەش لە قودی نوقڵەکانیش نوسراوە "لیستی کوردستانی ٥٤و مەسعود بارزانی ١٢" دیاری "مەڵبەندی سێی"ی، ن، ک" و "پ، د، ک" ئەوەیان خۆی لە خۆیدا لەشەرە راگەیاندن و پەڕۆو زۆربەی شتە قێزەوەنەکانی دیکەشدا باشترە خۆزگە دەسەڵاتی کوردستان بەبەردەوامی ئاوا بە تەنگ خەڵکەوە دەهات، چونکە ئەمڕۆ، لەهەموو رۆژێ زیاتر بەئاگاو وریاو ئاگادارە ئەگەر بانگەشەیەو خەڵک چەواشە دەکرێ، ئەی لە پاشان چی دەکەن؟!.



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

* لە کوردستان بۆتە مۆدە یا حزب کاندیدی هەیە، یا دەستی رەش، بەپێی ئەزموونەکان دەستە رەشەکان ناتوانن هیچ بکەن و تەنها لە پشێوی نانەوەو خۆ ناشیرین کردن زیاتر هیچی ترنییە، حزبی دەسەڵاتیش کاندیدی خۆی هەیە، ئەندامی مەڵبەندو لق دەبن بە ئەندام پەرلەمان و وەزیر، هەر ئەوانەش لەپاشان خانەنشین دەبن و دەبن بە سکرتێری یەکەم، هەر ئەوانە دەبن سەفیر، هەر ئەوانە دەبن بە ملیۆنێر، هەر ئەوانە پرۆتۆکۆڵی ژێر بەژێر واژوودەکەن، پاش ئەو وەزیفانە "ئەندامانی حزبی باڵا" تا مردن لە ئیمتیازات و خۆشی و خۆشییەکان ناکەون و بەخەڵکیش دەڵێن دەنگم پێبدەن. من لە جێگای"مام جەلال و کاک مەسعود" بام، دەمگوت ئەو "١٠٠" کاندیدە با خۆیان بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن، بزانن وەکو ئەو نوێنەرەی "تحالف الکردستانی" کە لە بەغدا خۆی هەڵبژاردبوو، لە ئەنجامی فەرزکردنی دەنگەکان بەم شێوەیە ئەنجامەکان راگەیەندرا "فڵانی کوڕی فڵان کە خۆی هەڵبژاردبوو هیچ دەنگی نەهێنا"، لاتان سەیر نەبێ تەزویرنەبووەو نەکراوە، دەزانن هۆکەی چی بوو، هۆکەی ئەوە بوو کەخۆی نەچووبوو بۆ دەنگدان. ئاخۆ دەبێ لە کوردستان شتی ئاوەها، هەبێ...!

خۆزگە رۆژێک دێت ئەوانەی خۆیان هەڵدەبژێرن هەر خۆیان بانگەشەیان بکردبا. برادەرێک گوتی: دەنگ مەکە. لەوەش هەر دەیبەنەوە، وتم: چۆن؟ وتی: پارەی بانگەشە لە حزب وەردەگرن و هیچ خەرج ناکەن و کە دەریش نەچوون، دەڵێن: غەدریان لێکردین و تەزویریان کرد. یا بەراستی عەدالەتی تێدا نەبوو. ئەوکاتە ئەوەیان خراپتر، چونکە مادام لە مەملەکەتێک لێپرسینەوە نەبێ و هەرکەس بە ئارەزووی خۆی و بە میزاجی شەخسی کار بکات، هەروابێ بژی بانگەشەی هەڵبژاردن، لە کۆتایی دەمەوێ بڵێم و گریانم دێ"توخوا مام جەلال بەو تەمەنە هی ئەوەبوو هەر رۆژەی لەشارو شارۆچکەیەک بانگەشەی هەڵبژاردن بکات"تەنیا پرسیارەو هیچی دیکە نا بۆ مێژوو.

# پێویستە دەسەڵاتی کوردی کاربکات لەپێناو جوانکردنی وێنای خۆی لەبەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا



ئەیوب ڕەزا

هەڵمەت و وێنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گەواهی حەقیقەتێک دەدەن، کە چەند ساڵێکە خەڵکانی دیموکراتخواز خەونی پێوە دەبینن، ئەویش هەنگاوەکانی دیموکراسیەتی کوردییە بەرەو بەرجەستە بوون و بەدیهاتن، ئیدی ئەگەر ئەم هەنگاوە دەرئەنجامی پەستانی دەرەکی یاخود هەردووکیان پێکەوە بێت.

من لەو باوەڕەدام کە هەموو هێزی دەسەڵاتدار دەیانەوێت لە ژێر بارتەقاو بارگرانی حزبە هاوپەیمانەکانیان دەرچن، بە تایبەتی دوای ئەوەی، کە هەردوو لا بەتەواوەتی نیەت سافبوون بەرامبەر بە یەکتری دوای بەستنی ئیتیفاقی ستراتیژی نێوان هەردوو لا، کە سەرجەم خاڵە تاریک و گوماناوییەکانی نێوان هەردوو گەورە حزبی ڕووناک و ڕەواندەوە.

بەجۆرێک بۆیان جەخت بووە، کە سوڕی داهاتووی دەسەڵات و حوکمڕانی هەر لە دەستی خۆیاندا دەمێنێتەوە.

بۆیە دەیانەوێت خۆیان بە فیعلی قەوارەی خۆیان تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن کە وەزنی ئینتخابی و جەماوەرییان لە ناو خەڵکدا بە کوێ گەیشتووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە چەند ساڵێکە دەنگی ڕەخنەو نارەزایی لێرە و لەوێ لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا بەرزدەبێتەوە و دروستبووە، پاش کەمبوونی هەڵمەتی میدیایی لە ڕێی سایت و ڕۆژنامە سەربەخۆکاندا، ئەمانە بەڕای من"گومانیان" لای هەردوو حزب دروست کردووە، کە ڕەنگە هەندێک لەشەعبییەتی خۆیان لە دەست دابێت، بە تایبەت لە ڕێزی"ی، ن، ک" دا. بۆیە بۆی دەچم کە قەرارێکی ناوخۆیی درابێت بۆ ئەوەی بچێتە ناو هەڵبژاردن بەدوور لەو لیست و تەواوکەری خۆیان زانیوە، بەتایبەت پاش ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی ئەو حزبانە بۆ ناو ڕیزەکانی هەردوو حزب، وەک ئەوەی لە حزبی زەحمەتکێشاندابەمدواییەڕوویدا، بە شێکی زۆری زەحمەتکێشان چوونە ناوریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وچەند ساڵێک لەمەوبەریش کۆمەڵێک پێشمەرگەی سەرکردەی حزبی سۆسیال دیموکرتی کوردستان هاتنە ناو ریزی"ی،ن،ک"ەوە.

کەوابێ پرۆژەیەک و بەرنامەیەکی پێش وەخت هەبووە بۆ لاواز کردنی تەنانەت پارتە هاوپەیمانەکان بەجیا لە لایەن هەردوو حزبەوە بە تەریبی لەگەڵ هەوڵی هەریەک لە هەردوو حزب بۆ ڕاکێشانی ئەندامانی هەردووکیان بۆ ناو ریزەکانی ئەوەی تر. ئەو هەوڵەی کە گرێبەستی ستراتیژی رایگرت بە شێوەیەک ئیتر کادیرانی هەریەک لەدوو حزبەکە لەوی تر وەرنەگیرێ بە هیچ شێوەیەک.

بەڵام ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە پر بایەخ دەکات و وای لێدەکات کە گوژمووتینی زیاتر و چالاک تربێت، ئەو ڕەهەندە هەرێمی و جیهانییەیە، کە وێنەکانی پێمان گەیشتوە ئەویش کۆمەڵی پرۆسەی هەڵبژاردنە، کە لەناوچەیەکدا بەڕێوەچوون و هەموویان گۆڕان و دەرئەنجامی باشیان بۆ هێزە نەیارەکانی دەسەڵات تۆمارکردووە. یاخود ئەنجامەکانی گەواهی گۆڕانێکی گەورەیان بەرجەستەکردووە، بۆ نموونە.

حزبی دەعوە، کە باڵێکی ناو فیدراسیۆنی عێراقی یەکگرتووی شیعییە و توانی لە هەڵبژردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بەرەی حوکم لە ژێر پێی گەورە هێزی"ئەنجومەنی ئیسلامی عێراقی باڵا" بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم دەربێنێت و سەرجەم باڵەکانی تری ناوحزبی دەعوە تێک بشکێنێت و ئەندامە تەرەکانی بگەڕێنێتەوە ناو حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی مالیکی، بە جورێک مالیکی وا پشت ئەستورکردووە"بەتایبەت پاش سەرکەوتنی لە دە پارێزگا" کە دەیەوێت سەرۆکایەتی ئیئتیلاف بۆ حزبی دەعوە بێت، لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیدا.

لەلایەکی ترەوە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکاتی ئەمریکا، باراک ئۆبامای هێنایە سەر کورسی حوکم، کە مرۆڤێکی بەڕەچەڵەک ئەفریقییەو ڕەش پێستە و ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین گۆڕانە لە بەدەستەڵاترین دەوڵەتی دنیادا و جارێکی تر حزبی دیموکراتی گەڕایەوە سەر حوکم پاش دوو خولی دەسەڵاتی کۆمارییەکان و بەڕێژەیەکی بەرچاوگرانی ژمارەی دەنگدەران بۆ خاتری حزبی دیموکرات.

هەروەها هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی لوبنان جارێکی دی لیستی"ئەلمستەقبەل" ی لوبنانی بەرسەرۆکایەتی"سەعد ئەلحەریری" مخەول کردەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی لوبنانی کە حزبێکە دەسەڵاتی عەسکەری بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ تواناسەربازییەکانی حزبوڵلا بەراورد ناکرێت، کە لەلایەن سوریاو ئێرانەوە پشتگیری لێدەکرێت وچەند مانگێک لەمەوبەر لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا بە زەبری تفەنگ هەموو لوبنانی کۆنترۆڵکرد.

هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران پێگەی"چاکسازەکان"ی ناو ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەهێز کرد، بە جۆرێک کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵات و ڕژێمی حوکمی ئیمامی فەقیە دروستکردووە هەموو کۆماری ئیسلامی هەژاندەوە خستویەتە گێژاوی دەسەڵات و تا ئێستاش بەردەوامە، بۆ یەکەم جارە کاری لەو شێوەیە لەوەتای هەڵگیرسانی ئینقلابی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێراندا ڕوویدات.

وێنای ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەنە کە جەماوەری کوردستان لە ڕێی شاشەی تەلەفیزیۆنەوە بیستنی بووەتە پاڵنەرو پشتگیرییەکی مەعنەوی بە هێز بۆ ئەو پارتە سیاسییە کوردستانیانە، کە چەندین ساڵە پاشکۆن و لە پەراوێزی هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا دەژین بە سیستەمی ڕازیکردن و بەرامبەر بەدەستکەوتی مانگانەو پێدانی چەند پۆستێکی دیاریکراو لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستانداو چەند کورسییەکی یەکلانەکەرەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا.

بۆیە دەبینین کە کۆمەڵە حزبێکی کوردستانی کە باوەڕیان و هزرو فیکرو بۆچوونیان تەواو لە یەکتری جیاوازن یەک دەگرن و یەک لیستی یەکگرتوو پێکدێنن بەناوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی" لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە بکەین ئەو پەنهانە چییە، کە وادەکات کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی بەهەموو قەوارە و فیکرو بۆچوونی ئیسلامی خۆیانەوە لەگەڵ حزبی سوسیالیست و زەحمەتکێشاندا بچنە ناو یەک لیستەوە.

ئایا غەیری خواستی ئۆپۆزسیۆن و بەدیهێنانی گۆڕانکاری دەبێ چی بێت.

ئایا هەوڵێک نییە بۆ قوتاربوونیان لە هەیمەنەی هەردوو حزبی دەسەڵات، ئایا دروستبوونی بڕوا بەخۆ بوون نییە، تێپەڕاندنی پەیوەست بوونیان نییە بە هەژموونگەری هەردوو حزب، من لەو باوەڕەدام کە ئەم لیستە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقیشدا بە لیستێکی جیاواز بچێتە ناو هەڵبژاردنەوە، لەم ڕووەشەوە ئەزموونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان لەبەرچاوە، کەبە لیستێکی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەکانی"٢٠٠٥"ی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقیان کردووەو پێنج کورسیان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقیدا مسۆگەر کرد لە کاتێکدا کە هەموو حزب قایل نەبوون، کە چوار کورسی بدەن بە یەکگرتوو لە ژمارەی کورسییەکانی هاوپەیمانی کوردستانی، ئەمەش سەرکەوتن بوو بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەمان بیردابێت، بە تایبەت کە ڕۆژبەرۆژ ئەندامیان و هەوادارانی ئەم حزبە ئیسلامییە لە زیادبوون دایە و ئەویش بەهەمان شێوە گلەییان لە نوێنەراتیان هەیە لە دەسەڵاتی کوردی، چونکە تەنها یەک کورسییان پێدراوە لە هاوپەیمانی کوردستانیدا.

بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردن سەبارەت بەم لیستە"خزمەتگوزاری و چاکسازی" و لیستە نەیارەکانی تری"کوردستانی" ئەوانەی کە وەک حزب و ڕێکخراو و چەند ساڵێکە بوونیان هەیە، ڕێژەکانیان هەرجۆرێک بێت، ئەوا گۆڕانێکی ئەوتۆیان لێناکەوێتەوە، کە ببێتە مایە گۆڕینی حوکم و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، ڕەنگە وەزن و حەجمی خۆی نمایش بکات بەرامبەر لیستی کوردستانی و کورسی زیاتریش بەدەستبێنێت، بەڵام ناتوانێت یەکلاکەرەوەبێت لەناو پەرلەمانی کوردستاندا.

لیستی کوردستانی و لە پشتییەوە یەکێتی و پارتی، خوێندنەوە و تەسەورێکی نزیکیان هەیەسەبارەت بەو لیستەو قەوارەی سیاسیان، بەڵام ئەو لیستەی کەبووەتە جێی مەترسی لیستی کوردستانی لیستی گۆڕانە بەسەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا کە دروشمی گۆڕانی بە ڕووی دەسەڵاتی کوردیدا بەرز کردەوە وەک سەرکردەکانی دەڵێن زۆرینەی جەماوەری سلێمانی لەگەڵ ئەواندایەو بانگەشەی گۆڕینی دەسەڵات دەکەن و باوەڕیان بە گرتنە دەستی دەسەڵات هەیە بە دوور لە کردەیی سەربازییەوە هەروەک دکتۆر شاهۆ سەعید قسەکەری فەرمی بە ناولیستی گۆڕانە لە چاوپێکەوتنێکدا پێی وتووم، ئەوان واتە گۆڕان بارتەقەی هەموو کەموکوڕییەکانی دەسەڵات دەدەن بەشانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، پێیان وایە، کە ئەوان ئۆپۆزسیۆنی حەقیقین، دکتۆر شاهۆ لە وەڵامی پرسیارێکمدا سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا و ئایا لەلایەن بەغداوە پشتگیریان لێدەکرێت؟ وتی کە ئەوان وەک لیست هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ حکومەتی بەغدادا نییە، بەڵکو ئەوان چاوەڕوانی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا پاش هەڵبژاردن وەک هەموو لیستەکانی دی، ئەوەی بە لامەوە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە دروشمەکانی لیستی گۆڕان زۆر نزیکە لە دروشمەکانی سەرۆک ئۆباما لەکاتی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەرنج ڕاکێشراوتر بوو پاش چاوپێکەوتنم لەگەڵ دکتۆر شاهۆ سەعید ئەو لێکچوونەیە لە چاکسازی و دژایەتی گەندەڵی و خزمەتگوزاری بەڕێوەبردن لەبەرنامەی بانگەشەی هەڵبژاردنی نێوان لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی. کەواتە هەردوو لا بەڵێنی "گۆڕان دەدەن، بەڵام جیاوازییەکە لە "جۆری گۆڕان"ەکە دایە.

پێشبینی دەرەنجامی هەڵبژاردن کارێکی دروست نییە بە تایبەت لە وڵاتە دیموکراتەکاندا چونکە دیموکرتیەتی حەقیقی ڕەنگە گۆڕانکاری زەبەلاح و چاوەڕوان لێنەکراوی لێبکەوێتەوە، بەڵام من لەو باوەڕەدام، کە لیستی گۆڕان ئەنجامێکی زۆر باش بەدەست بنێت، کە ڕێژەی نەیارانی تری لیستی کوردستانی زیاتربێت، بەڵام دیسانەوە ناتوانێت ئەوەندە کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی مسۆگەربکات دەنگێکی یەکلا کەرەوەوبەتاڵکەرەوەی بڕیارەکانی پەرلەمان بێت، بە تەنها"ألله هم" ئەگەر لیستی"خزمەتگوزاری و چاکسازی" قومبەلەیەکی هەڵبژاردن بتەقێنێتەوە وەک ئەوەی گۆڕان ڕێکلامی بۆ دەکات، ئەو کات بەیەکگرتنی هەردوو لیست کوتلەیەکی نەیاری بە هێز بۆ لیستی کوردستانی دروست دەبێت، ئەم یەکگرتنەش کارێکی سەخت دەبێت، چونکە لەو باوەڕەدام کە لیستی هاوپەیمانی کاربکەن بۆ دیسانەوە ڕاکێشانی پارتەکانی ناولیستی چوار حزبە کوردستانییەکەبۆ هاوپەیمانییەکی نوێ و ناچار دەبێت بەشی زۆرو ئەو پەیمانانەی کە چەند ساڵە بەو حزبانەی دابوون جێبەجێ بکات، لەو باوەڕەدام کە ئەم کارە سەربگرێت، ئەوکاتەش لیستی گۆڕان بەتەنها لەناو پەرلەماندا لەگەڵ چەند دەنگێک دەمێنێتەوە چونکە دیسانەوە لیستی تورکمانی و مەسیحی هاودەنگ و هاوپەیمان دەبن لەگەڵ لیستی کوردستانیوەک چەندین ساڵی ڕابردوو، بە تایبەت پاش بە "کوتا" کردنی تورکمان و مەسیحیەکانی کوردستان، بەڵام بەتەئکید دەنگێکی بستراو دەبێت.

گرو تینی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەتایبەت هەڵمەتی لیستی گۆڕان بەلای دکتۆر فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە ئێستا سەرپەرشتی میحوەری ڕانیە دەکات تەنها ریکلامەو بەو شێوەیە نییە بانگێهشتی بۆ دەکەن، لەگەڵ ئەوەی، کە ئینکاری ناکات ڕەنگە چەند دەنگێک بەدەستبێنن، بەڵکە گەواهی ئەوە دەدات کە لیستی کوردستانی لە تەواوی هێزی خۆیدایە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانی سلێمانی مسۆگەر دەکات لەکاتی هەڵبژاردن ئەوەی کەوای کردووە لایەنگرانی ئەو لیستە خۆیان لە سلێمانی نمایش بکەن ئەودیموکراتییەی کە دەسەڵاتی کوردی فەراهەمی کردووە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، دکتۆر فوئاد مەعسوم لە چاوپێکەتنێکدا لەگەڵ"I.TV" تەلەفزیۆنی"ئەلعراق" دەڵێت هەرچەندە لایەنگرانی لیستی گۆڕان پێشێلکاری دەکەن، بەڵام ئێمە"ی.ن.ک" هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسمان ئاگادارکردوەتەوە، کە ڕێگریان لێنەکەن بۆ ئەوەی پێشێوی دروست نەبێت.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، جەخت لەسەر بەهێزی لیستەکەیان دەکاتەوە و ناوی دەبات بە لیستی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی، پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتە سیاسییەکانی گەلی کورد بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت ئەوەی کە پرۆژە و دەسکەوتەکانمان نابینێت بابچێتە لای دکتۆر چاوی بگۆڕێت.

ئەمانە نموونەیەکن لە قسەی بەرپرسانی لیستی کوردستانی. تا ئێستا هەڵوێستی دەسەڵاتی ئێستای کورد بۆنی ئەوەی لێنایەت، کە بیانەوێت پرۆسەی هەڵبژاردن بە ئاقارێکی وادابەرن، کە دووربێت لە ڕیتم و ئامانجی خۆی، من پێموایەکەبەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی دیموکراتانەو دوور لە خروقات و تەزویر لە ١٠٠٪ لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی کوردیدایە، بە تایبەت پاش ئەوەی کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ چەند جارێک ڕەخنەیان ئاراستەی دەسەڵاتی کوردی کردووە لە دۆسیەی پێشێلکاری ماڤی مرۆڤ، بۆیە پێویستە کە دەسەڵاتی کوردی کاربکات بۆ جوانکردنی وێنای خۆی لە بەرامبەر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا، لە کاتێکدا، لە کوردستان و عێراقدا هێزی نوێ و پشتیوانی نوێ دەرکەوتوون.

بەڵام ئەوەی جێگای مەترسییە لەم هەڵبژاردنەدا، لاسایی کردنەوەی ئەو کردەوە توندوتیژانەیە، کە پاش ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئێران ڕاگەیەندران و توندوتیژی سەراپای تارانی پایتەختی گرتەوە، لەوەش خراپتر ئەوەیە، کە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش خۆپیشاندەران داپڵۆسن، ترسناکترین باریش ئەوەیە تیرۆریستەکان ئەو خەرقە ئەمنییە بقۆزنەوە و چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی ئەنجام بدەن، چونکە هەرلە ئێستاوە چەندین تۆڕی میدیایی و تەلەفزیۆنی بیانی خۆیان ئامادەکردووە بۆ گواستنەوەی پشێوی بە دنیادا، بەپێی ئەزموونی کاری ڕۆژنامەییم لە بەغداو هەولێر و پرۆسەی ئازادیدا و بۆمباران کردنی سنووری کوردستان ئەم گردبوونە میدیاییە بە بەلاش نییە.

من لێرەدا خەڵکانی نارازی تاوانبار ناکەم بگرە دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ستەم لێکراو و مافی خۆپیشاندان دەبێت فەراهەم بکرێت بۆ هەرکەس و کۆمەڵێک دەنا دیمەکراسییەت یانی چی؟ بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە ئێمە لە کوردستاندا دەژین، کوردستانێک بە عێراقەوە و بە دەوڵەتی نەیار چواردەوری تەنراوە. ئیدی بڕیار لە دەستی دەسەڵاتی کوردی و ئۆپۆزسیۆنی تازە لە لەدایکبووندایە، ئایا جەولەی یەکەمی ڕووبەڕووبونەوە یان بە ئاژاوەو شەء کۆتایی دێت یاخود بە ئاشتی؟

هەرچی سەبارەت بە سەرۆکایەتی کوردستانە ئەوا بە تەئکیدی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بۆ خولێکی نوێ دووبارە دەبێتەوە بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ نزیکترین ڕکابەری بۆ پۆستی سەرۆکایەتی د. کەماڵ میراودەلی.



## بەدرخان لەنێو فیلمسازانی کورد لە دیمەشق

# فیلمسازان زۆر سوودیان لەم خولە بینی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری کردبوون



فیلمسازانی کورد لەنێو هونەرمەندانی سوریدا

**هەوراز محەمەد، تایبەت بەبەدرخان**

دوانیوەڕۆی ٦/٢٨، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی فیلمساز بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولێکی راهێنان و پەرەپێدانی هونەری سینەما و تەلەفزیۆن لە دیمەشقی پایتەختی سوریا، بەرێکەوتن.

هۆڵی چاوەڕوانی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پڕ لە پرسیار و هیواو دڵەڕاوکێ و پێکەنین بوو، ترسی فڕین و بچووکی فڕۆکە و خۆڵبارین، کەشەکەی پێکەنیناویتر کردبوو.

لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سوری هاوڕێی هونەرمەندمان (نەدیم ئادۆ) چاوەڕوانمان بوو، لەوێوە بەرەو (گۆشەی ئایین) بەرێکەوتین، ببوورن مەبەستم لە (رکن الدین) بوو، لەناو هەندێک لە هاوڕێیاندا قسەکردن بە کوردی پەتی بۆ ئەوەی کەس لە قسەکانمان تێنەگات ببووە یەکێکی تر لە خۆشییەکانی گەشتە زانستییەکەمان..

ڕۆژێک شاخەوان عەبدوڵا، لە تەکسییەکدا پێی وتم:( هاوڕێم بروانە ئەمشۆفێرە، ژمێریارەکەی کارناکات))، مەبەستی لەوەبوو عەدادی تەکسییەکە وەستاوە.

رکن الدین ناوچەیەکی بەرزە، لێوەی بەشی زۆری شام دیارە. لە ٦/٢٩ یەکەمین ڕۆژی خولەکەمان دەستیپێکرد سەرەتا بە مۆنتاژ. د. ایهاب، پسپۆڕی بواری بەرنامەسازی بوو، بەشی زۆری مۆنتێرەکانی کەناڵی ئەلجزیرە لە سەردەستی ئەو پەروەردە بوون، د.ایهاب جگە لە کاری مۆنتاژ و وانەبێژی سەرقاڵی دانانی مۆسیقای سریالە تەلەفزیۆنییەکانە و هەروەها خەریکی نووسینی سیناریۆی ریکلام بوو، وەک خۆی دەیگووت سیناریۆی بۆ زیاد لە (٤٠٠) ریکلام نووسیوە..

سەرەتا مێژووی مۆنتاژ و قۆناغەکانی گەشەکردن و تیۆرەکان، دواتریش شێوازەکان و ئامێرە بەکارهاتووەکان..هتد، بەشی کۆتایی وانەی مۆنتاژ بریتی بوو لە ناساندن و چۆنیەتی کارکردنی چەند بەرنامەیەکی گرنگ، کە بۆ تەلەفزیۆن و فیلم و دراما بەکاردەهێنرێن. لەوانە (ئەڤیدلەکوید- ئاڤتەر ئیڤیکت- ئەدۆب ئودیۆشف..هتد) هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە هەوڵدان بۆ دەستخستنی کتێب و فیلم خولیای سەرجەم هاوڕێیان بوو، ناوەندی کلتوری روسی پێشانگای کتێبیان کردبووەوە بەداشکاندنەوە، بەشێکی گەورەی پێشانگاکە تایبەت بوو بە سینەما. کاتێک کە چووینە ئەو بەشە تارادەیەک خەڵکی کەم لێبوو کتێبێکی زۆریش دانرابوو (هەریەک لای خۆیەوە دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەوەبوو ڕۆژێک کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی دەستبکەوێت، چونکە لە کوردستان دەستخستن و پەیداکردنی کتێبی زانستی بەتایبەت لەسەر سینەما لە هەموو شت قورسترە) هەموومان بەیەکەوە وەک ئەوەی هەنگوینمان لە کونەداردا دۆزیبێتەوە هێرشمان بۆ کتێبەکان برد، لەماوەی کەمتر لە دە دەقیقەدا کتێبخانەکەمان نابوەبن دەستمان و هەریەکەو زیاد لە (٢٠-٣٠) کتێبمان کڕی، دواتر بۆ چەند کتێبخانە و سەنتەری فیلم رۆشتین و بەشێکی زۆر لەو پێویستیانەی، کە دەمێکە بە دوایاندا وێڵین دەستمان خستن..

(د.سەمیر جەبر) لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا لە رووسیا خوێندنی تەواوکردووە و دکتۆرای لەوێنەگرتنی سینەماییدا هەبوو، خۆی لە زانکۆکانی ئەوروپا وانەبێژە و بۆ چانسی ئێمە، بۆ پشووی هاوینەی هاتبووەوە دیمەشق و خۆشبەختانە ئەکادیمیای نێودەوڵەتی سوری، ئەو ئەکادیمیایەی کە ئێمە خولەکەمان لێخوێند، داوایان لێکردبوو کە وانەی وێنەگرتنمان پێبڵێت..

سەرەتا ئەو بە کۆمەڵێک پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی ئێمە دەستی پێکرد، دواتر هاتە سەر پرسیارکردن لە شێوازی بەکارهێنانی کامێراو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەوئامێرانەی ئێمە، هەر زوو تێگەیشت ئێمە لەرووی تیۆرییەوە لاوازین و تەنانەت زۆرجاریش وەک پێویست نەمانتوانیوە سوود لەو ئامێرانە وەربگرین، کە لێرە کاریان پێدەکرێت، بەڵکو زۆرجاریش بە هەڵە بەکارمانهێناوە..

دواتر چووە ناو بواری زانستی ماتماتیک و کیمیا و فیزیای کامێرا و رووناکی و جۆری کامێراکان و جیاوازییان و چۆنیەتی بەکارهێنانی هەریەکەیان. جێی خۆیەتی ئەوە بڵێم زۆرینەی زانیارییەکان بۆ ئێمە نوێ و سودبەخش بوون. کاتێکی باشی دا بە رووناکی و بەکارهێنانی رووناکی و ئەو خاڵە گرنگانەی سەبارەت بە جۆر و چەندێتی رووناکی و شێوازەکانی کارپێکردنیان و کاریگەرییە درامییەکانی رووناکی و..هتد، باسکرد.

دواتریش هێمای کرد بۆ خاڵی جیاوازی و لێکچون لە نێوان وێنەگرتنی سینەمایی و تەلەفزیۆنیدا. ئەمە سەرەرای باسکردنی چەند خاڵێکی گرنگ لەسەر هاوێزە و شەتەر و فلتەر.

خولەکەمان سەعات (٩)ی بەیانی دەستی پێدەکرد، ئەبوعودەی شۆفێری ئەو مینی پاسەی، کە هاتوچۆی خولەکەی پێدەکردین، بەیانیان (٨,٣٠) ئەهات بە شوێنماندا، بەهۆی ئەوەی زۆرێک لەشەوان تادرەنگ لە دەرەوە دەماینەوە و دواجاریش کەدەهاتینەوە بۆ شوقە، دادەنیشتین وکاتمان بەگێڕانەوەی ئەوە مەوقیفە کۆمیدیانەی کە رۆژانە بەسەرماندا دەهات و چەند یارییەکە وەک بێ ورتە و ..هتد، بەسەردەبرد.

هەندێک جاریش قسەکانمان جدی دەبوونەوەو دەهاتنە سەر لاوازی بواری فیلمسازی و ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئەم هونەرە و جارجارێکیش باسی هەڵبژاردن و ئەو دۆخە ناجێگیر و نا سروشتییەی، کە لە کوردستان هەبوو و رۆژانە بە هۆی پەیوەندیمان بە هاوڕێ و کەسوکارەوە، دەمانبیست، ماتومەلولی دەکردین.

لەگەڵ وانەیەکی نوێدا (هونەری دراما و نووسینی سیناریۆ) مامۆستایەکی تازەمان بینی.

ئەو (سەمیر زیکرا)ی گەورە دەرهێنەری سوری و عەرەب بوو، ئەویش هونەرمەندێکی بەئەزموون و رۆشنبیرێکی رەخنەگربوو، خاوەنی بڕوانامەی ماجستێر بوو لە وڵاتی رووسیا، خاوەنی چەندین فیلم و خەڵاتی فیستیڤاڵە سینەماییە ناوخۆیی و جیهانییەکان بوو.

هاوکات لەوەی کە وانەی بەئێمە دەگوت، لەشاشەی سینەماکانەوە فیلمێکی نوێی بەناوی (علاقات عامە) وە نمایشدەکراو هەروەها سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکی تریش بوو.

هونەرمەندێکی ئاگاداربوو لە رەوشی کورد و واقعی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستان، بەگشتی خۆشی کەسێکی رەخنەگربوو لەو هونەرمەندانەبوو، کە بەئاشکرا قسەی بە داوودەزگا دیکتاتۆرییەکان دەوت بە وڵاتەکەی خۆشییەوە، بەڵام وەک خۆی دەیگوت گەشتن بەوەی بتوانێت بە ئازادی قسەبکەیت بەرهەمی زیاد لە (٣٠)ساڵ لە تەمەنیەتی.

ئەو جگە لە هونەری دراما و نووسینی سیناریۆ، وانەی دەرهێنانیشی پێوتین. هەموو بەیانییەک بە پرسیارێکی تازەوە خۆی دەکرد بە هۆڵی وانە وتنەوەدا و دەیخستینە بەردەم پرسیاری سەیر. بەیانییەک هات و دوای بەیانی باش یەکسەر وتی دوێنێ شەو لەکەناڵی (BBC) چاوپێکەتنیان لەگەڵ کەسێک بەناوی(خاتووزەنگەنە)بەرپرسی یەکێک لە رێکخراوەکانی ژنان کرد، ئەو باسی کوشتنی ژنانی دەکرد لەسەر شەرەف، رووی دەکردە من و پێی دەوتم هەوراز تۆ کۆمەڵناسیت خوێندووە، بۆچی کۆمەڵگای کوردی ژن بەبیانووی شەرەف دەکوژن، دوای ئەوەی چەند هۆکارم بۆ دەستنیشان دەکرد لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، بەڵام ویستی زانین لای ئەو لە وەڵامەکانی من زیاتر بوو، بۆیە هەمان پرسیاری لە شوان و سالار و رزگار و سەروەریش دەکرد، تا زۆرترین وەڵامی دەست نەکەوتایە وازی نەدەهێنا..

لەوێوە هاتە سەر باسی ئەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت ببێتە بابەتێکی گرنگ و سەرەکی بۆ نووسینی سیناریۆ و دروستکردنی فیلم، ئەو چەند جارێک ئەو رایەی خۆی بۆ دووبارە دەکردینەوە، کە چیرۆکە لۆکاڵییەکان بۆ سینەما گرنگیان زۆر زیاترە وەک لەو بابەتانەی، کە رۆژاوا لە کارەکانیاندا دەیخەنە روو، مەبەستی لەوەبوو کە چیرۆکە سادەو کۆمەڵایەتییەکانی ناو ژیانی خۆتان لەوە گرنگترە دوای هەندێک فەلسەفە و فەنتازیای فیکری بکەون، کە پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤی کوردییەوە نەبێت.

دوای نیو سەعات لەم جۆرە گفتوگۆیانە دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی کورتیلەو کورتە چیرۆک، بەمەبەستی ئەوەی چۆن دەکرێت دراما لە کورتیلە چیرۆکێکدا بدۆزینەوە دەستنیشانی هێڵی فیکری بکەین، کارەکتەر دەربهێنین، چۆن چیرۆکەکە ئاراستە بکەین، یان لەسەر ئەو هێڵە فیکرییەوە چۆن چیرۆکێکی تازە دروست بکەین، بەم شێوەیە پرسیار و وەڵام دەستی پێدەکرد.

دوا نیوەڕۆ، کە لە ئەکادیمیا بە پاسە خنجیلانەکەمان دەهاتینەوە ماڵەوە، لە رێگە شوان عەتوف و سالار سوڵتان شەرە شیعریان دەکرد و ئێمەش قاقا پێدەکەنین..

شەوێکیان گروپی شوقەکەی ئێمە کە پێکهاتبووین لە (من – کرمانج – شاخەوان – بە میوانداریێتی رزگار ئەمین، هەرچەندە لە شوقەکەی ئێمەش نەبوو) لەبەرامبەر شوقەکەی شوان، کە پێکهاتبوون لە (کامەران – سەروەر – هاوڕێ – شوان) و ناوبژیوانی سالار بێورتەمانکرد. دوای ململانێیەکی سەخت و درێژخایەن لەگەڵ ئەو وتە قورسانەی سالار بۆی دادەنان دەبوو ئێمە بەنواندن و بێورتە گوزارشتی لێبکەین، دواجار گروپی ئێمە بە جیاوازی یەک خاڵ دۆراندمان، وەک کرمانج ئەیوت ئاخر سالار گیان (ئای بۆ هەلامە شیرین هەلامە) چۆن دەکرێت بە ئیشارەت، دۆراندمان و سەرجەمی برادەرانمان بۆ خوانی نیوەڕۆ دەعوەت کرد.

کاتێک دەگەیشتینەوە بۆ شوقە تارادەیەک ماندووبووین و هەندێکمان دەخەوتین تا ئێوارە و هەندێکی تریشمان حەزی گەڕان وایلێدەکردن بڕۆن و نەشارەزایانە بگەڕێن لە پێناو بینینی زۆرترین شوێندا. ئێواران شوێنی کۆبوونەوەمان (مەقهای رەوزە)بوو، ئەوێ بۆ ئێمە لە چایخانەی شەعب دەچوو، شەعب بەڵام مۆدرێنتر، زۆرێک لەرۆشنبیران و هونەرمەندانی شام هەرلەوێ دادەنیشتن.

لە کۆتاییدا هەریەکەو سیناریۆی نووسی، خوێندییەوە، گفتوگۆی لەبارەوە کرا، دەستکاری کرا، ئامادەکرا بۆ کارکردن لەسەری، لەوماوەیەدا هەریەکەو سیناریۆیەکی کورتی تەواوکراوی ئامادە بۆ کارکردن بە هاوکاری مامۆستا سەمی زیکرا نووسی.

لەیەکێک لە رۆژەکانی وانەی دەرهێناندا پێکەوە لە گەڵ مامۆستا سەیری ئەزموونێکی (کامەران جەمال)مان کرد، بەناوی (نەورەس).

دوای کۆتایی و دووبارە سەیرکردنەوە، گفتوگۆی لەبارەوە کرا، جێی ئاماژەیە جگە لە هەبوونی چەند تێبینییەک، کە ئەو پێی وابوو کارەکە کەمێک بۆ تێگەیشتن ئاڵۆزە، بەڵام بەگشتی دەستخۆشی لە کامەران کرد و کارەکەی بە کارێکی پرۆفیشناڵ ناوزەد کرد، ئەوەش بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی بوو..

ڕۆژێک بەرلە گەڕانەوە سەردانی (کۆمەڵگای گوندی شام) مان کرد، لەوێ سەردانی چەند مۆزەخانەیەکی کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیمان کرد، هەروەها چووینە شوێنی وێنەگرتنی زنجیرە درامای (باب الحارە) و لە نزیکەوە ئەو شوێنانەمان بەسەر کردەوە، کە وێنەی زنجیرە دراماکان و فیلم و کلیپی لێ وێنە دەگیرا..

خولەکەمان بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات، بروانامەی دەرچوونمان وەرگرت، ئاهەنگی دەرچوونیان بۆ گێڕاین، هاتینەوە..

لە کۆتاییشدا سوپاس بۆ کاک (عیماد ئەحمەد) جێگری سەرۆک وەزیران، کە بەدەم داواکەمانەوە هات، سوپاسی بێ پایانمان بۆ مامۆستا جەعفەر و کاک فوئادی مەجید میسری، کە هەوڵ و بەدواداچوونی ئەوان نەبوایە رەنگ نەبوو ئەم گەشتە زانستییە بکرایە. جێی خۆیەتی، وەزارەتی رۆشنبیری، بەرێوبەرایەتی هونەری سینەما، کەناڵەکان، کادریی خۆیان بنێرن بۆ ئەم جۆرە خولانە لە پێناوی پەرەپێدان و گەشەدان بە هونەری فیلمسازی و کاری تەلەفزیۆنی.



لەسەر داواکاری چەند هونەرمەندێکی فیلمساز، بەڕێز"عیماد ئەحمەد" جێگری سەرۆکی حکومەت، بڕیاریدا لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ئەو هونەرمەندانە لە وڵاتی سوریاو لە ئەکادیمیای نێودەوڵەتی سوری بەشداری لە خولێکی راهێنان و پەرەپێدانی بواری سینەما و تەلەفزیۆندا بکەن.
هونەرمەندانی بەشدار بریتی بوون لە: (سالار سوڵتان – کامەران جەمال – شاخەوان عەبدوڵا – رزگار ئەمین – شوان عەتوف – هەوراز محەمەد – سەروەر محەمەد – هاوڕێ بەهجەت – کرمانج قادر – سەروەر محیەدین). ئەم ئەکادیمیایە پێکەوە لەگەڵ چەند ناوەند و پەیمانگایەکی راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان ئەم ئەکادیمیایەیان پێکهێناوە، کە بریتین لە:(پەیمانگای عەرەبی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان – پەیمانگای عەرەبی بۆ راهێنانی راگەیاندن – پەیمانگای عەرەبی بۆ مەسەلە نێودەوڵەتی و دیبلۆماسییەکان – کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان"IPRA" – کەناڵی ئەلجەزیرە و ناوەندی ئەلجەزیرە بۆ راهێنان و پەرەپێدان – ناوەندی R.T – پەیمانگای پادشایەتی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان – کەناڵی نێودەوڵتی فەرەنسی "GEORGE MASON UNVERSITY" – RFI" – کەناڵی مۆنتیکارلۆی نێودەوڵەتی). www.sia-sy.com



# ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە پاسپۆرتەکەی من


موحسین دزەیی

لە ژمارە"١٢١" ڕۆژنامەی "بەدرخان"ی بەڕێز، برای بەڕێزم عەبدوڵڵا پشدەری لە بەشی هەژدەمی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیدا نووسیویوتی"موحسین دزەیی کاتی خۆی زەمانی شا بە پاسپۆرتی ئێرانی واتە پاسپۆرتی مزەوەر ڕۆیشتبوو بۆ لەندەن ئینجا خۆی لەگەڵ تەرمی پیرۆزی سەرۆک بارزانی هاتەوە ئێران".

جابۆ کاک عەبدوڵڵا پشدەری و هەقیقەتی مێژوو بە پێویستم زانی ئەم ڕوونکرنەوەیە بخەمە بەرچاوان.

ئەو پاسپۆرتە کە کاک عەبدوڵڵا باسی دەکات ساختە نەبوو، بەڵکو پاسپۆرتی فەرمی ئێران بوو و لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەرچووبوو، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ دا بەو پاسپۆرتە لە خزمەت بارزانیدا چووم بۆ ئەمەریکا و ئەو بەڕێزانەش یاوەری بوون"مەسعود بارزانی، د. نەجمەدین کەریم، سیهاد بارزانی".

ئەو پاسپۆرتە بۆ ئەوە نەبوو پێی بچمە لەندەن، چونکە ئەوکاتە خانەوادەکەم لە ئێران بوون، دوای کۆچی دوایی بارزانی بەهەمان پاسپۆرت گەڕامەوە ئێران.

دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، خەڵکی ئێران بەبێ ڕەزامەندی نەیاندەتوانی سەفەربکەن، سێ مانگ دوای کۆچی دوایی بارزانی ویستم بە هەمان پاسپۆرت سەفەربکەم، بەڵام ڕازی نەبوون، لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا پشدەری سەردانی چەند دائیرەیەکمان کرد، بەڵام بێ سوود بوو، دوایی"لیسێ پاس"واتە"دیکۆمێنتیدەربازبوون " مان وەرگرت، باڵیۆزخانەی بەریتانیا ڤیزەی نەدەدا، پاشان ڤیزەی ئەڵمانیام وەرگرت و ساڵێک لەوێ گیرم خوارد و داوای پەنابەرێتیم کرد لە نیسانی ١٩٨٠بە travel document چووم بۆ لەندەن، ئەم ڕوونکردنەوەیەم بە پێویست زانی و زۆر ئاساییشە، کە خەباتگێڕو شۆڕشگێڕ بە هەندێک بارودۆخدا بە پاسپۆرتی ساختەش سەفەر بکات.

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەک

**تێبینی:** travel document لەلایەن ڕێککەوتنامەی مافی مرۆڤ لە ژنێڤ ئیمزای لەسەر کراوە.

**موحسین دزەیی**

**هاوینە هەواری سەڵاحەددین- هەولێر**



# مەحمود سەعید: قائیمقامی ڕواندز لەژێرەوە یارمەتی هەرکی و سورچی و جەماعەتی مەحمودی خەلیفە سەمەدی دەدا لەدژی بارزانییەکان


مەحموود سەعید

**لەناوچەی باڵەکدا:**

لە ١٩٦٠/٨/٨دا هاتمە باڵەک"گەڵاڵە"سنوورەکەی لە باکوورەوە ناحیەی برادۆست"سیدەکان"و سنووری ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە قەزای ڕانیەو ناحیەی ناودەشت و لە باشوورەوە ناوچەی قەزای ڕانیە لە ڕۆژئاواوە ڕواندز"دیانا"، مێژووی ئەم ناوچەیە زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی داگیرکردن.

ئەم ناوچەیە شانۆیەک بوو بۆ شەڕو شۆڕ و لەناویدا لەنێوان ڕووسەکان و"قیاسەرە"و عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی هەتا کەوتە ژێردەستی ڕووسەکان، کە ئەو دێهاتانەی ئەم ناوچەیان هەموو سووتاند.

هەتا شۆڕشی شیوعییەکان لەساڵی ١٩١٧دا هێزی ڕووسەکان لەم ناوچەیەدا کشایە دواوە.

لەم ناوچەیەدا هەندێ شوێنەواری کۆن هەیە، وەکو پردی پاشای کۆر لەسەر ڕووباری شێخ نزیکی دێی"چۆمان مستەفا ئاغا"، هەروەها لەپشتی دێی ناوپردان، شوێنێکی کۆن لەناوچەی"سەکری سەکران"هەندێک ڕەمز و نووسینی کۆن هەیە هەڵکەنراوە لەناو ئەو بەردانەی دەوروپشتی.

لەو شوێنە پیرۆزانەی، کە هەیە لە حاجی ئۆمەران گۆڕستانی شێخ محەمەد پێیدەڵێن"شێخ باڵەکیان". لەناوچەی باڵەکدا، گەورەترین شاخ و بەرزترین لوتکەی شاخ لەهەموو کوردستانداشاخیحەسارۆستە، کە پێیدەڵێن"هەڵگورد". ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٥٧دا چواردە هەزار کەس بوو، نێرومێ نزیکەی یەکسان بوون. هەموو موسڵمانن و لەسەر مەزهەبی شافیعی.

خانووەکانیان دوو نهۆمی، تاقمی سەرەوە بۆ نووستن و دانیشتنی خۆیانە، هی خوارەوە بۆ مەڕو ماڵاتیانە، زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە ئاژەڵی مەڕوماڵاتیان بەخێو دەکرد، بە هاوینان ڕوودەکەنە کوێستان و شاخەکانی دەوروپشتیان لەو ناوچەیە لەوەڕگادا ڕەشماڵ هەڵدەدەن.

لەم ناوچەیەدا عەشیرەتی باڵەک دادەنیشت، کە چوار دەستەن:

١- مەلا شەرەفی لە"٢٦"گوندی نیشتەجێ بوون، سەرۆکیان مستەفا ئاغا شێخ محەمەد ئاغای تێدا دادەنیشت.

٢- دەستەیەکی دیکە: سەرۆکیان خدری عومەر ئاغا لەدێی"ئاینە" دادەنیشت، نزیکەی لە "١٢" دێدا بڵاوبوونەتەوە، عەشیرەتی کۆچەر هەیە کە پێیدەڵێن"بولی بابولی" ئەمانە دانیشتوانی قەزای ڕانیەن، بەڵام بۆ لەوەڕگا بە هاوینان دەچنە ناوچەی باڵەک لە هاوینەهەواری حاجی ئۆمەران، ناوچەی باڵەک"٧٦"دێیە، گەورەترینیان"گەڵاڵە، ڕۆست، گرتک، زینۆ شێخ، دەربەند، خەلان، ڕایات، حاجی ئۆمەران، گەزنە، دێلیژە، وەڵاش".

**لە پیاوماقووڵانی ئەم ناوچەیە:**

شێخ عەلائەددین لەدێی خەلان دادەنیشت، پیاوێکی بەڕێزو ئایینی بوو، زۆر بەناوبانگ بوو لەبەرچاوی ئەو خێڵانەی، کە نزیک بە سنووری عێراق بوون.

شێخ عوبەیدوڵڵا شێخ کەمال لەدێی زینۆ دادەنیشتن، ئەمە مامی شێخ عەلائەددینە، کوڕەکەی ناوی مستەفایە، زۆر مرۆڤێکی بەڕێزو چالاک بوو.

مینە عەلی ئاغای ڕایات سەرۆکی دەستەی شێوە زۆری بوو.

مستەفا ئاغای شێخ محەمەد ئاغا لەدێی وەڵاش دادەنیشت، سەرۆکی دەستەی مەلا شەرەفی بوو، بە پیاو ماقووڵانی ئەم ناوچەیە دەژمێردرا.

قادر ئاغا میرزا سەعید، لەدێی ڕۆست دادەنیشت، لە دەستەی مەلا شەرەفی بوو لەدێی ڕۆست دادەنیشت.

حەمە ئەمین ئاغا ناوپردان، ئەم پیاوەش لە فرقەی مەلا شەرەفی بوو، کوڕەکەی"حەسەن ئاغا"ی ناوە. ناوچەی باڵەک تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی هەیە لەڕووی ستراتیژییەوە، بەو پێیەی پاڵی داوە بەپاڵ سنووری ئێرانەوە، هەموو ساڵێک ئەو عەشیرەتانەی، کە کۆچەر بوون و دەڕۆیشتنە خاکی ئێرانەوە بۆ لەوەڕگا، لەپاش ئەوە کە ڕەزامەندی ئێرانییەکان وەردەگیرا.

لەو ساڵەی کە من بەرپرسیار بووم لەم ناوچەیەدا عەشیرەتی باڵەک بە سەرۆکایەتی مینەی عەلی ئاغای ڕایات و شێخ عەبدوڵڵا زینوێ و کوڕەکەی مستەفا. لەگەڵ عەشیرەتی ئاکۆ لە ڕانیە بە سەرۆکایەتی عەباس ئاغای مامەند ئاغا ڕێککەوتنیان کردبوو، کە هەموو بەیەکەوە بچنە ناوچەی بارزان، لەکاتێکدا کە لەنێوان عەشیرەتی هەرکی و زیبارییەکان لەناوچەی زێباردا شەڕ هەڵگیرسابوو.

ناوچەکەی باڵەک بۆنی خوێنی لێدەهات و ئاگر لەناوچەی زێبارەوە هەڵگیرسا گڕەکەی گەیشتە باڵەک.

لەم بەینەدا قائیمقامی ڕواندز لەژێرەوە یارمەتی هەرکی و سورچی و دەستەی مەحمودی خەلیفە سەمەدی دەدا لەدژی بارزانییەکان، عەشیرەتەکانی دەوروپشتی باڵەکیش هەموو هەستانە سەرپێ و خۆیان ئامادەکرد بە چەکەوە بە باڵەکدا تێپەڕن و لەسەر بارزانییەکان بکەنەوە، یانی بۆ شەڕی عەشائیر تاقمێک لەسەر بارزان دەکەنەوە، تاقمێک لەسەر زێبارییەکان.

قائیمقامی ڕواندزبەسەلاحییەتی خۆی و ئیتیسالکردنی لەگەڵ حاکمی سەربازی گشتی، کە ئەوسا ئەحمەد ساڵح عەبدی بوو، سوپای هێنایە ناوچەی باڵەکەوە، لەگەڵ هێزی سەیار و خەریک بوو دینا گڕ بگرێت، لەخۆڕایی چونکە هیچ باعسێکی نیشتیمانی و کوردایەتی لەگۆڕێ نەبوو تەنها کێشەی شەخسی لە مابەینی ئەو عەشیرەتانەی، کە لە ناوچەی موسڵ دادەنیشتن و ئەو عەشیرەتانەی کە لە لیوای هەولێر دادەنیشتن.

ئەم بابەتە زۆر گرنگ بوو، من بەهەموو توانایەکمەوە هەوڵم دەدا شەڕ بکوژێنمەوە، چۆن و بەچ شێوازێکی بەڕێوەبردن.

لەم کاتەدا پارێزگاری هەولێر کە"عەلائەددین مەحموود"بوو، لیوا ڕوکن ئیجازەی وەرگرتبوو و ڕۆیشتبووبۆ ئەوروپا، وەکیلێکی هەبوو لەهەولێر"عەبدولقادر حەیدەری"، کە چاودێری ئیداری بوو، وا دیاربوو هەرچییەک قائیمقامی ڕواندز دەستنیشانی بکردبووایە ئەویش پشتگیری دەکرد، ئیتر منێک بەڕێوەبەری ناحیە لەگەڵ ئەم قائیمقام و وەکیلی پارێزگارەدا دەبێ چی بکەم. خوا کردی عەلائەددین هاتەوە یەکسەر تەلەفۆنی بۆ من کرد و وتی: من کە بۆ مۆڵەت ڕۆیشتم لەناوچەی باڵەک و ڕواندز هیچ نەبوو، ئەمە چییە تێم بگەیەنە، منیش وتم: قوربان بەتەلەفۆن ناتوانم هیچت بۆ باس بکەم، حەزدەکەم تەشریف بکەیت بۆ"گەڵاڵە"کابرا زۆر بڕوای بە من هەبوو، هات بۆ گەڵاڵەو وتی: دەمەوێ چەند کەسێک لە سەرۆک عەشیرەتی باڵەک ببینم.

یاریدەدەری ئەمن و یاریدەدەری شورتەی نارد، کە بچن ئەو سەرۆکانە بهێنن بۆ گەڵاڵە لەپاش دوو سەعات هاتنەوە وتیان: جەنابی موتەسەریف دەڵێن ئێمە نایەن بۆ گەڵاڵە، چۆن شێخ عوبەیدوڵڵاتان گرتووە، ئێستا لە حەپسخانەدایە، ئاواش لەئێمە دەکەن و دەمانگرن. عەلائەددین مەحموودتووڕەبوو، شەپقەکەی کردە سەری و وتی: کەوابوو من ئێستا دەچم پەیوەندی لەگەڵ حاکمی سەربازی گشتی دەکەم، ئەمانە یاقببوون و شەرت بێت ئێستا دەیکەم بە هەڵسوکەوتی ڕاستی، وا بۆم دەرکەوت قائیمقامی ڕواندز لەسەر هەقە.

لەوکاتەدا من هەڵمدایەو وتم: جەنابی موتەسەریف ئەم قسانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، منیش بەڕێوەبەری ناحیەم و خاوەن بۆچوونی خۆمم، دەمەوێت هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە. بەڵام دەبێ خۆم و خۆت بین، لەبەرئەوەی ئەو یاریدەدەری ئەمن و پۆلیسە دارو دەستی قائیمقام بوون، نەمویست لەبەرچاوی ئەوانە قسە بکەم.

هەر من قسەکەم کرد ئەمری کرد یاریدەدەری پۆلیس و یاریدەدەری ئەمن ڕۆیشتنە دەرەوە، تەنها من و موتەسەریف لەژووری بەڕێوەبەری ناحیە ماینەوە. وتم: قوربان ئەوانە درۆ دەکەن، کەسیان نەدیوە، چونکە ئەو پیاوانە هەموو خاوەنی ئەخلاق و ڕەوشتی چاکن و قسەی سووک بەدەمیاندا نایەت، مەسەلەکە عیبارەتە لە شەڕە عەشایر، تاقمێک پشتگیری زێبارییەکان دەکات و یارمەتیان دەدەن، ئەمانەش دەڵێن ئێمەش"ئاکۆ، باڵەک"یارمەتی یارمەتی بارزانییەکان دەدەین، ئەگەر بێت و حکومەت بکەوێتە بەینەوە وەکو دووبرا، کە بەشەڕ بێن ئاشتەوایی و بەچاوێکی بێ مەبەست و یاسا تەماشای ناخۆشی و ڕەوشەکەیان بکرێت، وابزانم ئاو بەم ئاگرەدا دەکرێت.

ئینجا ڕوخسەتی من بدەن ئێستا دەچم بۆ"دەربەندی ڕایات و ناوچەی ناوەندە"من پێیان دەڵێم موتەسەریف داوای ئێوە دەکات و دەیەوێت قسەتان لەگەڵدا بکات، لەو باوەڕەدایەن ئێوە هیچ کەسێکتان ناگیرێن و ڕاناگیرێن، بەڵێنم بدێ جەنابی موتەسەریف، کە تۆ هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵ نەکەیت ئەگەر هاتن.

بەڵام لەپاش ئەوەی ئەگەر بە قسەی جەنابت نەجوڵانەوە لەجیاتی فرقەیەک سەرباز"١٠"فرقە داوا بکە و چی دەکەیت هەقتە.

موتەسەریف بە قسەکەی من قەناعەتی کرد و وتی: هەڵسە برۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، کە ناوی عەبدولقادر نەجدی نەبوو بزانم چی دەکەیت.

دەستبەجێ ڕۆیشتم بۆ دەربەندی ڕایات، لە چایخانەکەی مستەفا سلێمانی بەڕێوەبەری پۆلیس کە پیاوێکی عەرەب بوو لەوێ دام نا خۆم و پیاوێک ناوی مستەفا بوو، برای خوالێخۆشبوو ڕەشۆڵە چووینە ناوەندە، هەموو ئەو چەکدارانە بە قەدی شاخی ناوەندە بوون و بە دووربین سەیریان دەکرد، کە نزیک بوومەوە، لە چەکدارەکان مستەفا کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ مینەی عەلی ئاغا بەرەو پیرم هاتن و وتیان: کاکە بۆچی هاتوویت، دەتەوێت ئێمەش وەک جەنابی عوبەیدوڵڵا بگیرێین، وتم: کاک مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵا، مینە ئاغا و سلێمان نەبی بۆ"حاجی ئۆمەران"بفەرموون لەگەڵم دەچین بۆ گەڵاڵە قسەی خۆتان لای موتەسەریف بکەن، بەڵام قسەی پیاوانە نەک قسەی هەڵەق و مەڵەق. لەدوای قسەکردن ئەگەر موتەسەریف هەرجۆرە لێپرسینەوەیەکی کرد لەدژی ئێوە بە شەرتی خوا منیش لەگەڵ ئێوە چەک هەڵگرم و دوای ئێوە دەکەوم.

ئەگەر حکومەتیش وەک برای بەرژەوەند کەوتە بەینەوە لە بەینی ئەم عەشیرەتانەی، کە ناکۆکی کەوتۆتە بەینەوەو بە دادوەر و یاساییەوە هەموو ئەو کێشانەی چارەسەرکرد، ئەوا مانای ئەوەیە من دڵسۆزی ئێوەم و نامەوێت خوێن بڕژێت.

کە ئەو قسانەم کرد هەموو وتیان بەسەرچاو، ئێمە لەگەڵ تۆ دێین بۆ گەڵاڵە، بەڵام ئەی میللەت ئەگەر ئێمە شتێکمان بەسەرهات تۆڵەی ئێمە لەم کاک محەمەد، کە بەڕێوەبەری گەڵاڵەیە بکەنەوە، ئەوا ئێمە دەڕۆین.

بەڵێ ئەم پیاوە باشانە کەوتنە ڕێگا لەگەڵ من و هاتینە چایخانەکەی دەربەند لەگەڵ عەبدولقادر نەجدی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر هاتینە گەڵاڵە، بەڵام لەڕێگا بەم پیاوانەم گوت: قسەی جوان و ماقول بکەن، هەر شتێک و یا فیکرەیەک، یا ڕەخنەیەکتان هەیە بەجوانی دەری ببڕن.

**بەشی نۆیەم**



یادەوەری

## با هەبێ (٢٦)

# ئەو هەموو بەڵێنەی ناوێ، یەک بەڵێن بەسە

کاتێ تەماشای لیستی ئەو بەڵێنانە دەکەی کە هەر لایەنێکی بەشدار لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئامادەیان کردووە، دەڵێی: هیچ گومانی تێدا نییە ئەمجارەیان کوردستان یەک کێشەی تێدا نامێنێ، لەکاتێکدا کوردستان کێشەی ئەوەندە زۆرە، کە ئەگەر لیستێک خۆی بە تەنیا هەموو دەنگەکان بێنێ و هەرچی لە کوردستان هەیە، لە حکومەت و پەرلەمان بکەوێتە ژێر دەستی، ئەوا ناتوانێ هەموو کێشەکان چارەسەر بکات.

لیستە بەشداربووەکان خۆشیان ئەو ڕاستییە دەزانن هەموو ئەو بەڵێنانەیان پێ جێبەجێ ناکرێ، کە لە چەند لاپەڕەیەکدا بە وردی نووسیویانەتەوە و خەڵک دەبێ کاتێکی باشیان بۆ تەرخان بکات بۆئەوەی فریا بکەوێ بیانخوێنێتەوە، تەنانەت ئەو لایەنانەی ڕەخنەش لە دەسەڵات دەگرن و وەکو ئۆپۆزسیۆن خۆیان دەناسێنن، لیستی بەڵێنەکانیان زۆر لە قەبارەکەی خۆیان گەورەترە.

لە وڵاتە دیموکراتییەکانی دنیا، هەمیشە پارت و لایەن و کەسایەتییە بەشدارەکانی هەڵبژاردن، بەڵێنێکی گرنگی ئەوتۆ ئامادە دەکەن، کە کاریگەربێ و کار لە خەڵک بکات بۆ ئەوەی دەنگی پێ بدەن، لەهەمانکاتدا حسابی ئەوەش دەکەن ئەم بەڵێنە بەجۆرێک بێت، بتوانرێ جێبەجێ بکرێ، ئەگەر جێبەجێش نەکرێ، ئەوە خەڵکەکە چەند ڕێگایەکیان لەبەردەستە، لەوانە: یان دەڕژێنە سەر جادە و (حکومەتەکە، سەرۆکەکە، پەرلەمانەکە) لەسەر کار لادەبەن، یان لە هەڵبژاردنەکانی دواتر دەنگیان پێ نادەن و دەیاننێرنەوە ماڵەوە، یان دەبێ هۆکاری جێەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە و پاساوی باوەڕپێکەریان دەوێ، واتا بە هەر جۆرێک بێ، هاووڵاتی وڵاتە دیموکراتییەکان وشیارن و ئەوەندە لە مافی خۆیان دەزانن، کە نەهێڵن کەسێک بەڵێنیان پێ بدات و لەسەر کورسی دەسەڵاتیش دانیشێ حوکمیان بکات.

ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە کوردستان بەهۆی کرانەوەی زیاتر و پەیدابوونی چەند کەناڵ و دەزگایەکی ڕاگەیاندنی تارادەیەک ئازاد و هەندێ هۆکاری تر. خەڵکی کوردستان ئەوەندە وشیار بوونەتەوە، کە بەشێک لە مافەکانی خۆیان بزانن و ئەمجارەیان ئەگەر ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵبژاردن پێیان دەدرێت جێ بەجێ نەکرێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان دەنگ بەرزبکەنەوە و قبوڵی نەکەن، هەر هیچ نەبێ ئەوەندەیان لەبەردەستدایە لە هەڵبژاردنەکانی دواتر نەچن بۆ دەنگدان و بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، هەڵبەت ئەوەش ڕوونە کە کەمی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردن، لە میسداقییەتی هەڵبژاردنەکان کەمتر دەکاتەوە.

بەهەر حاڵ. خەڵکی کوردستان ئەوەندە مەینەتی دیوە، خوازیاری ئەوەیە بەشێکی ئەو بەڵێنانەی پێی دراون لە لایەن لایەنە جیاوازەکانەوە بۆ دوای هەڵبژاردن، جێبەجێ بکرێن، ئەگەر هەمووش نەبێ بەشێکی بێ، هەر ڕازییە.


سەنگەر زراری

# پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسلان: کێشەی کورد .. پشکۆی فەرامۆشکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نەجاتی عەبدوڵلا

نوێترین کتێبی سۆسیۆلۆگ و مێژوونووسی کورد پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسلان بەهاری ئەمساڵ لە پاریس بە زمانی فرەنسی بەناوی (کێشەی کورد: پشکۆی فەرامۆشکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە هەم خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی نوێ و هەم سەنتێزێکی تازەیە بۆ پرسی کورد لەناو گێژەنی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: ١—١٦). دواتر کتێبەکە دابەشی سەر (٥) فەسڵی جیاواز کراوە. فەسڵی یەکەم: ڕوانینێک بۆ سەر پرسی ئەمڕۆی کورد٢٠٠٨—٢٠٠٩. لەم فەسڵەدا نووسەر سەرەتا باسی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە دەکات، کە بەسەر پرسی کورددا هاتوون و چۆن فەزای پرسەکە دووبارە چالاک بۆتەوە و پانتایی شارنشینی لەگەڵ خۆیدا گرتۆتەوە (لا: ١٧—٢٤). فەسڵی دووەم: لە ئیمپراتۆریاکانەوە بۆ دەوڵەتە ناجێگیرەکان. لەم فەسڵە گەڕاوتەوە سەر سەدەی نۆزدەهەم و باسی شۆڕشە کوردییەکان، سوارەی حەمیدییە و سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید و ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشەکانی ١٩٢٥، ١٩٣٠، ١٩٣٦—٣٨ و کۆماری مەهاباد دەکات (لا: ٢٥—٤٧). فەسڵی سێیەم: ڕادیکالیزم، شۆڕش و سەرکوتکردنەوەکان لە فەزای کوردی دا ١٩٥٨—٢٠٠٣. لەم فەسڵە بەشێنەیی باسی شۆڕشی ئەیلوول، بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی لە تورکیا لە کۆتایی ساڵانی پەنجایەکان، هەرەسی ١٩٧٥، شەڕی پارتیزانی دوای ١٩٧٥، پەکەکە و ڕادیکالیزمی کورد لە تورکیا ١٩٧٩—١٩٩١، بازنەیەکی نوێی مێژوویی، کوردستان لە شۆڕشی ئیسلامی و جەنگی عێراق—ئێران، بیست و نۆیەم شۆڕشی کورد (خەباتی گەریلایی پەکەکە)، لە دایکبوونی ناوچەیەکی سەربەخۆ و شەڕی براکوژی. دواتر باسی کوردەکانی ئێران لە دەورانی خاتەمی و خەباتی پەکەکە دەکات لە ساڵانی نەوەدەکان دا (لا: ٤٨—٨٤). فەسڵی چوارەم: نادیارییەکانی سەدەی بیست و یەکەم. باسی دووبارە بە کوردستانیکردنەوە و بە عێراقیکردنەوە، حەقیقەت و سنووری حکومەتی دوو حیزبیی کورد، پرسی کەرکووک و ئاسایش، دووەمین قۆناغی جەنگی گەریلایی لە تورکیا، ئەنجامەکانی جەنگی نوێی گەریلایی، کوردەکانی ئێران لە دەورانی ئەحمەدی نەژاد، قامیشلۆ ٢٠٠٤ لە باسە سەرەکییەکانیەتی (لا: ٨٥—١١٣). فەسڵی پێنجەم: سیستمی دەوڵەتی، سیستمی ناوچەیی و کێشەی کورد. باسی زەبروزەنگ و فرەچەشنەیی بوونی فەزای کورد و تەنگژەکانی ناسیۆنالیزمی کورد باسدەکات (لا: ١١٤—١٣١). دەرئەنجام (١٣٢—١٣٦). هەورەها لە بەشی پاشکۆیەکانیشدا. کرۆنۆلۆژیا (لا: ١٣١—١٥٧)، بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: ١٥٨—١٦١). دواجاریش زاراوە و چەمکەکان، کە تێیدا ناوی ڕێکخراوەکان و کورتەیەکی ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکان دەخاتە ڕوو (لا: ١٦٢—١٦٩). ماوەتە سەر ئەوەی بڵێم سوپاس کاک حەمید بۆزئەرسلان بۆ خۆت و بۆ دیاری دەستتان.




# هونەرمەند هیوا سوعاد لە ئەڵمانیا چەندین پرۆژەی هونەری بە ئەنجام دەگەیەنێ


دیمەنێک لە شانۆگەری "لەچاوەڕوانی باراندا"

**دوای هاتنی وەفدێک لە هونەرمەندانی ئەڵمانی بۆ هەولێری پایتەخت و نمایشکردنی چەند چالاکییەک، هیوا سوعاد بە داوەتنامەیەکی فەرمی بانگهێشتی وڵاتی ئەڵمانیا کرا و وەک تاقە دەرهێنەری کورد لەوێ بە شانۆگەری "پیاوانی ئێمە" بەشداری لە فێستیڤاڵێکی شانۆیی کرد، ئەو جگە لەو بەشداری کردنانە چەندین پرۆژەی جێبەجێ کردووەو بەڵێنی چەندی دیکەش پێ دراوە، دەربارەی ئەو چالاکییانە هیوا سوعادمان دواند...**

## تایبەت بە هونەری بەدرخان

*** ماوەیەکە سەرقاڵی بە گەشتکردن بۆ ئەڵمانیا و هێنانی ستافی ئەڵمانی بۆ ئێرە، ئەو ئاڵوگۆڕییە ڕۆشنبیرییە لە کوێوە دەستی پێکرد و تا ئێستا چیتان کردووە و چیش دەکەن؟**

— لە سەرەتادا دیاربوو حەز و ئارەزووەک هەبوو لە وڵاتی ئەڵمانیا، کە کۆنتاکت لەگەڵ عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بکەن، ئەوان بەرنامەی خۆیان هەبوو، ئەوەبوو لە ڕێگای هونەرمەند "ئیحسان عوسمان"ەوە پەیوەندیمان پێوە کرا، سەرەتا فێستیڤاڵێک سازکرا کە شانۆگەرییەک بە چوار زمان و دیدگای جیاواز (کوردی، عەرەبی، ئەڵمانی، ئینگلیزی) پێشکەش کرا، ئەوەبوو ئەو فێستیڤاڵەمان سازکرد و بەشداریمان تێداکرد، ئەوان ئاستی هونەریان لێرە بینی، ئیشەکەی ئێمە زیاتر هانی دان، کە لەگەڵ ئێمە کاربکەن، ئەوەبوو وەفدێکی دیکەیان هات بۆ ئەوەی ڕێکەوتنێک بکەین، ڕێکەوتنێکمان کرد لەگەڵیان، دواتر هەر لەرێگەی ئەوانە ئێمە بە پەیمانگای جیهانی شانۆ ناسێنراین، لەگەڵ پەیمانگای جیهانی شانۆ وتوویژمان کرد، ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو کە هاندەری ئێمە بن، ئەوەبوو بەو دواییە داوەتنامەیەکیان ئاراستەی ئێمە کرد بۆ ئەوەی بەشداری لە وەرزێکی شانۆیی بکەین کە وەرزێکی ئافرەتانە بوو، هەرجارەی لە وڵاتێک شانۆگەرییەک بانگ دەکەن، کە زیاتر ئافرەت ڕۆڵی تێدا دەبینێ، ئەوجارە کوردیان بانگ کرد، ئێمە بە شانۆگەری "پیاوانی ئێمە" بەشداریمان کرد، کە هەردوو ئەکتەری ئافرەت "کەڤاڵ سدقی و شەو نامۆ عەزیز" بەشداری تێدا دەکەن و لە ٧/٢٢ و ڕۆژانی دواتر لە بەرلین نمایش دەکرێ، ئەو دواخستنەش لەبەرئەوە بوو، کە هۆڵێکی شانۆییمان دەستنەکەوت، چونکە لە ئەڵمانیا بۆ نمایشی شانۆیی هەر هیچ نەبێ دەبێ شەش مانگ زووتر هۆڵی شانۆیی دابین بکەی، ئەو هۆڵەی کە ئێمەش وەرمانگرتووە زیاتر بە هاوکاری برادەرە ئەڵمانەکان بوو، بۆیە ئاوا زوو بە ماوەی مانگێک ئەو هۆڵەمان دەستکەوت، شانۆگەرییەکە لە "٢٢"ی مانگ و ڕۆژانی دوایی نمایش دەکرێ، ئیتر هەر لەڕێگای پەیمانگای جیهانی شانۆوە ئێمەیان بە سەرپەرشتیاری شانۆی گەنجان و منداڵان ناساند، لەگەڵ ئەوانیش دانیشتین و ڕێکەوتین کە گەنجان و منداڵانی ئێمە بەشداری لەو فێستیڤاڵانە بکەن، کە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەکرێ، ئەوانیش فێستیڤاڵێکی جیهانییان هەیە، پارساڵ لە ڕۆژهەڵاتدا ئێرانیان داوەت کردبوو، ئەوساڵ گوتیان یەکێک دەنێرین بۆ کوردستان و عێراق تا یەکێک لەوێ هەڵبژێرن، ئێمە هەوڵدەدەین باشترین شانۆگەری گەنجان لە کوردستان لەو فێستیڤاڵەدا بەشداری بکات، هەروەها لەرێگای پەیمانگای جیهانی شانۆوە کۆنتاکمان لەگەڵ سەرپەرشتیاری شانۆی پەککەوتەکان کرد، کە بە هەقیقەت شتێکی زۆر سەیر و زۆر بەرچاو هەبوو لەوێ، ئەویش ئەوانەی کە پەککەوتەن و کەموکوڕییان هەیە لە لەش و لار و هۆش و زاکیرەیان، ئەوانە هەڵسن بە نمایشکردنی شانۆیی و مۆسیقی، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بێن لە کوردستان وۆرک شۆپ بکەنەوە بۆ ئەو پەککەوتانەی کوردستان، کە بەهرەی هونەرییان هەیەو بانگهێشتیان بکەن بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، لە سەرووی هەمووشیانەوەپاڵپشتی پەیمانگای جیهانی شانۆ بوو بۆ کردنەوەی لقێکی پەیمانگا لە هەولێری پایتەخت کە ئەمەش دەسکەوتێکی یەکجار زۆرە، چونکە بەڕای ئەوان کورد ئەگەر لەو زروفە بۆی نەلوێ کیانێکی سیاسی بۆ خۆی دروست بکا، هەوڵبدا کیانێکی ڕۆشنبیری بۆ خۆی دروست بکا لەڕێگای نووسینگە ڕۆشنبیرییەکانییەوە دەتوانێ ڕۆڵی قونسولیەتی سیاسی و ڕۆشنبیریش ببینێ، ئەمە ئامۆژگارییەک بوو دەبێ ئێمەش بە نەزەری ئیعتبار وەری بگرین.

*** مەسەلەی ئەندامبوونی کورد لە پەیمانگای جیهانی شانۆ بەکوێ گەیشت؟**

— ئێستا گەیشتینە قۆناغێکی باش، لە سەرەتای ساڵی نوێ کۆنفرانسی پەیمانگای جیهانی شانۆ هەیە، لەو کۆنفرانسە ئەندامی نوێ وەردەگیرێن و لەوانەیە هەندێک ئەندام داببڕێن، لەبەرئەوەی مەرجی ئەندام بوونیان تێدا نەمێنێ، ئیتر ئەوە کۆنفرانسە، بەڵێنێکی زۆریان پێداوین، کە لەو کۆنفرانسە مەسەلەی ئێمە ببەنە پێش و پاڵپشتی ئەڵمانیا و فەرەنساشیان بۆ مسۆگەر کردووین.

*** ماوەیەک پێش ئێستا ستافێک لە ئەڵمانەکان هاتن سەیری هۆڵە شانۆییەکانی هەولێریان کرد بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانیان چارەسەر بکەن، چییان کرد و گەیشتنە کوێ؟**

— ئەو برادەرانەی کە هاتن بۆ ئێرە، کارل بوو کە بەڕێوەبەری هونەری ئۆپێرای کۆڵنە، هەروەها مارک کە بەڕێوەبەری تەکنیکی ئۆپێرای پۆتسدام بوو، ئەوانە هاتن هۆڵەکانی پایتەختیان بینی، ئەوەبوو ڕێککەوتن لەسەر هۆڵی میدیا ئیش بکەن، کە شیاوترین هۆڵە بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن نمایشی خۆیانی تێدا بکەن، ئیتر نەخشەی کۆتاییان داناوە، "٢١"ی ئەو مانگە نەخشەکە تەواو دەبێ و بۆمانی دەنێرن، ئەوان گوتیان بە دوو ڕێگا ئیش دەکەین، یان ئەوەتا چاکی دەکەینەوە نیوە بە نیوە، نیوەی پارەکە ئەڵمانیا بیخاتە ئەستۆی خۆی، نیوەکەی تریش کوردستان، یانیش گوتیان ئێمە بۆ خۆمان چاکی دەکەینەوە و نمایشی خۆمانی لێ دەکەین، هەندێک کەلوپەلیشتان بۆ بەجێ دێڵین، ئێمە گوتمان جارێ نەخشەکەمان بۆ بنێرن بزانین چۆن دەبێ، لێرە لەگەڵ بەرپرسانی خۆمان باسی لەسەر دەکەین، ئیتر ئەو باسە تۆزێک دوامان خستووە تا نەخشەکە دەگاتە دەستمان و بڕی تێچوونەکەی، هەر لەوێش لەگەڵ پەیمانگای جیهانی شانۆ باسی تەکنیک و ڕووناکیمان کرد، نیمچە بەڵێنێکیان پێ داوین هەر لە ڕێگای کارلەوە، کە دیزاینی ئێرەی کردووە و هۆڵەکانی بینیوە و بزانێ پێداویستییەکانمان چییە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەخۆڕایی هەندێک شتمان بۆ دابین بکەن.

*** بۆ تەنها کۆنتاکەکانت لەگەڵ ئەڵمانیایە؟**

— کە لە ئەڵمانیاش بووم، پێیان گوتم باشە بۆچی کۆنتاکت تەنها لەگەڵ ئەڵمانیایە، کۆنتاک کردن لەگەڵ ئەڵمانیا شتێکی ئەوەندە ئاسان نییە، یاخود وڵاتێکی ئەوەندە کەم نییە ئێمە شەرمی لێ بکەین، ئەڵمانیا خاوەنی دەیەها نووسەرو دەرهێنەرو فەیلەسووفی ناوداری جیهانییە، ئەوەتا "برێخت، بسکاتۆر، گۆتە..." هەر لە بەرلین ٣٠٠ هۆڵی شانۆیی هەیە، وڵاتێکە زۆر دەوڵەمەندە لە بواری هونەری و بەتایبەتی لە بواری شانۆ، ٣ هۆڵی ئۆپێرای لێیە، ٣ گروپی ئۆپێرای لێیە، کە ئەو شتە دەگمەنە لە جیهاندا، دەبێ ئێمە زۆر شانازی بەوە بکەین، کە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا ئاوا ئامادەیە بێ هۆڵەکانمان بۆ چا بکاتەوە و وۆرک شۆپمان بۆ بکا، ئێستا ئەوان ئامادەییان هەیە ئێمە هەر چ کەسێک بنێرین بۆ ئەوێ بۆ وۆرک شۆپ و بینینی شانۆیی و نمایشکردنی شانۆیی لەوێ، بۆ دابینکردنی هۆڵ و پشتگیری کردنمان، ئەوە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی یەکجار گەورەیە دەبێ شانازی پێ بکەین پێش ئەوەی سڵی لێ بکەینەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئێمە پەیوەندیمان کردووە لەگەڵ گروپی ئێرتیجالی سویدی و برادەرانی هۆڵەنداو ئەوەتا شانۆگەریمان ناردووە لە ئێران نمایشکراوە و ئەوانیش دێن بۆ ئێرە، ئیتر ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردبین، یاخود ئەوەی ئامادەیی خۆی نیشان دابێ تەنسیقمان لەگەڵ بکا، ئێمە لەگەڵیمان کردووە، هەتا بە برادەرانی دەرەوەشم گوتووە ئەوان خۆیان سەرپشک بن، ئەوەی لە بەرژەوەندی شانۆی کوردییە با پێمان بڵێن و بیهێننە پێشەوە و ئێمەش ببەنە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنیان لەگەڵ بکەین و بتوانین ئێمە وەکو شانۆکاری کورد سوود لەو ئەزموونانەی دەرەوە وەربگرین.

*** ئەی بۆ مەسەلەی وۆرک شۆپات چیتان لە بەرنامە دایە؟**

— دوای هەڵبژاردن هەوڵدەدەین کۆنفرانسێک لە هەولێر بکەین، کە زیاتر هونەرمەندە جیهانییەکان بەشداری تێدا بکەن، بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین بۆ شانۆی کوردی و هۆڵەکان، دوای ئەو "کەی ئیڤرتۆن" کە سەرپەرشتیاری شانۆی گەنجان و منداڵانە لە وڵاتی ئەڵمانیا ئامادەیی خۆی نیشان دا بێتە ئێرەو یەکێک لە نەوەکانی برتۆڵ برێخت کە کوڕی کچی برێختە بێ لە شاری هەولێر وۆرک شۆپ سازبکات، خەڵکی تر ئامادەیی خۆیان نیشانداوە، ئیتر ئەوە دەخەینە بەرنامەی خۆمان و بەپێی توانای خۆمان ئەو وۆرک شۆپانە بەردەوام دەبێ و هەروەها داوایان کردووە کە کۆمەڵێک گەنج بنێرین بۆ ئەوێ، ئەوانەی سەرپەرشتی شانۆی منداڵان و گەنجان دەکەن بۆ ئەوەی لەوێ بەشداری لە "وۆرک شۆپەکان" بکەن، لەم نزیکانەش "وۆرک شۆپێک" لە شاری هەولێر دەکرێ، کە پەیمانگای گۆتە پێی هەڵدەستێ، ئەویش بە هاوکاری ئێمەو پەیمانگای گۆتەیە، ئەو کارانەش زۆربەیان لەسەر بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە.

*** بۆچی تەنها ئیشەکانی خۆت دەبەیە ئەڵمانیا؟**

— ئەو کۆنتاکە کە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی شانۆ دروست بووە، سەرەتای پرۆژەکە بیرۆکەی ئێمە بوو لەگەڵ برادەرانی ئەوێ، کە شانۆگەرییەک بە چوار زمان پێشکەش بکرێ، ئەوەبوو بەشداریمان کردو هاوکاریمان کردن هەر لە نووسین و گەڵاڵەکردنی بیرۆکە، ئەوەبوو من بە شەخسی داواکرام، تا ئێستا داواکارییەکان نەهاتووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی شانۆ، کە بڵێ یەکێکمان بۆ بنێرە، بۆ شەخسی خۆم هاتووە، هەر لە خیلالی ئەوەش کە بینیان مامەڵەم لەگەڵیان چۆنە، پەیمانگای جیهانی شانۆ داوەتیان کردم بۆ شانۆگەری دووەم، لەوێش گوتم ئەوجارە خەڵکی دیکەی لێیە و پێویستە ئەوان بێن، چونکە داوایان کرد جارێکی دیکە بچینەوە بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر مەسەلەی پەیمانگای جیهانی شانۆ و وۆرک شۆپەکان قسە بکەین، بەڵام پێیانمراگەیاند گوتم دەبێ ئەو پەیوەندییە فراوانتر بێ و خەڵکانێکی تر بێن بۆ ئێرە و ئەوانیش ببینن ئێرە چۆنە، ئینجا دەتوانین ئیشەکان فراوانتر بکەین، بەڵام خۆ ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ منیش کرابێ، من بەڕێوەبەری هونەری شانۆم، هەر دەبێ لەگەڵ یەک کەس بکرێ، پسپۆڕییەتی شانۆ لەو شارە من لێی بەرپرسیارم تێیدا، لە هەموو دنیاش پەیوەندی وایە هەر لەگەڵ کەسی یەکەمی شوێنەکە دەکرێت، ئەگەر یەکێکی دیکە بەڕێوەبەر با، لەوانەیە لەگەڵ ئەو بیانکردبایە، ئەگەر هونەرمەندێکی زۆر بەتوانا بایە یاخود ئیدارییەک بایە، بۆیە ئەو شتانە زیاتر ئیدارین، شتە ئیدارییەکانیش زیاتر لەگەڵ کەسی یەکەمی ئیداری شوێنەکە دەکرێت، هەر من نەچوومە پێش من "مامۆستا ئەحمەد سالار، عەبدولی حەمەجوان، کەڤاڵ سدقی، سێ هونەرمەندی دیکە لەو بەڕێوەبەرایەتییە چوونە، گروپێکی دیکە چوونە، منیش وەکو ئەوانی تر، بەڵام لەبەرئەوەی بەرپرسیاریەتییەکە زیاتر کەوتۆتە ئەستۆی من بۆ جاری دووەمیش دووبارە بۆوە.


دیمەنێک لە شانۆگەری "پیاوانی ئێمە"

## تەنــــز

ئەوە چ زەمانێکە تووشی هاتووین؟ زۆر سەیرە هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت زۆرجار کە ڕێم دەکەوێتە دایەرەی نفووس و ڕێک دەچمە ژووری ژمارە"14"کابرایەکی لێیە تائێستا نازانم ناوی چییە؟ خەڵکی کوێیە؟ هەرکە چاوی بەمن دەکەوێ لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستێ و بە دکتۆر دکتۆر بەخێرهاتنێکی گەرمم دەکاو بەپەلە ئیشەکانم ڕادەپەڕێنێ و زۆرجار پێویست بەوە بووە بچمە ژوورەکانی دیکە، ئەو پێی وتووم: لێرە بوەستە ئێستا ئیشەکانت بۆ جێبەجێدەکەم و دێمەوە. منیش نە دکتۆرم و تەنها مامۆستایەکی ئاسایی نازانم من بەکێ تێدەگا؟! هەمووجارێ نوقڵی لەدەم دەبارێ، کە دەڵێ:"ئێی کاک دکتۆر چۆنی؟ ئەحواڵت؟ ماڵەوەتان؟" تەبیعەتێکی حیزانەم نییە حەز بە شکانەوەی کەس ناکەم، پێم ناخۆشە بەرامبەرەکەم بەخۆیدا تەریق بێتەوە، بۆیە خۆم لە گوورە نابەم و بەدەم بزەیەکی گەشەوە پێیدەڵێم:"زۆر باشم و سوپاست دەکەم، ئەی تۆ توخوا چۆنی؟ ئەحواڵت؟ ماڵەوەتان". بەڕاستی سەیرە. ڕۆژێکیان ئەو لە یەک چوونە خەریکبوو کۆتایی بە ژیانم بێنێ.



شاخەوان عەلی حەمەد

ڕۆژێکیان بە سەفەر چووبوومە کەرکووک، لەکۆڵانێکدا دەگەڕام کە ماڵی هاوڕێیەکی سەردەمی پەیمانگا بەیەکەوە بووین، بەڵێنم پێدا بچمە سەردانی، ئەو ناونیشانەی لە ئەوم وەرگرت، بە زەحمەت چوومەوە سەری، چەند کۆڵانێکم کردو لەهەر کۆڵانێک ئەوەندەی پرسیاری ئەو هاوڕێیەم لێ دەکردن، کەس نەیدەوت ئەوە ماڵیانە، لەو کۆڵانەی ڕێک بۆی ڕۆیشتم و بەهەمووی شەش حەوت ماڵێک مابوو بگەمە بەردەمی، لە کۆڵانەکەی دیکەوە گەنجێک بەدوامەوە بوو، بەشێوەیەکی ئاساییم وەرگرت، چونکە هیچم لەخۆم شک نەدەبرد، ئەو گەنجە مۆبایلێکی بەدەستەوە بوو، ئێستاش مۆبایلی لەگوێی نەکردەوە، تا ئەو ڕادەیەی پێش ئەوەی بگەمە بەردەم ماڵی ئەو هاوڕێیەم هەر ئەوەندەم زانی سەیارەیەکی سوپەر کراون لە تەکم ڕایانگرت، کە من لەسەر شۆستەکە دەڕۆیشتم، بە پەلە پرۆزێ دابەزین و بەجارێ شالاویان بۆ هێنام و بە چەقۆو شەق و مست و پێلەقە وەرگەڕانە سەرم، هەرچەندی هاوارم دەکرد: ئێ بۆ وام لێدەکەن؟ من ناتانناسم؟ من چیم کردووە؟ گوێیان بە قسەکەم نەدا، تا یەکێک لەو چوارکەسە وتی:"کوڕینە وازی لێبێنن ئەوە هەونییە؟!!" یەکێکیان وتی:" کێ دەڵێ ئەوە برای نییە، ئەی شورتە هەر شورتە نییە؟". وتی:" نا، ئەو کوڕە تاقانەیەو هیچ برای نییە" هەر ئەوکەسە وتی:"ئینجا برای نییە خۆ ئامۆزایەتی پێیەک لێیەوە نزیکە". وتی:"کورە ئەو کورە ئامۆزاشی نییە، دەی با ڕاکەین"تا بە غاردان خۆیان کوتایە ناو سەیارەکەو بە تەڕناش بۆی دەرپەڕین، هەر ئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو، ئەو هاوڕێیەم کە دەرگا دەکاتەوەو بەو شێوەیەم دەبینێ بەپەلە دەمکاتە ناو سەیارەکەی و بەرەو نەخۆشخانەم دەڕفێنێ. کاتێ بەئاگا هاتمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەوتووم، کاتێک بۆ لێکۆڵینەوە ئەفسەرێکی پۆلیس هاتەلام و وتی:"تۆ دوژمنداری؟". وتم:"نەخێر". وتی:"ناخۆشیت لەگەڵ کەسدا هەیە؟". وتم:"ئەوە بۆ دووساڵ دەڕوا، یەکەمجارە بێمە ئەو شارەو بۆ سەردان هاتبوومە لای ئەو هاوڕێیەم، کەچی تووشی ئەو چەتانە بووم". وتی:"چەند کەس بوون" وتم:"چوار" وتی:"سەرو سەکوتیان چۆن بوو؟" وتم:"ناتوانم و نازانم چۆن وەسفیان بکەم، هەرچواریان خۆیان دەمامکدابوو، دیاربوو دوژمندار بوون، بە هەڵە وایانزانی من دوژمندارەکەیانم" وتی:"دواشت تۆ داوای چی دەکەیت؟ دەتەوێ چی بڵێی؟" وتم:"من داوا لەسەر کەس تۆمار ناکەم، چونکە کەس ناناسم، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە گوناهی من چییە من بەکابرایەک بچم پیاوی کوشتبێ و بەدوای ئەوەوە بێن بمکوژن، هەر خوا ڕزگاری کردم، هیچی ترم نییە". ئەفسەرەکە دەفتەرەکەی دەستی لێ نزیک کردمەوەو وتی: دە لەخوارەوە ئیمزای بکە. بە دەستێکی لەرزۆکەوە ئیمزام کرد.

# عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە وەفدێکی مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوی لاوانی سەردەم دەکات



**راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان**

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٩ عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەنووسینگەی تایبەتیی خۆی لەتەلاری پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لەوەفدێکی ڕێکخراوی لاوانی سەردەم کرد.

لەدیدارێکدا سەرەتا وەفدی میوان کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان ڕوونکردەوە کەلەبواری ڕاپرسی لەسەر بەشداریکردنی گەنج لەدەسەڵات و ڕاپرسی لەسەر هەڵبژاردندا کار دەکەن و تائێستاش لەچەندین ناوچەی جیاجیای هەرێمی کوردستاندا لەوانە هەولێرءڕواندزو هەریرو چۆمان زنجیرەیەک ۆرک شۆپیان ئەنجامداوە.

لەلایەن خۆیەوە عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشیی لێکردن کەخۆبەخشانە کار دەکەن و داوای لێکردن چالاکییەکانیان فراوانتر بکەن بۆئەوەی گەنج زیاتر ڕۆڵی خۆیان لەپرۆسەی بڕیاردان و سیاسەتدا ببینن، هەروەک وتی: گەنجان و لاوان بنەمای هەموو گۆڕان و پێشکەوتنێکن و پێویستە گەنجان سوود لەئەزموونی نەوەکانی پێش خۆیان وەربگرن و تێڕوانیان بۆ دەسەڵات بابەتیانە بێت و ئەوەیان لەبەرچاو بێت کەئەوانەی ئێستا لەدەسەڵاتن ڕۆژێک لەڕۆژان وەک ئەوان گەنج بوشون و ئێوەش گەر ڕۆژێک لەڕۆژان بگەنە دەسەڵات نەوەی دوای ئێوە دێنە پێش و ڕەخنە لەئێوەش دەگرن.

هەرلەدیدارەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لەگرنگیی هەڵبژاردنەکان کردو بەهەنگاوێکی گرنگی بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی لێکدایەوەو وتی: خەڵک بەهەڵبژاردن ڕۆشنبیری دیموکراسیی بەهێزتر دەبێت، هەروەک هانیدان لەسەر پڕۆژەکانیان بەردەوام بن.

پاشان وەفدی میوان دوای ئەوەی سوپاسی سەرۆکی پەرلەمانیان کرد بۆ ئەو پێشوازییەو ڕوونکردنەوانەی، دەرئەنجامی چەندڕاپرسییەکیان لەسەر بەشداریی گەنجان لەپرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنی خەڵک لەپەرلەماندا پێشکەش بەسەرۆکی پەرلەمان کرد.

# هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە دەڤەری بادینان



**فوئاد باپیر**

لەدرێژەی چالاکییەکانی لیژنەی باڵای بانگەشەی هەلبژاردن بۆ لیستی کوردستانی و سەرۆک بارزانی لە ناوچەی بادینان سەعات ١١ ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٨ لەکۆبوونەوەیەکی فراواندا لەگەل چین و توێژە جیاجیاکانی شاری زاخۆ هەردوو بەڕێزان مەسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پ.د.ک و سەعدی ئەحمد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک لەدوو وتاردا گرنگی هەلبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمیان بۆ جەماوەری ئامادەبوو ڕوونکردەوە.

کۆبوونەکە بەئامادەبوونی ئازاد بەرواری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پ.د.ک و جەمال یوسف ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ک و شیرین ئامێدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی وحازم یوسفی نوێنەری ی.ن.ک لەقاهیرەو ئەحمەد بەرواری نوێنەری ی.ن.ک لەئەلمانیا و بەرپرسی لقی زاخۆی پارتی و بەرپرسی مەلبەندی زاخۆی یەکیتی و بەرپرسی مەلبەندی موسل بەڕێوەچوو سەرەتا بەرپرسی لقی پارتی بەناوی لق و مەلبەند بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد، پاشان مەسرور بارزانی لەوتارێکدا وێرای بەرز نرخاندنی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی خەلکی زاخۆ کەلەسنگەری پێشەوەی خەبات بووینە سلاوو ڕێزی هەردوو سەرۆک تالەبانی و بارزانی و سەرکردایەتی هەردوو حزب و لیستی کوردستانی بەخەلکەکە ڕاگەیاند.

سەبارەت بەهەلبژاردن بارزانی ڕایگەیاند: قۆناغی داهاتووی خەباتی میللەتەکەمان گرێدراوە بەبڕیاری ئێوەو دەنگی ئێوە لەسندوقی هەلبژاردن، بۆیە گرنگە بزانن کێ شایستەی دەنگی ئێوەیەو کێ ئەو دەسکەوتانەی هێناوەتەدی و کێش دەتوانی بیانپارێزێ و ئەوەی ماویشە بەدەستی بێنێت، وتیشی: بۆ ئێمە سەرکەوتنی پرۆسەکەو نیشاندانی ئاستی پێشکەوتنی دیموکراسی لەهەموو شتێک گرنگترەو داواشی لەلایەنگرانی لیستی کوردستانی و ڕکابەرەکانیشی کرد خۆیان لەتوندوتیژی لابدەن و سەرکەوتنی هەڵبژاردن بەسەرکەوتنی گەلی کوردو دیموکراسی بزانن.

سەبارەت بەگۆڕان و گۆڕانکاریش بەڕێزیان ئەوەی ڕوونکردەوە، کە گۆڕان و چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامی ژیانەو پێویستە گۆڕانکاری لەخزمەت خەلکی دابێت بەڵام ئەوانەی کەئەمڕۆ بۆ چەواشەکردن باسی گۆڕان دەکەن حەقە لێیان بپرسین کاتێک لەبەرزترین پلەی دەسەڵات بوون بۆچی گۆڕانیان نەدەکرد.

مەسرور بارزانی لەوتەکەیدا کەئاراستەی جەماوەری زاخۆی کرد باسی لەو مەترسیانەش کرد کەتا ئەمڕۆش هەڕەشە لەدەسکەوتەکانمان دەکەن لەوانە هێشتا ماددەکانی دەستوور بەتەواوی جێبەجێ نەبوون لەوانەش مادەی ١٤٠ و گێرانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و هەڕەشی تیرۆریش، کە مەترسییە بۆسەر هەموو جیهان کوردستانیشی لێ بەدەر نییە، بۆیە بەبیریهێنانەوە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە پێویستیمان بەسەرکردایەتییەکی بەهێز هەیە و داواشی لێکردن ئەم تەبایی و یەک ڕیزیەی لەناو میللەتەکەمان و نێوانی هەردوو حزبی خەباتگێر هەیە بپارێزن، چونکە دەسکەوتەکان بەرهەمی ئەو تەباییەیە.

پاشان سەعدی ئەحمەد پیرە لەوتەیەکدا خەباتی خەڵکی زاخۆی بەرز نرخاندو وتی: ئێمە زاخۆ تەنها بەپردی دەلال و ئیبراهیم خەلیل ناناسین، بەڵکو بەقوربانیدانی گوندی (بۆسەلێ)ش ئێوە دەناسینەوە، کە تەنها گوندێکەو زیاتر لە ١٠٠ شەهیدی هەیە.

دواتر باسی لەپێشکەوتنەکان کردو ڕوونیکردەوە پێشترو لەساڵی ١٩٩١ جیهان و دەوروبەر مامەلەیان لەگەل هەرێم لەسنووری مرۆیی بوو، بەڵام بە بڕیاری حەکیمانەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و هەردوو سەرۆک تالەبانی و بارزانی ئێستا مامەڵەکە سیاسییەو چەندن کۆنسلگەری وڵاتانی گەورە لەهەولێر کراونەتەوە، ئەمەش کێرڤی هەرێمی لە بواری نێودەوڵەتی بەرز کردۆتەوە .

سەبارەت بەئاوەدانیش ئەوەی بەبیر ئامادەبووان هێنایەوە، کە ئێمە تاماوەیەکی زۆر لەژێر ٣ ئابلۆقە دابووین لەگەل ئەوەش وڵاتەکەی خۆمان ئاوەدانکردۆتەوە، وتیشی: جیاوازی نێوان شاری زاخۆو شارەکانی تری کوردستان و گەشەکردنیان لەساڵی ١٩٩١ و تائەمڕۆ باشترین بەڵگەی ئاوەدانییە لەکوردستان و ڕاشیگەیاند: بڕیاریشە نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێلەیی لەزاخۆ دروست بکرێت و ئەو کۆلیژانەشی ئێستا لەزاخۆ هەن بەنەواتی دروستکردنی زانکۆیەک لەو شارە ناوبردو وتیشی: بەهەولی نوێنەرانتان لەبەغدا بڕیارە زاخۆ بکرێتە بەندەری وشکانی عێراق، چونکە بۆ ئێمە زاخۆ وەک بەسرا وایە لە باشووری عێراق .

پاشان هەردووئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان و وەدیهێنانی مافەکانی کە ماومانە داوایان لەئامادەبووان کرد دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن، چونکە بەرنامەی لەو بابەتە بەهێزی ڕەسەن و بەپالپشتی جەماوەر جێبەجێ دەکرێت. بۆئەوەشی هەرێمەکەمان لەدەستێکی ئەمین دابێ و لەلایە ن کەسێکەوە نوێنەرایەتی بکرێت، کە خۆی یەکێکە لەئەندازیارانی دامەزراندنی ئەم هەرێمەو ناسراوە لەسەر ئاستی ناخۆو جیهان داوایان کرد بۆسەرۆکی هەرێم دەنگ بەبەڕێز مەسعود بارزانی بدەن.

سەردانی پێشمەرگەی دێرین ڕەشید سندی کرد

سەعات ٢:٣٠ پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٨ هەڤال سەعدی ئەحمەد پیرە هاوڕێ لەگەل جەمال یوسف ئەندامی سەرکردایەتی و حازم یوسفی نوێنەری ی.ن.ک لەقاهیرەو ئەحمەد بەرواری نوێنەری ی.ن.ک لەئەلمانیاو هەردوو بەرپرسی مەلبەندی زاخۆو موسل و چەند هەڤالێکی تر لەشاری زاخۆ سەردانی ڕەشید سندی پێشمەرگەی دێرین و کەسایەتی ناسراوی ناوچەی زاخۆو کوردستان و هاوڕێی پێشمەرگایەتی هەڤال مام جەلال لەشۆڕشی ئەیلول کردو لەو سەردانەدا دیاری تایبەتی سەرۆک تالەبانی پێشکەشی ناوبراو کرد.

پاشان پێشمەرگەی دێرین ڕەشید سندی ستایشی ڕۆلی هەڤال مام جەلالی کرد لەشۆڕشەکانی کوردستان و خەباتی پێشمەرگایەتی و سوپاسی ئەو دیاریەشی کردو بەدیارییەکی بەنرخ و لەیاد نەکراوی وەسف کرد.

شایانی وتنە ڕەشید سندی دەرچوو کۆلێژی سەربازی عێراقەو لەگەل دەسپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی بەشۆڕش کردووەو چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا جێگری بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری.

هونەری بەدرخان
Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud_ibrahim_ar@yahoo.com
ژمارە ٣٣ - ١٢٢ - چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/٢٢ی زایینی

# لە کەشێکی خەمناک و جیاوازدا کەرنەڤاڵی حوسێن میسری بەڕێوەچوو


لە کەرنەڤاڵی حوسێن میسری سلێمانی ٢٠٠٩/٧/٨

**ئا: مەسعودی مەلا هەمزە- سلێمانی**

بە ئامادەبوونی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەمی عێراق و جەماوەرێکی بەرچاو لە هونەرمەندان و رۆشنبیران و شاعیران و رۆژنامەنووسان و خزم و کەس و دۆستی هونەرمەند حوسێن میسری، ئێوارەی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/٧/٨ لە هۆڵی تەلاری هونەری شاری سلێمانی بە بۆنەی چل رۆژ تێپەڕبوون بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی دەرهێنەر حوسێن میسرس دەزگای چاپەمەنی خاک کەرنەڤاڵی حوسێن میسری سازکرد.

لە سەرەتای کەرنەڤاڵەکەدا گروپی دەفی دەربەندیخان بە دەفەوە لە دەرگا هاتنە ژوورەوە و چەندین نمایشی دەفیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

دواتر فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر ژیانی هونەرمەند حوسێن میسری نمایشکرا، کە تێیدا وێستگەکانی ژیانی میسری زۆر بەجوانی خرابووە روو، هەر لە ژیانی گەنجی و گەڕەکی شوان و کتێبخانەکەی ماڵەوەی و ئاهەنگی بەیەکگەیشتنیان لەگەڵ چیمەن خانی خێزانی و دراماو کاری هونەری و کەسایەتی خۆی.

دواتریش لە لایەن ئەندامانی بەشی درامای خاک شانۆگەرییەک پێشکەش کرا، لەو شانۆگەرییەدا وێڕای ئەوەی بەشێکی زۆر لەو حیوارانەی بەکارهاتبوو بریتی بوون لە حیواری کارەکانی میسری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار باسیان لە غیاب و ئامادەیی میسری کرد و ئەوەش هەموو هۆڵەکەی خەمبار کردو خستە گریان.

هەر لەو شانۆگەرییەش بوو، کە یارۆی کوڕە تاقانەکەی حوسێن میسری بە پایسکیل بەسەر تەختەی شانۆ سووڕایەوەو هۆڵەکەی خەمبار کرد.

دوابەدوای ئەوانیش تیپی شانۆی قەڵا، کە لە کەرکووکەوە هاتبوون، بە هەرسێ زمانی "کوردی، عەرەبی، تورکی" شانۆگەرییەکیان پێشکەش کرد و داواشیان کرد ئامادەبووانی هۆڵەکە رێگا بدەن بۆ ساتێک میسری لەگەڵ خۆیان ببەنەوە کەرکووک و بەیەکەوە پیاسەیەکی گەڕەکی شوان و سینەما دلشاد و شوێنەکانی دیکەی شاری کەرکووک بکەن.

جێی ئاماژەیە هەر لەو کەرنەڤاڵەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەفتەنامەی بەدرخان بەسەر میوانان دابەش کرا، کە پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەیی تایبەت بە کەرنەڤاڵی میسری لەخۆگرتبوو، کە لە ئامادەکردنی "حەمید بەدرخان و مەسعودی مەلا هەمزە" بوو، تێیدا چەندین بابەتی گرنگ و ژیاننامەی میسری تێدا بڵاوکرابووەوە و لە کەرنەڤاڵەکەشدا لە لایەن چیمەن خانی خێزانی حوسێن میسری سوپاسی تایبەتی بەدرخان کرا.

ئەوەی ماوە بگوترێ میسری لە ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی شوانی شاری کەرکووک لەدایک بووەو لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٣١ بە سەکتەی دڵ ماڵئاوایی لەدۆستان و هەڤاڵان و چیمەنی خێزانی و یارۆی تاقانە کرد و لەگردی ئابڵاخی شاری سلێمانی نێژرا.



# دەزگای خاک کێی هەیە بۆ شوێنی حوسێن میسری ؟!!


ئاکۆ غەریب

**تایبەت بە بەدرخان- سلێمانی**

دوای ئەوەی لە ٢٠٠٩/٥/٣١ هونەرمەندی دەرهێنەر و بەرپرسی بەشی درامای خاک حوسێن میسری بە سەکتەی دڵ دواماڵئاوایی لە دۆستان و هاوڕێیانی کرد، وەکو بەدرخان بەپێویستمانزانی کە بزانین دەزگای خاک دوای میسری کێ دادەنێنەوە لە شوێنی ئەو تا کار بکا، لەو بارەیەوە ئاکۆ غەریب بەڕێوەبەری گشتی دەزگای چاپەمەنی خاک لە لێدوانێکی تایبەت بە بەدرخان گوتی:

حەزدەکەم ئەوەتان پێ بڵێم کە ئەو بۆشاییەی حوسێن بۆ ئێمەی دروست کرد، پێمان پڕ نابێتەوە، ئەوە برینێکە وا بەئاسانی سارێژ نابێ چونکە قوڵە، هەتا ئێستا ئێمە ئەوەندەی بە ئازاری رۆیشتنی حوسێنەوە دەناڵێنین بیرمان لەوە نەکردۆتەوە، کە بەشی دراما بدەینە دەست کەس، تاکو ئێستا ئەوەی لە خەیاڵمانە بیکەین، ئەوەیە کە دەمانەوێ جارێ هەر چەپکە گوڵەکانی حوسێن لەسەر مێزو کورسی دابنێینەوە و دەستکاری شوێنەکەی نەکەین، پێشناچێ دەستکاری بەشی دراما بکەین و دایبنێین وەکو جێ نزرگەیەک و بۆ سوکنایی دڵی خۆمان، ئەو شوێنە بهێڵینەوە دەستکاری نەکەین، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا ئەوە هونەرە ناوەستێ، بەڵام هێشتا پرۆژەیەکمان نییە بۆ ئەوەی کە چ برادەرێکی دیکە دەیەوێ ئیش بکا، هێشتا هیچ پرۆژەیەکمان نییە و بیریشمان لێ نەکردۆتەوە، نازانین چۆن دەبێ، هەندێ پرۆژەی حوسێن هەیە لەوانەیە پێش ئەوەی بیر بکەینەوە هەوڵدەین ئەو پرۆژانەی حوسێن بە شێوەیەک لە شێوەکان جێبەجێ بکەین و بۆی تەحقیق بکەین، لەدوای ئەوەش کە نازانم کەیە بیر لەوە دەکەینەوە، کە چۆن بەشی دراما بەشێوەیەکی تر بخەینەوە گەڕ، لەوەش ناچێ لەدوای حوسێن بتوانین یەکێکی دیکە بێنین و بیکەین بە لێپرسراوی بەشی دراما، بەقەد ئەوەی بەشێوەیەک ئیش بکەین، کە هەر هونەرمەندێک بیەوێ ئیش بکا ئێمە چۆن کۆمەکی بکەین و وابکەین بەرهەمی هەبێ.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا نابێ ئەو درامایانەی کە بەرهەمی دەهێنن ئەگەر باشتر نەبێ، نابێ خراپتر بێ لەوەی حوسێن، ئاکۆ گوتی: من بۆیە باسی ئەوەم کرد، کە جارێ هیچ بیرمان لێ نەکردۆتەوە، لەبەرئەوەیە، هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی ئێمە هەم شوێنەکەی حوسێن بە کەسێکی دیکە پڕبکەینەوە، کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین ئەوە بکەین، هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی ئێمە بیر لەوە بکەینە بەشی دراما بە شێوەیەکی تر دابنێینەوە، چونکە حوسێنیش کە بەشی درامای گرتە دەست، بە کۆمەڵێ تەنگژەو کۆمەڵێ کێشەوە گەیشتە ئەوە، هەنگاوی زۆری بڕی، برادەری زۆر هاتن و لە بەشی دراما ئیشیان کرد، تەنیا حوسێن بوو، کە مایەوە و توانی ئەو ماوە دوور و درێژە لەگەڵمانا بمێنێتەوەو ئیشەکانی خۆی بکا، بۆیە قورسە بگەڕێی یەکێکی وا بدۆزیەوە، دەبێ ئەو کەسە وەکو حوسێن خۆی بێت، ئێمە حوسێنمان نەدۆزییەوە و بانگمان نەکرد بڵێین وەرە دراما بکە، حوسێن خۆی لێرە خۆی سەپاند کە دراما بکا، لەبەرئەوە ئێستاش هەروا بیر دەکەینەوە و دەشمانەوێ هەروا ئیش بکەین.

جێی ئاماژەیە دەزگای چاپەمەنی خاک و تەلەفزیۆنی خاک یەکەم تەلەفزیۆنی کوردین، کە بەشی تایبەت بە درامایان هەبێ و میسریش یەکەم لێپرسراو و بەرپرسی بەشی درامای کوردی بوو.



**ئاکۆ غەریب: ئەو بۆشاییەی حوسێن بۆ ئێمەی دروست کرد، پێمان پڕ نابێتەوە**

## ئەودیوی شتەکان

هەر کە باس لەودیوی شتەکان دەکەین، بیرمان بۆ کۆمەڵێک شتی سەیر و سەمەرە دەچێت، هەر لە سیاسەت و گەمەکانی، کاراکتەرانی ناو دەقێکی ئەدەبی...هتد، بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە و دەمەوێ باسی بکەم ئەودیوی شتەکانە لە هونەر، بۆ نموونە کە فیلم یا دراما و یا گۆرانییەک بەرهەم دێ بینەری کورد نازانێ ئەو کارە چۆن کراوە و لەودیوی کارەکە چی روویداوە، کە پشتی کامێرایە، لەوانەشە چەندین شتی خۆش و ناخۆش لەو شوێنە روویدابێ، بەڵام ئایا کێ هەستی پێ دەکا و باسی دەکا، یان هونەرمەندێک کە بەرهەمێک بەرهەم دەهێنێ، وێڕای ئەو هەموو مەسروفات و ماندووبوونەی دەیکا، کەچی تۆمارگاکان و کەسانی نا بەرپرس زۆر بە سانایی و لە ماوەیەکی کەمدا کۆپی دەکەن و کەسیش نییە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکاو بە پێی یاسا سزای بدا.

ئەوەی باسمکرد بەشێک بوو لە خاڵەکانی ئەودیوی شتەکان، بەڵام ئایا هونەرمەندان لە لایەنە مادییەکەیەوە چی دەکەن لەو دیوی هونەرەوە، ئەوە خاڵێکە و دەکرێ لەسەری بوەستین، خۆ راستە هونەرمەند مافی خۆیەتی پارەداربێ و هونەرەکەی بۆ پارە پەیداکردن بەکاربێنێ، بەڵام نەک لەو وڵاتە، کە هەموومان دەزانین ئەوەی کە ئەبەدەن پارە پەیدا ناکا هونەرە، بەڵام هەندێ جار هونەرمەندەکان لە پەنای کاری هونەری و لەو بڕە پارەیەی بۆ کارە هونەرییەکان وەریانگرتووە شت دەکەن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری دێنن.


مەسعودی مەلا هەمزە

لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەمەڕوو، کە حەزیش دەکەم هەریەک لە ئێوەی خوێنەر رای تایبەتی خۆی لە بەرامبەر نموونەکان بخاتەڕوو:

* بۆچی دەبێ هونەرمەندێک لە پەنای سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی دووبارە هەڵەبجە کیمیاباران بکاتەوە و ئەو کۆمپانیایانەی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتبوو بە باش و بێ تاوان بیانخاتەڕوو..!؟

* بۆچی دەبێ دەرهێنەرێکی شانۆیی لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ داوای یارمەتی لە وەزارەتی رۆشنبیری بکا و دواتریش نووسراوەکەی هەر بچێتەوە لای بەڕێوەبەرایەتی شانۆ..؟!

* بۆچی دەبێ دەرهێنەرێکی سینەمایی کە دەکرێتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی سینەما خێزان و کوڕە خەزوورەکەی بە دەرهێنەر دابمەزرێنێ؟!

* بۆچی دەبێ دەرهێنەرێکی برا موسڵمان لە درامایەکیدا "٤" دەفتەر دۆلار تەنها بۆ ریکلامکردن وەربگرێ و هەقی هەر ئەکتەرێک لە دراماکە لە نیو ملیۆن دینار تێپەڕ نەکا!؟

* بۆچی دەبێ هونەرمەندێکی بە ئەزموون و ریش سپیکەر لەناو هونەری کوردی بۆ "٧٥٠٠" دۆلار لە شەخسیەتی خۆی بدا و پێداویستی شوێنێک بفرۆشێ؟!

* بۆچی دەبێ هونەرمەندێک کە خۆی بەعسی بووە، ئێستا ناز بەسەر خەڵک بکاو بڵێ ئەو بەعسیانە ناهێڵن ئیش بکەم!؟

* بۆچی دەبێ گۆرانیبێژێک کە هێشتا سیدی یەکەمی بڵاونەبۆتەوە، بکرێتە ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندن لە بەرنامەیەک؟!

هەموو ئەو بۆچییانە وەڵامی خۆی هەیەو سیفەتێکی یەکێک لە هونەرمەندە کوردەکانە، بەڵام بۆچی وادەکەن و هونەر بەکاردێنن بۆ ئەوکارە ئەوە نازانم!

# فەرەجوڵڵای سەڵەحشۆر دەرهێنەری درامای یوسف و یارانی ئەشکەوت لەدیدارێکی بەدرخان


دەرهێنەری درامای یوسفی راستگۆ فەرەجوڵڵا سەڵەحشۆر


دیمەنێک لە دیداری دەرهێنەر فەرەجوڵڵا سەڵەحشۆر لەگەڵ تیمی بەدرخان، تاران ٢٠٠٦

**دوای ئـەوەی لە ژمارەی رابردوو بەڵێنمان پێـدان کـە ژمارە لـەدوای ژمـارە دیداری هەریەک لە سـتافی کاری درامای "یوسفی راستگۆ"تان بۆ بڵاوبکەینەوە، لەو ژمارەیەدا فەرەجوڵڵای سەڵەحشۆر دەرهێنەری هەردوو زنجیرە درامای "یارانی ئەشکەوت و یوسفی راسـتگۆ"مان دوانـدووە، ئـەو دەربـارەی کارەکانی خۆی و بەرهەمی سـینەماکارانی کورد بۆ بەدرخان قسەی کرد...**

## ئا: تیمی بەدرخان- تاران

*** لەکوێ هاتوویە دنیاو لەکەیەوە ئاشنای دنیای هونەر بووی؟**

– سـالّی ١٩٥٦ لە شاری قەزوین لەدایـک بوومـە، لـە تەمەنی هەشت نۆ ساڵییەوە هاتووینەتە تـاران، لـە دوای تەواوکردنی قۆناغـی دواناوەندییـەوە وەک ئەکتەر رۆڵم لە شـانۆدا دیوە و لە چەند شـانۆگەرییەکدا رۆڵی سـەرەکیم هەبـووە، لەوانەش "شـانۆیی دەقیانووس، حەسار لـە حەسـاردا، شـەوی ئاخر، پیاوی عەمەل، ئەیوبی پێغەمبەر" دیـارە ژمارەیان زۆرەو ئێسـتا هەموویانـم لەبیر نەماوە. دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ بە شێوەیەکی جدی هاتمە ناو کاری سـینەماوە و لە چەند فیلمێکدا رۆڵم بینی، وەک: "فرین لە شەودا، مرۆڤ و چەک، گۆڕکەن، ئەیوبـی پێغەمبەر" و چەند فیلمێکی تر.

لەساڵی ١٩٩٢وە هەتاکو ئێستاش وەک دەرهێنەر کاردەکەم. یەکەمین دەرهینانی شـانۆییم کارێک بوو بەنـاوی "ئەیوبـی پێغەمبـەر" ەوە کە دواتر ئـەو کارەم کرد بە درامایەکی پێنج ئەلقەی "٤٠" دەقیقەیـی لـە دوای ئـەو کارە زنجیرە درامای یارانی ئەشکەوت و ئێسـتاش خەریکـی زنجیرەی درامـای "حەزرەتـی یوسـف"م تەواوکردووە.

*** سـەرەتا دەقی ئەیوبـی پێغەمبەرت بۆ شانۆ ئامادە کرد دواتر چۆن بوو بڕیارتان دا دەقەکەی کە بۆ شـانۆ نوسراوە ئامادەی کەیت بۆ تەلەفزیۆن؟**

ئـەو دەقـە ئامادەم کـرد بۆ تەلەڤیزیۆن و بوو بە درامایەکی پێنج ئەڵقـەی چیرۆکێکی دوورو درێژی هەبوو زۆریش جیاواز بوو لـەگەڵ ئەو دەقەی، کە بۆ تەختەی شانۆم نووسیبوو.

ئایا ئەو درامایە سەرکەتوو بێت سـەرنجی بینەران بۆلای خۆی را بکێشێت لە سەردەمی خۆیدا زۆر باش بوو توانای ژمارەیەکی زۆر بینەر بۆ خۆی رابکێشێت.

تەنانەت کاتێکـش وەک دەقێکی شـانۆیی نمایشـم کـرد هـەر پێشوازییەکی گەرم و باشی لێکرا.

*** کەواتە ئەنجامی باشی "ئەیوبی پێغەمبەر" بـوو کـەوای لێکردی بتوانی دەسـتبدەیتە کارێکـی قـورس و گـەورەی وەک "اصحاب الکهف" کـە زنجیرەیەکی هەژدە ئەڵقەیی بوو؟**

– خـودی ئەیوبـی پێغەمبـەر ئەزموونێکـی زۆر باشـبوو، هەروەها ئەو ئەزموونە زۆرەی کە وەک ئەکتەر و دەرهێنەر لە شانۆ هەمبوو یارمەتیدەرێکی باشـبوو بۆم دیارە لەو کارەشدا راوێژکار و یارمەتیـدەری بـە ئەزموونم هەبوو.

*** تا چەند دەستکاری چیرۆکە ئەسڵەکەت کردبوو لـە درامای "اصحـاب الکهف" دا، چونکە ئـەوەی ئێمـەی دیمـان دەقاودەق چیرۆکـی "اصحاب الکهـف" نەبوو. بەڵکو گۆڕانکاری گەلێکی تیا ئەنجام درابوو؟**

– لەسەدا شەسـتی چیرۆکەکەدا گۆڕانـی تیا کـراوە، وەک خۆی ئیشـم تیا نەکردووە. کەسایەتی تازەو جوزئیاتی تایبەتم هێناوەتە ناوی، کە لە چیرۆکە ئەسڵییەکەدا نییە.

*** چەنـد راوێژکارت هەبـوو لەو کارەدا و بەگشـتی ماوەی وێنـە گرتنەکەی چەندی خایاند؟**

– بەگشـتی سـاڵ و نیوێکـی خایاند.

*** وەک نووسـەر و دەرهێنەری دراماکە تا چەند لە ئەنجامی کارەکەت رازی بووی؟**

– بە کارێکی باش و سەرکەوتووی دەزانم، ئەگەرچی دەرهێنەر نابێ بەباشە قسـە لەسەر کاری خۆی بکات، چونکە تووشـی کێشە و گرفتـی تر دەبێ، بـۆ کارەکانی ئاییـندەی و لە جێـگای خۆیدا دەمێنێتەوە و پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێ و شکسـت دێنـێ. بەڵام بەپێی ئاماری رۆژنامەکان لەلایەن خوێنـەران و رەخنەگرانـەوە پێشوازییەکی زۆری لێکرا، رەنگە کارێکی باش بووبێت.

*** چـۆن بـوو بڕیارت دا لـە دوای یارانی ئەشـکەوت دەسـتت بۆ چیرۆکی حەزرەتی یوسـف برد و بڕیـارت دا بیکەیتە دراما؟ چی وایلێکردیت ئەم چیرۆکە هەڵبژێریت؟**

– مـن بەگشـتی چیرۆکەکانـی قورئانم زۆر خۆشدەوێ و پێشموایە باشـترین چیرۆکەکانی مێژووی مرۆڤایەتـی چیرۆکەکانـی ناو قورئانە، هەر ئەو چیرۆکانەی، کە خوای گـەورە لە قورئانەکەی خۆیدا هێناونی، بۆیە بۆ من زۆر جیاوازی نییە لە نێوان چیرۆکێکی وەک چیرۆکی حەزرەتی یوسـف بـەو گەورەییـەوە تادەگاتـە چیرۆکەکانی موسـا و عوزەیری نەبی بـەو بچووکی و کورتییەی خۆیەوە. هەموو ئەمانەی خاوەن تایبەتمەنـدی خۆیانن لە هەموو دنیاشـدا کەڵکیان لێوەردەگیرێ. میللەت و قەومییەت ناناسـن و تایبەتیـش نیـن بەفەرهەنگێکی دیاریکـراوەوە، بـۆ هەمـوو کەسێکەو سنووریشیان دیاریکراو نییە بە سـەردەمێکی تایبەتەوە دەکرێ لەهەموو سـەردەمەکاندا کەڵکیان لێـوەر بگیرێت. هەرگیز کـۆن نابن ئەگەر باش دروسـت بکرێـن بـاش پێشـوازییان لێدەکرێـت و سـوودمەندبن، مێژووییەکی دیاریکراویان نییە، خودی سـورەتی یوسف هەزار و چوارسەدساڵە دەخوێندرێتەوە، بەرداشتی لێدەکرێت و راڤەی نوێی بۆ دەکرێـت و هەرگیز کۆن نابن. زنجیـرەی حەزرەتی یوسـفیش هەروایە، بۆ هەموو میللەتەکانەو بـۆ سەردەمەکانیشـە و دەکرێ هەموو لایەک کەڵکی لێوەربگرین.

*** تا چەند دەستکاری چیرۆکە ئەسڵییەکەت کردووە؟**

– بچووکتریـن دەسـتکاریم نەکـردووە، تەنانـەت هێڵـە بچووکەکانی ناو سیناریۆکەشم بە ئایەتی قورئان بردووەتە پێشەوە. چیرۆکەکە بە گشتی هەر ئەوەیە کە قورئان وتویێتی و هیچم پاش و پێش پێنەکردووە.

بەڵام خۆم چەنـد رووداوێکم تیا دروسـت کـردووە، چونکـە لە هەندێ جێگادا چیرۆکەکە لایەنی دراماتیکی زۆر لاوازە دەبێت ئیشی تیابکرێت.

لـە هەندێـک لـە کتێبەکانـی ئاسمانییەکاندا توخمی راستانی زۆرە و لە هەندێکی تریاندا کەمە، دەبێ سـەر لەنوێ بنووسرێتەوە تا ئـەو جێگایەی کـە ئیماکانی هەیە. واقیعی چیرۆکەکە کە خۆی هەیە و لە هەندێ جێگادا کەڵکمان لەشتی تر وەرگرتووە، پێمان زیاد کردووە.

*** ماوەی چەندێک کارت لەسەر سیناریۆکە کردووە؟**

– لەکاتـی دەسـتپێکردنی لێکۆڵینـەوەوە بـۆ کاتـی ئامادەبوونی چوار ساڵی خایاند.

*** لە کەیەکەوە وێنەگرتنی دراماکە دەستی پێکردووە و چەند درێژەی دەخایەنێ؟**

– سـاڵ و نیوێکـە دەسـتمان پێکردووە و سـاڵێکی تـر تەواو دەبێت. سەرجەمی کارەکەش چل و هەشت ئەڵقەی پەنجا دەقەییە.

*** کاستی پرۆژەکەت چەند کەسە؟**

– ٢٢٠ ئەکتەر بـەس دیالۆگیان هەیـەو رۆڵیان دیـارە. هەزاران وەک کۆمبـارس لـە پرۆژەکەدا کاردەکەن.

*** کێت هەڵبژاردووە بۆ رۆڵی یوسف و کێ بۆ رۆڵی زولێخا؟**

– ئـەو یوسـفە کـە لێـرە دانیشتووە"ئاغای مستەفا زەمانی" ئەوەش زولێخایە"خانمی کەتایۆن ریاحـی" مەجیدی میـر فەخرای کاری دیکـۆرو جـل و بـەرگ و ئێکسسـواری ئەنجامداوە، کاری یارانی ئەشـکەوت هـەر هی ئەو بوو. بەس کاری دیکۆرەکەی ساڵ و نیوێکی خایاندووە.

*** ئـەو سـەرچاوە مێژووییانـە کەڵکـت لێوەرگرتوون بۆ ئەم درامایە چین؟**

_ئەو سـەرچاوە مێژووییانەن، کە لە میسردان، کەڵکم لە کتێبی تەفسـیر وەرگرتووە و هەروەها زیاتر لـە پەنجا کتێبی مێژوویی و دەیـان رۆمانـم خوێندۆتەوە و هەموویم لە رێگـەی قورئاندا بەراورد کردووە.

*** جەعفـەری دێهقـان، کـە لـە یارانی ئەشـکەوتدا رۆڵـی کەسـایەتی یەکەمی دراماکـەی دەبینـی لێرەشـدا دووبـارە هاوکاریت دەکات و رۆڵی هاوسەری زولێخا دەبینـێ. چۆن بوو بڕیارتدا بۆ ئەم کارە کەڵکی لێوەربگریت؟**

– لەبـەر ئـەوەی چەند سـاڵە دەیناسـم و دەزانـم چەنـدە بەتوانایەو لـە زمانی یەکتریش تێدەگەین، بۆیە لێرەشدا جارێکی تر پێکەوە کاردەکەین.

*** بۆچی لەیەک کاتـدا هەم بەڕێوەبەری بەرهەمـی هـەم نووسـەر و دەرهێنـەری کارەکـەی، پێتوانییە قورسـاییەکی زۆرت دەکەوێتە سەرشـان و رەنگە تووشی کێشە و گرفتیش بیت؟**

– ئەگەرچی قورسـە لـە یەک کاتدا هەم بەڕێوەبـەری بەرهەم و هەم دەرهێنـەر و هەم نووسـەر بیت بەڵام ئەوە تا ئێستا لەکاتی وێنەگرتنی کارەکەدا من سیناریۆم بە دەستەوەیە و دەستکاری دەکەم و تا ئێستاش زۆر باش ئیشەکەمان کردووە. هەم خێرایی ئیشەکەمان باشـە هـەم چۆنیەتـی کارەکە و هـەم پێشـکەوتنی کارەکەمان لـەکاری هەمـوو گروپەکە زۆر باشە، پەیوەندی نێوان کەسەکان. سەیرکە من ئەسڵەن پەیوەندیم بە کەسەوە نییە هەر کەسەو خەریکی ئیشی خۆیەتی، پێویست ناکات من بڵێم چیبکەین.

*** ئەگەرچـی درمـای حەزرەتـی یوسـف پرۆژەیەکی گەورەیە و هێشـتا زۆر ماوە بۆ تەواو بوون، بەڵام پێم خۆشە بزانم کار و پرۆژەی ئاییندەت چییە؟**

– ئەگـەر زیندووبـم حەزدەکەم چیرۆکی حەزرەتی موسا بکەم بە دراما.

*** رات لەسەر بەرهەمی سینەماکارانی کورد چییە؟**

– ئەو چەند کارەی، کە تائێستا دیومە زۆر شایستەو باشن.

*** رات لەسـەر فیلمەکانی مستەفا عەقاد چییە و کارەکانی چۆن دەبینی؟**

– دەرهێنەرێکـی زۆر گـەورە و جیهانییە. بەداخەوە کە جیهانی سینەما لە چەند مانگی رابردوو ئەم هونەرمەندە گەورەیەی لەدەستدا، بەرهەمەکانی زۆر مەزنن و جێگای شانازین. ئەو لەبەرنامەی دابوو ژیانی سەڵاحەددین بکاتە دراما، بەڵام ئەفسوس کە نەیانهێشت.

*** رات لەسـەر رۆڵی ئەنتۆنی کوین چییە لە عومەر موختار و رسالەدا؟ ئایا پێتوایە تاچەند توانیوییەتی ئەو دوو رۆڵە بەباشی بەرجەستە بکات؟**

– من گشـت رۆڵەکانیـم زۆر پێ جوانە ئەو ئەکتەرێکی زۆر بەتوانا بوو بـاش دەرەقەتـی رۆڵەکان هاتبوو. من پێشتر باوەڕم نەدەکرد هونەرمەندێکی رۆژئاوایی بتوانێ رۆڵی کەسـایەتییەکی موسڵمان ببینێ، بەڵام ئەنتۆنی کوین ئەو رۆڵانـەی زۆر بە باشـی بینی و زۆریش سەرکەوتووبوو.

*** دوا وتەت؟**

– هـەواڵ بـدەن فیلمسـازانی خۆتـان پێبگەیەنن و بایەخ بدەن




بە کلتووری خۆتـان، بە هەموو جۆرێـک یارمەتـی فیلمسـازە لاوەکانتـان بدەن، بـۆ ئەوەی ئەوانیـش بتوانـن کاربکەن. من کوردم و شـانازی بەکوردبوونی خۆمەوە دەکەم.

## کوردم و شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم

**تێبینی: ئـەو دیدارە لەسـاڵی ٢٠٠٦ لەمیانی گەشتێکی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بۆ شاری سینەمای تاران لە وڵاتی ئێران لەکاتی وێنەگرتنی درامای"یوسـفی راستگۆ"سـازدراوە، لەبەرگەرماو گەرمی بابەتەکە بە پێویستمانزانی دیدارەکە وەک خۆی بڵاوبکەینەوە.**







# ئاسایشی نەتەوایەتی کورد لەئەستۆی"ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان"ە، با بیپارێزن

کەمال محێدین

ئاسایشی نەتەوایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی هێمنی و ئارامی و پاکسازی رەگەز و زوبان و مێژوو و کلتوور و جوگرافیاو باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری و تەندروستی و پیشەسازی و هێزی بەرگری ئەم گەل و نەتەوەیە.

واتا هەریەک لەم جەمسەرانە لاسەنگ و پەککەوتە بێت، مانای ئەوەیە ئاسایشی نەتەوایەتی دەکەوێتە مەترسی و وڵات بە گەل و نیشتیمان دەکەونە قەیرانێکی دژوارو پڕ لە هەژاری و ژێردەستی بێگانە.

بۆیە دەبێ لەکوردستان ئەنجومەنێکی پایەبەرز و دەسەڵاتدار لە بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەموو حزبە کوردستانییەکان و نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و سەرۆکی زانکۆکانی کوردستان پێکبێت، بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوەو بریاردان لەسەر هەریەک لەم خاڵانەی کە پەیوەندیدارن بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی کورد، بۆیە ئەو ئەنجومەنەش دەبێ یاسای تایبەتی بۆ دابنرێت لە رێگای ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان.

چونکە ئاسایشی نەتەوایەتی کوردیش لەم بۆچوونانەی سەرەوە دوور و بەدەرنین، بەڵکو ناسکتر و دوژمندارو بێ کەسترە لەزۆر لە نەتەوەکانی دەوروپشتی.

لەزۆر لاوە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان بەمەستی دەستبەسەرداگرتنی سامانە زۆرەکەی لە"نەوت و گاز و زێڕ و جیوە و ئاسن...."و بەکارهێنانی شوێنە گرنگەکەی، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رێژەی دانیشتوانی کە لە ٣٠-٣٥ ملیۆن زیاترەو بۆ پاڵ سەنگی نێوان عەرەب لەگەڵ تورکیاو ئێران،کە هەمیشە نێوانیان گرژو ئاڵۆزە، سەرەڕای کێشە مێژووییە هەتا هەتاییەکەی نێوان شیعەو سوونە لەعێراق و ناوچەکە.

لەبەر هەموو ئەم هۆیانەی سەرەوە رۆژانە دەوڵەتە زلهێزەکان و تورکیا و ئێران و سوریاو سعودیاو ئیسرائیل سەرقاڵی راوێژکردن و پیلاندانانن بۆ چۆنییەتی مسۆگەرکردنی گەلی کوردستان بۆخۆیان، ئەگەر نەیانتوانی لەناوی ببەن، لە یەکەم رۆژی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و دانانی مەلیک فەیسەڵ بە پاشای عێراق لەلایەن ئینگلیزەکان بەبێ رەزامەندی کورد لەوکاتەوە مەلیک فەیسەڵ داوای کرد لە ئینگلیزەکان، کە کوردستانی باشوور بخەنە سەر عێراق بۆئەوەی دەوڵەتی عێراق بتوانێ خۆی رابگرێت و بەردەوام بێ لەژیان ئەمەش لەبەر سامانە نەوتییەکەی کەرکووک و موسڵ و نزیکی کوردستان لەسنووری"ئێرانی، فارسی، تورکیای شۆڤێنی"دوژمنانی عەرەب ئەوەبوو لەسەر پێداگرتنی مەلیک فەیسەڵ کوردستانی باشوور خرایە ناو نەخشەی عێراقی دروستکراو لەلایەن ئینگلیزەکان.

هەروەها لەیەکەم هەنگاوی حکومەتە نەتەوە پەرست و کۆنە پەرستەکەی یاسین الهاشمی لەساڵی ١٩٣٥ دەستکرا بە ناردنی سەدەها خێزانی عەرەب بۆ ناوچەکانی دیالەو موسڵ و کەرکووک بەنیازی بەعەرەبکردنی ئەم ناوچانە، کە نەوتیان تێدایە هەربۆیەش حکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی عێراق لەسەر ئەم رێبازە دوژمنکارییەی کورد بەردەوام بوون تا گەیشتنە ئەوپەری شۆڤێنییەت و درندایەتی لەدژی کورد و کوردستان لە رۆژانی دەسەڵاتی تاوانبار و خوا نەناسی سەدام حوسێن.

هەرچەندە باسەکەمان باسی پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی کوردە، کە لەم چەند لاپەڕەیە جێگای نابێتەوەو بەڵکو پێویستە لە زانکۆکانی کوردستان زۆر بە وردی و فراوانی و تێروتەسەلی لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و لایەنە باش و خراپەکانی لەگەڵ خۆمان و دۆست و نەیارەکانمان دەستنیشان بکرێن و چارەسەری راست و گونجاویان بۆ دابنرێت، ئەمەش رێگەی ئەوەمان لێناگرێت کە چەند سەرنجێکی بەپەلە بدەینە ئەم باسە دژوار و گرنگە، لەوانە:

١- لە یەکەم رۆژی روخانی دیکتاتۆر سەدام حوسێن و هاتنی هێزی دەرەکی بۆ ناوخاکی عێراق و دروستبوونی ئەنجومەنی دەسەڵات"مجلس الحكم"لەلایەن ئەمریکاوە بە سەرۆکایەتی"گارنەر و برایمەر"و بە ئەندامەتی نوێنەرانی شیعەو سوونەو کورد و هەندێ لایەنی سیاسی هەمەچەشنەیی سەر بە ئەمریکاو ئینگلیز لەم رۆژگارە سەخت و دژوارەی عێراق کە هەموو سامان و سەروەری کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکاو ئینگلیز "مجلس الحكم"لەژێر فشار و نیاز خراپی هەندێ لایەنی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتە زلهێزەکان و حکومەتە شۆڤێنی و کۆنە پەرستانی ناوچەکەو بە کەم زانینی هێزە کوردییەکان و دیموکراتخوازەکانی عێراق بڕیاریدا کە پێکهاتەی گەلی عێراق بریتییە لەشیعەوسوونەوکورد، لەکاتێکدا بە درێژایی تەمەنی حکومەتەکانی عێراق باسی ئەم چەشنە پێکهاتە نەکراوەو هەمیشە وتراوە گەلی عێراق لە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان پێکهاتووە، باشترین بەڵگەش برگەی"٣"دەستووری کۆماری عێراق پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی نەمر کە دەڵێت "کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراق" باسی شیعەو سوونە ناکات، هەروەها رێککەوتنەکەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و دەستوورەکانی دوای عێراقیش بەهیچ جۆرێک باسی شیعەو سوونەی نەکردووە.

چەسپاندنی پێکهاتەی گەلی عێراق بەکورد و شیعەو سوونە دوو مەترسی زۆر گەورەو زلی دروستکردووە لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتی کورد.

مەترسی یەکەم ئەوەیە کە کورد لە پلەی دووەمی پێکهاتەی عێراق بووە بە پلەی سێیەم، مەترسی دووەمیش ئەوەیە کە هیچ بایەخێک بەبوونی نەتەوایەتی نەدراوە.

لەناو عێراقدا جگە لەوەی کە پێداگرتن لەسەر دابەشکردنی گەلی عێراق لەنێوان مەزاهیبی دینی"شیعەو سوونە" لەخۆیەوە هەوڵدانە بۆ قوڵکردن و بەردەوام پێدانی دووبەرەکی نێوان شیعەو سوونە کە تەنها بە زیانی گەلی عێراق و رژێمە دیموکراتیە فیدراڵییەکەی تەواو دەبێت.

لێرە پرسیارێک لەخۆمان دەکەم؟ ئایا کورد لە دەرەوەی"شیعەو سوونە"یە هەموو لایەک دەزانن کە بەشی زۆری گەلی کورد لە کوردستانی عێراق سوونەن و ژمارەیەکی بەرچاویشیان شیعەیە، کەواتە دانانی نەخشەی پێکهاتەی گەلی عێراق بە"شیعەو سوونەو کورد" نەخشەیەکی خراپ و پڕ لە مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد، دەبێتە بەردی بناغەی دووبەرەکی و پێکدادان لەنێوان ئەم سێ لایەنە، رەنگە هەندێ جار شیعەو سوونەش رێکبکەون دژی داخوازییەکانی کورد هەروەکو ئێستا لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق ئەم هەڵوێستانە دێنە رێگامان و کێشەکەی ماددەی"٢٢"لەسەر هەڵبژاردنی ناو کەرکووک باشترین بەڵگەیە لەگەڵ هەوڵدان بۆ گۆڕانی دەستوور، لەگەڵ وەزعی ئێستای موسڵ...

ئەمەش تەنها بە زیانی گەلی عێراق بەکوردو عەرەبییەوە تەواو دەبێت، رەنگە رژێمە دیموکراسی و فیدراڵییەکەشمان ببێتە قوربانی ئەم کارە نارەوایە. بەڵێ ئەگەر فەرزکردنی رەنگەکانی پێکهاتەی گەلی عێراق بە"شیعەو سوونە و کورد" لەجیاتی"کورد و عەرەب" بە فشاری بێگانەو دوژمنانی کورد بووبێت، کە مەترسییەکی دژواری دروستکردووە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەبینین لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو خۆمان زۆر مەترسی گەورەمان دروستکردووە لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتی کورد لە کوردستان، وا لەخوارەوە هەندێ لەو مەترسیانە دەخەینە بەرچاوی کاربەدەستانی کوردستان وهاووڵاتیان:

١- دەنگدانی نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر برگەی"٢٣"ی هەڵبژاردن لەناو کەرکووک بە چەشنێک، کە کوردو عەرەب و تورکمان وەکو یەک ئاماریان بۆ بکرێت و هەریەکەیان لە ٣٠٪ دەسەڵاتیان هەبێت، بەلای ئێمە قەت و قەت نەدەبوایە نوێنەرانی ئێمە رازی بن لەسەر ئەم ماددەیە، هیچ نەبوایە دەیانتوانی دەنگ نەدەن، هەروەکو کورد دەنگی نەدا بۆ دانانی مەلیک فەیسەڵ بە پادشای عێراق، چونکە دەنگدانی ئێمە لەسەر ئەم ماددەیە کارەساتێکی گەورەبوو رەنگە پاش ٢٠-٣٠ساڵی دیکە پێمان بڵێن نوێنەرانی کورد لەم بابەتە خیانەتیان کردووە لە کێشەی کەرکووک.

بەڵێ رەنگە زەخت و فشارمان لەسەر بووبێ، بۆ سەرخستنی ئەم ماددەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام بۆچ شانەکە لەسەری ئێمە بشکێت خۆ بەبێ دەنگدانی ئێمەش ماددەکە بەهۆی شیعەو سوونە سەردەکەوت.

٢- لەوکاتەی کاربەدەستانی شاری سلێمانی حوسێنیەی تایبەتیان دروستکرد بەناوی"حوسێنیەی شەهید المحراب" زۆر لە سوونەکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان راستەوخۆو ناراستەوخۆ گلەیی و گازاندەیان لە ئیرادەی کوردستان گرت، هەندێکیان ئێمەیان تاوانبارکرد، کە لەژێر فشاری ئێران دەمانەوێ کوردستان بکەین بە شیعە مەزهەب، تائێستاش ئەم نارەزاییە لە ئارادایە، ئەوەی راستی بێت دەبوایە ئەم کارە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان بڕیاری لەسەر بدرابا پێش دروستکردنی، چونکە کارێکی سادەو ئاسان نییەو راستەوخۆش کار دەکاتە سەر ئاسایشی کورد و پەیوەندی ناو مەزهەبەکانی ئیسلام.

٣- لەمانگی رابردوو بەڕێز"مەحموود عەباس"هاتە کوردستان و پاش چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لێپرسراوانی کوردستان گەڕایەوەو بەڵێنیدا کە وەزعی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی عەرەب باس بکات و پشتیگریمان لێ بکات، بەڵام بەداخەوە چاومان بەهیچ نەکەوت، دەرکەوت هاتنەکەی تەنها بۆئەوەبوو کە ژمارەیەک لە ئاوارەکانی فەڵەستینی لە کوردستان جێنشین بکەن، چونکە وڵاتە عەرەبەکان کە ژمارەیان ٢٣ وڵاتە هیچیان بەخۆیان ناگرن.

لەرۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ لە میدیاکانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە کە ١٣٠٠٠ سێزدە هەزار فەڵەستینی دەهێننە کوردستان.

ئەگەر ئەم بڕیارە خوانەکات راست بێت، ئەوا هەڵەیەکی یەکجار گەورەو پڕ لە مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و هەرێمی کوردستانیش دەکاتە بەشێک لەم کێشە ئاڵۆز و تەمەن درێژ و دوایی نەهاتووە.

بەڵێ ئێمە هەمیشە هاودەردو غەمی هەموو مرۆڤێکی ئاوارەو لێقەوماوین لەهەموو ئەم دنیایە چونکە خۆمان تام و چێژی ئاوارەییمان دیوەو چێشتووە، بەتایبەتی برا فەڵەستینییەکانمان، کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە لێقەوماوو دەربەدەرن و شایستەی یارمەتی و جێگیرکردنن لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی ناوچەکە.

رەنگە ئەم بڕیارە"کە ئومێد دەکەم راست نەبێت" بڕیارێکی نێودەوڵەتی و هەمە لایەن بێت، ئەمریکا و ئیسرائیل و دەوڵەتی فەڵەستینی و هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان پاڵپشتی جێبەجێکردنی دەکەن.

ئێمەی کورد زۆرجار داغ کراوین و تا ئێستاش زۆر لەو برینانەمان سارێژ نەبوونە، بۆیە دەبێ هەموو تاکێکی کورد تا دەسەڵاتدارە بەڕێزەکانمان ئەم بڕیارە ئەگەر راستە داوای هەڵوەشاندنەوەی بکەنەوەو ئەگەر راستیش نییە پێویستە روونکردنەوەیەکی لەسەر بدرێت، بەتایبەتی چونکە ئەم چەشنە بڕیارانە دەستووری نین و مەترسی دەخەنە سەر ئاسایشی کوردستان و زۆر قسەی دیکە هەڵدەگرێ.

٤-وەک لە میدیاکان باس دەکرێت ناوچەی عەنکاوە بەتەواوی سنووردار و پەرژین کراوە پاش ئاوەدانکردنەوەی بەشێوەیەکی زۆر مۆدێرن، بووە بە ناوەندی کۆبوونەوەی برا مەسیحییەکان و کەسی دیکە بۆی نییە زەوی یان خانوو لەم ناوچەیە وەربگرێت یا بەپارەی خۆی دەست کەوێت، خۆم بیستوومەو ئاگاداریشم کە جەنابی مام جەلال و کاک مەسعود بەهەموو توانایەکیانەوە یارمەتی برا مەسیحییەکانیان داوەو بەردەوامیشن لەسەر ئەو هاوکارییانەیان، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەش مافی خۆیانەو لێقەوماوو دەربەدەرکراون، بەڵام کۆکردنەوەیان لە عەنکاوە بەمجۆرەو سنووردارکردنی ناوچەکە سەدەها پرسیارو بۆنی بەدواوە دێت و رەنگە مەترسی دروست بکات لەسەر ئاسایشی ئێستاو دوارۆژی کوردستان.

٥- هەموو لایەکمان هەڵوێستی هەندێ لە حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا دەزانین بەرامبەر گەلی کورد و وشەی کورد و کوردستان، کە چەندە دژی هەموو ماف و دەستکەوتی کوردن، بەوەش نەوەستاون و هەمیشە لەهەوڵ و تەقەلادان بۆ لەناوبردنی کورد بە سەدەها جۆری هەمەچەشنەیەکی لەم هەوڵانەیان دامەزراندن و دروستکردنی قوتابخانەو زانکۆی تورکین لە کوردستان، کە هەموو کلتوور و مێژوو و زمانی تورکی تێدا دەخوێندرێ و ساڵانەش قوتابییەکان دەبەنە تورکیا تا بە وڵاتەکەیان ئاشنایان بکەن و پەیوەندی هەمەجۆریان پێ دروست دەکەن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دژ بەکورد، بێ ئەوەی هەستی پێبکەن ئەمەش مەترسییەکی گەورەی هەیە لەسەر دوارۆژی قوتابییەکانمان و بێگومان ئاسایشی نەتەوایەتی کورد دەهەژێنێ.

نموونەش بۆ ئەمە دروستکردنی قوتابخانەی"ئیشق- کۆلێژی ئیشق"ە، بۆیە پێویستە بیر لەم بابەتە بکرێتەوەو دەرگا واڵا نەکرێت بۆیان.

٦- لەرووی باری ئابووری پێویستمان بە پێداچوونەوەیەکی ورد و قووڵ هەیە لە مەیدانی کشتووکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی تا بڵێیت دواکەوتوو بێ خەم و تەکبیرکردنین، سەدەها هەزار کەسمان بێکارن و مووچە وەردەگرن و سەدەها دێهاتیش چۆڵ و بەرەڵڵاکراون، دەبێ لە ئاستێکی زۆر بەرز و گەورە چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، قسەی ناو رۆژنامەو میدیاکان و کۆڕ و کۆبوونەوەی بێ ئەنجام هیچ سوودێکیان نەبووە، تائێستا لەماوەی ٤-٥ساڵی رابردوو بە مەلایین دۆلار خەرجکراوە تائێستاش گۆشت و میوەو سەوزەمان لە دەرەوە بۆ دێت، هەروەها لە مەیدانی پیشەسازی و تەکنەلۆجی هەموو پێویستییەکان لەدەرەوەی وڵات بۆمان دێت بە نرخێکی گران و جۆرێکی خراپ و قرچۆک.

ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی پشت ئەستووریمان بە تەنها سەرچاوەی نەوت بێ هەر رۆژێک ئەم سەرچاوەیە نەما یا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کارەساتێک رووبدات ئەوە گەلی کورد تووشی گەورەترین برسییەتی و هەژاری دەبێت و ئاسایشی گەل و نیشتیمان دەکەوێتە ناو قەیرانێک، کە هەتا هەتایە رزگاری نابێت، واتا با روو بکەینە کشتووکاڵ و ئاژەڵداری و کاری پیشەسازی و کارگەی دارتاشی و ئاسنگەری و دروستکردنی قوماشی ژن و پیاو و پێڵاو دروستکردنی کەل و پەلی ناوماڵ و..

٧- رۆژانە گوێمان لە دەست بەسەراگرتنی خۆراک و دەرمانی خراپ و مێژوو بەسەرچوو دەبێت، کە لە ئێران و تورکیاو وڵاتانی عەرەبی بۆمان دێت، بەڵام تائێستا تاوانبارەکان سزا نادرێن، بەڵکو بە سووتاندنی هەندێک لەو کاڵا خراپانە بۆ بەرچاوی خەڵک، ئەوی دیکە بەدزییەوە دەچێتەوە ناو بازاڕەکان، هەندێ جار ئەم خواردن و دەرمانە خراپانە دەبنە هۆی مردن و نەخۆشبوونی زۆر خەڵک ئەمەش تاوانێکی گەورەیە، پێویستە لەسەر وەزارەتی داد و داواکاری گشتی بەتوندی ئەو تاوانبارانە بدەنە دادگاو بە ئاشکرا دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن و خاوەن کۆمپانیاکانی دەرەوەش سزا بدەن، کە کاڵای خراپمان بۆ دەنێرن، هەروەها بە نیسبەت کۆمپانیاکانی چین و وڵاتانی دەرەوە کە کەلوپەلی رزۆک و خراپ و بێ تەمەنمان بۆ دەنێرن چونکە ئەم کارانەیان دەکەوێتە خانەی بەشداریکردن لە تاوان.

٨- تائێستا بەشی زۆری قوتابخانەو زانکۆکان نەکەوتوونەتە سەر شەقامی خوێندنی زمان و مێژوو و جوگرافیاو کلتووری کوردی، بۆیە دەبێ یەکێتی قوتابیانی کوردستان و مامۆستایانی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەجددی ئاورێک لەم بابەتە بدەنەوەو مێژووی کورد و کوردستان و جوگرافیایی وڵاتەکەمان بە تێروتەسەلی بخوێندرێ، شوێنەکانی باب و باپیرانمان بخرێنە بەرچاوی نەوەی تازە، تا بزانن لە کوردستان واتا پێش هەموو دنیا کشتووکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن و دروستکردنی خانوو هاتۆتە بەرهەم، هەروەکو لە ئەشکەوتەکانی کوردستان و گوندی"جرمو"لە چەمچەماڵ دەردەکەوێت ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتیمان، بۆیە دەبێ بیانپارێزین و خوێندنیان لەسەر بکرێت و بە دنیایان بناسێنین.

٩- ناوە ناوە هەندێ لە لێپرسراوەکانمان بانگەشەی نەهێشتنی چەکداری دەکەن و دەڵێن: خەباتی ئێستامان خەباتی چەکداری ناوێت، ئەمەش بووەتە هۆی ساردبوونەوەو تووڕەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵێ هیچ کاتێک ئێمە شەڕخوازی وتووندوتیژیمان هەڵنەبژاردووە، هەموو جارێک بۆ خۆ پاراستن لەخۆمان و مافەکانمان دەستمان داوەتە چەک و شۆڕش، بەلای ئێمە تا قەوارەیەکی سیاسی سەقامگیری تەواو مسۆگەر نەکەین بۆ کورد و کوردستان خەباتی چەکداری فەرامۆش ناکرێت، واتا بانگەشەی نەمانی کاتی چەکداری لەم قۆناغە مەترسی لەسەر هەست و سۆز و بەرگری پێشکەرگە دروست دەکات و راستەوخۆش دەبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتیمان، بۆیە نابێ ئەم بانگەشەیە بکەینە دروشم و هەڵوێستی کورد لەم قۆناغەدا، لەکاتێک کە داوای لێبووردن دەکەم لەهەموو ئەو لایەنانەی کە ناوم لەنێو ئەم باسە هێناون لێم دڵگران نەبن، چونکە ئێستا گەلی کورد و کوردستان بە رێبازێکی دوورودرێژ و ناسک تێدەپەڕێت و دوژمنی زۆرە، دۆستیشی زۆر نییە، بۆیە سەنگ و قورسایی پەری مێشوولە کاری لێدەکات، رەنگە ئەو بۆچوون و مەترسیانەی لەسەرەوە باسم کردوونە راست و دروست نەبن، بۆیە هانا دەبەمە بەر جەنابی"سەرۆک تاڵەبانی و بارزانی"و ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان کە بایەخ بدەن بە دروستکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی کورد وەک لەسەرەوە باسمان کردووە، بۆئەوەی ئاسایشی کوردی لە مەترسی رزگار بکەن.



شاندی نەقابەی محامینی عێراق بۆ بەرگریکردن لە پێشمەرگە فەلەستینییەکان، کە "وەسفی تەل" سەرۆک وەزیرانی ئوردنیان کوشت، دانیشتووەکان پێشمەرگەکانن، راوەستاوەکان کەمال محیەدین، نوێنەری پارتی، عەبدولڕەزاق حەدیسی، نوێنەری بەعس، حوسێن جەمیل نوێنەری حزبی وەتەنی دیموکراتی، عەبدولڕەزاق سافی نوێنەری حزبی شیوعی عێراقی، قاهیرە، ١٩٧٣

# ئەو وێنانەی پاش تەمەنێک، یادەوەرییەکانیان دەگێڕنەوە

له ئەرشیفی: کەمال محیەدین



کەمال محیەدین و د. خالد سەعید لە گوندی وەرتێ - ١٩٦٤



کەمال محیەدین، محەمەدئەمین فەرەج مولحەقی عەسکەری عێراق لە مەغریب، ١٩٨٢



ئاهەنگی نەورۆزی خانەقین، ١٩٥٨



مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی، کەمال محیەدین، سمکۆ فەتحوڵلا لەگەڵ قونسوڵی چین، ١٩٦٧



کاک ئەسوەد، عەبدوڵلای حاجی تۆفیق، شازاد تۆفیق، کانی ئۆمەر ئاغا - کۆیە ١٩٥٧



ئیبراهیم ئەحمەد، عەماش وەزیری بەرگری، عەبدوڵلا سەلوم وەزیری راگەیاندن، نەورۆزی ١٩٦٩



ئاهەنگی نەورۆزی خانەقین، ١٩٥٨



ئیبراهیم سابیر، سەلاح سەعدی، رەشاد کەریم، شانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە، ١٩٥٦



کەمال محیەدین، روشدی شەریف، ئەڵمانیا ١٩٦٩



د. خالد سەعید قسە بۆ لیژنەی ناوچەی کۆیەو کادیرەکان دەکات، ١٩٥٧



محەمەدی حاجی تاهیر، کەمال محیەدین، محەمەد عەلی نورەدین، قادر حاجی تاهیر، هەشتاکان



ئاهەنگی نەورۆزی بەغدا، ١٩٥٩



حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، لوئەی سعێدی، سامی مەحجوب، کەمال محیەدین، عەبدولڕەزاق سافی، زەکی جەمیل حافیز، وەفدی نەقابەی محامینی عێراق بۆ کۆبوونەوەی محامینی عەرەب لە دیمەشق، ١٩٨٨



عەدنان نەقشبەندی، محەمەد سائیب، جەمیل دزەیی، سیروان جاف، فازیل سەعید، محەمەد محێدین، کەمال محیەدین، ئەحمەد دزەیی، ئەندامانی پارتی لە کۆلێژی حقوق، بەغدا، ١٩٦٠



بەئامادەبوونی سەرکردەکانی پارتی و حکومەت، ابراهیم میرانی، گوتاری حزب دەخوێنێتەوە، بەغدا، نەورۆزی ١٩٦٩

# کورتەیەک لەژیانی شەهید مام وسوو دزەیی

**ئەرسەلانی مام وسوو**

لەدوای چالاکییەکانی چایخانەی حەسۆوی دوبز و گرتنی ریگای کەرکوک – هەولیرو گردبوونەوەیان لە دارەخورما ئاوازەیان لەناو خەلک رۆژلەدوای رۆژ لە زیدەبووندابوو لەگوندەکانی دەشتی هەولیر دەگۆترا(کۆمەرە) پەیا بووینەو مەلا مستەفا بوویتە سەرۆکی کورد بەرگری لە هەژاران دەکەن (دەریـن دەبی کورد حوکمی زاتی بدریتێ ). ژمارەی پیشمەرگە لەو سنوورە بەشیکی بەرچاو بی چەک بوون بەلام لە زیدە بووندانبوون تانزیک ٤٠کەس دەبوون . میری هەست بە مەترسی دەکات و بریاریدا هیرشیان بکاتە سەر، بۆیە هیزیک لە (حرس القومی)، کە بریتی بوو لە (٤٢) ئۆتۆمبیل روو لـە دارەخورما دەکەن و لە کۆتایی مانگی چواری١٩٦٢ سەرلەبەیانی هیرش دەکەنە سەر هیزی پیشمەرگە. لە بەرامبەردا مام وسوو هیزەکەی خوی دە کاتە سی پەل ولەم شوینانە دایدەمەزرینیت: ( مە لا غەریب بە پەلیک لە سەر بیژینگ بەسەر، پەلیکی ترخەلیفەمحەمەدوحاجی رەسول وچەند پیشمەرگەی ترلە مهیدییەوە بە ئۆتۆمبیلی عەزیز حوسین کەنداری دەگەیەنرینە دەرماناوا لە دەربەندی بەرانبەر چەغەمیرە و عالللا دادەمەزرین، پەلی سییەمیش مام وسوو لەگەل هاوسەنگەرەکانیان لە زۆرگی ئەصحابە دادە مەزرین و مام وسو پییان دەلێ تا هیزی دوژمن زۆر نزیک نەبیتەوە دەست نەوەشینن، چونکە یەکەم نەبەردی روبەڕوومانە شەرم لە دوژمن مەکەن چۆکی خۆتان ببەستن و بی ترس شەڕ بکەن، بەلام رەسولی حاجی عەبدوللا و هاوولاتییەک بەناوی حەسەن رەسول عدێ بەر لەوەی دوژمن بگاتە شوینی خوازراو تفەنگەکیان لە دەست دەردەچێ و دوژمن وریا دەبتیەوە بەرەو پیشتر ناروات ناچار مام وسوو هیرشیان بو دەکات و ئەو رۆژە شەڕ دەست پیدەکات، دوای شەڕیکی قارەمانانە، دوژمن بە شکاوی لە کاتیکدا کە دوو لاشەی کوژراوەکانی بە جیدەهیلیت، پاشەکشەی ناچاری دەکات و دوو ئۆتۆمبیل، کە بریتی بوون لە(جیپی سەربازی و زیلەک) و هەروەها دوو تفەنگی ئینگلیزی و تەکتریۆفیک وجیهازیکی لاسلکی، دەبیتە دەسکەوتی پیشمەرگە ولەو نەبەردییە بەرەی پیشمەرگە دوو بریندار سووکیان دەبێ. لەدوبزەوە هەوالیان پیدەگات، کە حکومەت بەیانی بە هیزیکی گەورە هیرشیان دەکاتە سەر پیویستەچارەی خۆیان بکەن مام وسو بریاردەدات

ئیوارەی ئەو رۆژە بەرەو گوندی جاستان دەچێ و هەمان شەو لە گوندی جاستان کۆدەبنەوەو چەند کەسیکی تر دینە ناو ریزی پیشمەرگە. هەمان شەو سابیر کاکە شین و شیخەللا و چە ند پ.م تر لە مەرکەزی سەربەشاخ دەدەن و چەند پولیسیک بریندار دەبن. درەنگانی شەو بەرێ دەکەون بەرەو بیستانە. رۆژی دوایی دوژمن بە نیازی تۆلەسەندنەوە بۆ سەرکوتکردنیان فرقەی چواری سەربازی بە پاپشتی تانک وزریپوش و تۆپخانە و کۆمەلیک چەکداری عەرەب بەسەرپەرشتی شیخ عەواس و حەرەس قەومییەکانی ئەحمەد فەحمیش دەخاتە پالیان لەریگەی دوبزەوە بەرەو قەرەچووغ پەلاماری خۆی دەست پیدەکات و دەکەونە ویزەی هاوولاتیان و لە تۆلەی شکستەکەیان، زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە تالان دەکەن و دواتر دەیسوتینن، یەکەم گوند پەرکانە دەسوتیندرێ دواتر گابەرەکە و دەرمانا و وتا دەگاتە ٢٠گوند، رژیم رورەشی زۆرداری خۆی بەکردەوە سەلماند. رۆژی دوای شەڕەکە ئەو پۆلە پیشمەرگە

قارەمانە لە ریگەی دیدەوانەوە دەچنە گوندی قەشقەی گەورە ولە٧–٥–١٩٦٢ لەویش لە ئەنجامی شەر و پیکدادان لە بانی قەشقە پیشمەرگەیەکی قارەمان بە ناوی (قادر سلیمان) شەهید دەبیت و ئەحمەد شەریفی قەشقە برینداردەبی، زیانی دوژمن، عەرەبیک دەکوژرێ و یەکیتر بە دیل دەگیری حکومەت بە تیکشکاوی دەکشیتەوە دوورۆژدواتر حکومەت هیرش دەکاتە گوندی سابلاغ بەلام شەڕ روونادات. دوای ماوەی چەند رۆژیک دەکەونە ریکخستنی هیزەکەیان و لە چوارچیوەی یەک لقدا ریکی دەخەن و (حاکم محەمەد سالح یابە سەعید)دەبیتە لیپرسراوی سیاسی لق و (مام وسوو دزەیی) دەکریتەوە فەرماندەی سەربازی لقەکە ومەلا غەریب و بورهان، اغاو جەوهەر قادر سیان و مەحموود بنزین دەکرینە سەرپەل و مام سابیر و عەزە گورگە مەفاریزی بارەگای لقەکەی مام وسوو پیکدەهینن. هەر لەوکاتەدا زۆر قارەمان وچاونەترسی تر رو ئازینە و بیستانە دەکەن وەک : عەلی تکتریوف ئەحمەدحاجی عەلی و خالە سەید کاکە و.. لەماوەی ٦–١٩٦٢تا مانگی٤–١٩٦٤ زۆر چالاکی تر کرابە فەرماندەی مام وسو لەوانە: لە ٨–١٩٦٣ جاشەکانی چل هەویزە چەک دەکەن لە ٩–١٩٦٣ جاشەکانی دولەبەکرە دوای گیرانی رەبیەکانیان چەک دەکرین، کە زۆربەیان کەسوکاری پیشمەرگەکانی لەگەل مام وسو بوون، لەمانگی ١١–١٩٦٣ حکومەت هیرشدەکاتە دیدەوان و دوشیوان تالان دەکەن، مەلاعاصین و عەولا ئاغاو سەعید حاجی مستەفا میرەکان و پیشمەرگەیەکی تری قارەمان شەهید دەبن وحکومەت بە زیانەکی زۆر دەشکێ لە هەمان مانگ ئاگربەسیک بۆ ماوەی ١٣ رۆژ دروست دەبێ، بەلام گفتوگۆ بێ ئەنجام دەبێ میری هیرش دەکات بۆ کانی بزرەو دەیسوتینێ هیزی پیشمەرگە بەرنگاریان دەبنەوەو دەستیان لیدەوەشینن، لە ئەنجامدا عەلی هەینی و پینج جاشی زیباری دەکوژرین لە ١٩٦٤ لە میرزاغا ئاهەنگی نەورۆز یاد دەکریتەوە هەروەها چەند شەڕیک لەسنووری دەشتی کۆیە و چیای باواجی هیبە سولتان لە یەکیک لەو شەرانە ئەحمەد چەلەبی لە بەریخستنی کچکەی دەکوژرێ و لە سنووری دیگەلە هەر دەرەنجامی ئەو شەرانە عەلی برنۆی دیگەلە و تاقمیک پیشمەرگەی ترپەیوەندیان بەمام وسووەکرد... لە ١٩٦٤ دووبارە لقەکە گورانی تیدا کراو ریکخرایەوە و پاشماوەیەک دووبەرەکی سەریهەلدا بەشیکی زۆر لە هیزی پیشمەرگە پەرینەوە بۆ گوندەکانی کەسنەزان وعەسکەرو بنەو بنگردو. مام وسو و دکتۆر خالید هاوڕێ بوون، بەلام نەیاتوانی هاوبیر بن، هەرچەندە بروسکەی سەرو هاتبوو، کە مام وسو نەپەڕیتەوە و لە ریگەی کاک فارس باوە بوی هەناردرابوو، بەلام پەڕیبوونەوە. سەرەڕای چەند رۆژیک مانەوە مام وسو ناتوانیت بیرو باوەرە هاوڕییانی پەسند بکات، بۆیە بیر لە چارەیەک دەکات دوای دابڕان لەو کۆمەلە نوییە و مشتومڕیکی زۆری ناوخۆی بڕیار دەدات خۆی

سەردانی بارزانی بکات و بەم جۆرە بۆ بینینی بارزانی بەرەو سەنگەسەر دەکەویتەرێ بارزانی بە دیتنی مام وسوو زۆر خۆشحال دەبێ دەیان تفەنگ و بڕیکی باشی یارمەتی دەداتێ، بەلام رازی نابێ بە گەڕانەوەی بۆ دەشتی هەولیر، داوای لیدەکات لە ناو قوتابخانەی ئاکۆی رانیە هیزەکەی خۆی دامەزرینیت دوایی دەچنە چوارقورنە. مام وسوو بڕیار دەدات لەقسەی بارزانی دەرنەچێ، چونکە هەلگری باوەڕیکی بەرزۆ رەوشتی لەخۆبووردن بوو، زۆرجار دەیوت کادیری کوردپەروەر ئەو کەسەیە هەولبدات لەگەل خوپیگەیاندن لە پیگەیاندنی کادیری تر دریغی نەکات، چونکە کوردستان هی هەموانەو هەموومانی پیدەویت لەلایەکی تر بەرپرسیارەتی لقەکەی هەولیر درا بەکاک فارس باوەی هاوسەنگەری. لیرەوە قوناغیکی نوێ بەرووی مام وسوو کرایەوە ئیتر ئەو تەنیا پیشمەرگەو شورشگیریکی ناوچەی نەبوو بەلکو بۆ هەموکوردستان لەخەباتدابوو بۆ کورد بەگشتی بە هەموو داب ونەریتەکانییەوە بۆیە گوڕانیکی قوولی فیکری لە شەهیددا دروست بوو، هەروەها پیکهاتەی پیشمەرگەکانیش گۆڕا لە زۆر شوین و ناوچەی کوردستان، پیشمەرگەی بۆ دەهات لەوانە کە دواتر زۆر قارەمانیان لێ دروست بوو بگرە چەند کەسیان خۆیان بۆ کاروانی گەلەکەیان فیدا کرد، وەک: عوسمان مستەفا ناسراو بە خالە دیوە مستەفا سەعید، واحیدکۆیی و زاهیرکۆیی فواد و سەلاحی عەبدە خرەو . مەولود ئاغای قەلادزەو عەلی هیرۆی و عەباس عەبدوللا و عەلی عەزیزو عوبید و ئەسعەد مەلاحەسەن سورچی وحاجی جحیلو پیرۆت و قادرمەولود مامەسینی و زەردەو قادرقوتێ و. عومەر مەلا رەفعەت و مەغدید محەمەد رەشاش و کەریم عەزیزە کۆر و عەلی خورشید زۆری نەبرد بە داخەوە پەتای خۆخۆری کوردستانی گرتەوە هاوسەنگەرانی مان ونەمان لوولەی تفەنگەکانیان پترلەوەی لەدوژمن بکەن لەبراکانیان گرت. لیرەوە مام وسوو لە زۆرینەی شەڕەکانی سنووری بیتوین و پشدەر و مەرگە و سورداش بەشداربوو، زۆرجاریش رۆلە سەرەکییەکان لەسەردەستی ئەو و پیشمەرگە فیداکارەکانی دەشتی کاکی بە کاکییەکەی هەولیر تۆماردەکرا، لە شەرە بەناوبانگەکان دەتوانین ئاماژە بەهەندیکیان بکەین وەک: یەکەم هەنگاو مام وسوو پیکداپرژان و شەڕی نیوان عەشیرەتی بلباس (ئیسماعیل ئاغای بلباس) و عەشیرەتی

ئاکۆ(عباس ئاغای سەرکەبکان)رادەگرێ وبە فەرمانی ئیدریس بارزانی ناوبژیوانیان بۆ دەکات و زیرەکی وقسەزانی مام وسوو متمانەی هەردولا رادەکیشێ، موقەدەم عەزیز عەقراوی سەردانی دەکات بۆ گەیاندنی بریاری بارزانی بە گواستنەوەیان بۆ سەرسیان، زۆر لە ئاغاکانی میراودەلیش لەوشوینە بارەگایان هەبوو، چەندین بارەگای دیکەش لەوێ هەبوو، لەوانە: عیزەددین قەرەو نەجمەددینی برای هەروەها مولازم تاریق کەرکووکی بارزانی دەیزانی نیازی حکومەت چیە؟ بۆیە ئەم هیزانەی لەسەرسیان کۆدەکردەوە .لە٣–٣–١٩٦٥مام وسوو هیزەکەی دەچنە سەرسیان لە مانگی ٩–١٩٦٥ حکومەت هیرش دەکاتە بەر ئاسۆس و سەرسیان لە دەربەند تابەردەکۆزو گەرمکانی گرت و لە ئاسۆس هیزی مام وسوو گەمارۆ دەدرین و تاسێ رۆژدریژە دەکیشیت و پیشمەرگە چۆکدادەدات و شەڕ دەکەن، بەلام ناتوانرێ پیتاک وتەقەمەنیان بگەیەندریتێ بۆیە بارزانی بە بروسکەیەک داوای پاشەکشەیان لیدەکات، چونگە بەری کیوەرەش گیرابو و ئەوان. هیزی مام وسوو دەبیتە هیزیکی گورزوەشین لەهەرشوینیک شەڕ هەبیت بەرەو رووی دەچن وەک بەرچاو خستنەک: قشلەی سەنگەسەر، شەرەکانی سنووری پشدەر ومەرگەتا لە ٢٧–٤–١٩٦٦ بۆ شەڕی زۆزک و هندرین داوا دەکرین، لەم شەرەدا کە زۆربەی هیزەکانی سنورەکە دامابون لە بەرەنگاری وبەردەوامبوونی گەیشتنی مام وسوو، هەموو پیوەرەکان دەگۆڕێ و هیوایەکی نوێ دروست دەکاتەوە باشترین و پیروزترین نوسین لەمبارەیەوە باسەکەی سەرۆکی هەریم مەسعود بارزانییە بە شاهیدی خودی دوژمنەوە، چونکە خۆراگری هیزە ٣٥تا٤٠کەسییەکەی مام وسوو بە هەموو لایەنیکی سەلماند، کە ئەگەر مرۆڤ بخوازێ چۆک بە ئاسنداەدات لەم شەرە بەناوبانگترین لیوای سوپای عیراق (لیوای سەعید عەمۆ)تەسلیمی ئیرادەی پۆلایینی پیشمەرگە دەبێ و کرنوشی تۆبە دەبات لەم شەرە، دوژمن تا سەر تیزی زۆزک هات، بەلام پیشمەرگە بە هیزیک و چەکیکی سادە چۆکی پیدادا مام وسوو برینداردەبێ بۆجاری سییەم و سابیر ئەمین ئەحمەد و خالەدیوە و ئەسعەد سورچی و قادرقوتێ و عومەر عەلیاوە بەسووکی بریندار دەبن و شەهیدیک بەناوی عەلی عەلیاوەیی. حکومەت دوای شکانی لە زۆزک دەستی بە گفتوگۆ کرد لە گەل شۆڕش. لەدوای سالی ١٩٦٦ وە زۆر شەڕی دیکەی وەکو بلقامیش و پردی ژاراوە و ماکۆک و کیوەرەش و قەرەسەرد و چیای سارا و شەڕی سورداش و دەیان سووکە شەڕی دیکە روویدا، کە



مام وسوو دزەیی

مام وسوو و لقە قارەمانەکەی، کە بە قەوارە نزیک بەتالیرنیک دەبوون لە هیچ کامیان روویان وەرنەگیرا و قارەمانانە شەڕ و ئەوینی کوردستان هاوڕێی هەمیشەییان بوو، گرنگترین شەڕ تا ئەم ماوەیە لیدانی قەلادزێ و دەیان بەرەنگار بونەوەی تری وەک شەڕی بەستەستین بوو، کە لەو شەڕەدا ریگەی گشتی بەستەستین –قەلادزییان داخست و لە بەیانی تا ئیوارە شەڕ بەردەوام بوو و پیشمەرگە (نوری حاجی ئۆمەر)لەم شەڕەدا گەیشتە کاروانی شەهیدان و مام وسووش تییدا بریندار بوو، لەگەل لیدانی قەلادزێ ودەیان بەرەنگاربوونەوەی تر. بەر لە سالی ١٩٧٠ بەرز کرایەوە بە پلەی ئامر بەتالیۆن لە دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کرایە ئامر سریە لە فەوجی پاسەوانی سنووری قەلادزێ و رانیە. لە کارەساتە نەگریسەکەی ١٩٧٥ ئاوارەی ئیران بوو، لە سالی ١٩٧٦ گواسترانەوە بۆ شاری هەمەدان و لەدوای سالیک مانەوە لە ئۆردوگاکانی پەنابەران لە رەبت و جەهروم، سالی ١٩٧٨بە دەستپیکردنەوەی شۆڕشی گولان بوو بە کادیریکی چالاک و ریکخستنەوەی پەنابەران بەنیازی بەشداربوونیان لە شۆڕشی نوێ و هەلگرتنەوەی چەکی پیشمەرگایەتی، چەند سەردانیکی کاک (ئیدریس بارزانی) کرد و لەگەل (عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و محەمەد مەلا تاهیر و مەلو خدان سەعدی گەورە و زۆر پەنابەری تر بڕیاریاندابگەڕینەوە پال هیزی پیشمەرگە و بۆ ئەمەش

دەبوایە بەنهینی لە ئیران دەربچن و بگەنە سنووری تورکیا، بەلام بە هۆی زمان لیدانی پەنابەریکی پیاوی ساواکی ئیران دەستگیرکراو ماوەی ٢ مانگ بێ سەر و شوین بوو، تا بە هەولیکی زۆری کاک ئیدریس بارزانی بنەمالەکەی لە دەست ساواک رزگاری بوو، بەلام لە ژیر ئەشکنجە چاویکی لە دەستدا، هەروەها ساواک خستییە ژیر چاودیری ناچاری و هاتوچۆی لێ قەدەغە کرد، لە ١٩٧٩ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیران گەڕایەوە کوردستانی ئیران و لە شاری نەغەدە نیشتەجیبوو و چەکی شەڕەفی لە شان کردەوە و مەقەڕی لە ئوردوگای زیوە دانا، دوایی گواسترایەوە بۆ ئالوتان و خدرئاوای پیرانشهر، ئەمجارەش هەروەکو جاران سەرەڕای پیری و نەخۆشییەکانی بە حەسانەوە رازی نەبوو، بە پۆلیک پیشمەرگەوە دابەزینە سنووری حاجی ئومەران و لە سەربازگەی حاجی ئۆمەرانیان توپباران کرد و لە ریگای گەڕانەوەش تووشی زۆر کورتە شەڕ بوون لەگەل جاشەکان، تا دەرئەنجام لە سالی ١٩٨٥ هیچ توانایەکی جەستەیی وەکو پیویستی نەما و چاوەکانی بەرەو کزی چوون و دوو جار تووشی جەلتەی دل هات تا سەرئەنجام لە شەوی ٢٠لەسەر ٢١ \٢\١٩٨٩ لە غەریبی و ئاوارەیی کوچی دوایی کرد و گلکۆکەی مام وسوو لە پال مەلۆی ئامۆزای و سەلیمی برازای لە گۆڕستانی نەغەدە – پیرانشهر بە خاک سپیردرا.

**بەشی دووەم و کۆتایی**

## پرسەو سەرەخۆشی

* بەناوی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان پرسەو سەرەخۆشی لە بەڕیز بەهرام مەعروف دەکەین بەهۆی کۆچی دوایی "حاجی مەعروف"ی باوکیانەوە.لەخوای گەورە داواکارین خوالیخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات

* بە ناوی دەزگای بەدرخان پرسەو سەرەخۆشی لە مامۆستا عەلی خورشید دەکەین بە هۆی کۆچی ناوادەی "ئاشتی" کچییەوە، کە بە کارەساتیکی دلتەزین کۆچی دوای کرد، لە خوای گەورە داواکارین ئەمە دواکۆستیان بیت.

## ئەمەیە گۆڕان!!!

کازم عومەر دەباغ

رۆژی پینجشەمە کاتژمیر دووی دوای نیوەرۆ ریکەوت ٢٠٠٩/٧/١٦ بە قرچەی گەرما بە مەبەستی بەشداریکردن لە پرسەی مامۆستا پشتیوان خالد سەردۆلێ رووم کردە گەراجی کۆیە بۆ ئەوەی بەرەوشاری کۆیە. بچم کاتێ گەیشتمە ناوگەراج پیاویک لەتەنیشت کۆستەریکی مۆدیل کۆن وەستابوو. هاواری دەکرد کۆیە بە کۆستەر بە ساردەوە. منیش هەلوەستەیەکم کرد وتم ئەم کۆستەرە کۆنە و سارد، کوجامەرحەبا!!!



بۆ دلنیابوون بەرەو کۆستەرەکە چووم چەند نەفەریک لە ناوی دانیشتبوون چاوەڕێی رۆیشتنیان دەکرد کاتێ چوومە ناو کۆستەرەکە لە راستیدا زۆر سارد و خۆشبوو. لەبەر خۆمەوە گوتم بەراستی شتیکی سەیرە ئەم کۆستەرە کۆنە ئەم ساردییەی هەبیت!!! نەفەرەکان پیکەنین و وتیان. مامۆستا تەماشای ئەم بۆریەبکە لە پشت پەنجەرەی شوفیرەکەوە هاتۆتە ژوورەوە. کاتێ سەیرمکرد بۆرییەک لە ساردکەرەوەی چایخانەکەوە راکیشراوە. زۆر پیکەنیم و وتم بە راستی ئەمەیە گۆڕان. راستە کە دەیان وت گۆڕان بەڕێوەیە. باشە ئەی ئەگەر ئەمە گۆڕان نەبیت ئەی چی گۆڕانە!!! هەردوای ئەمە لە کۆستەرەکە دابەزیم و سواری قەمەریەکی تەکسی مۆدیل نوێ بووم. وتم باش بوو دەستخەرۆ نەبووم ئەم ساردییە خۆشییەکەی کاتییە شتی کاتی هەتاسەر نییە!!!

## پیرۆزبایی

بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی جیگری بەڕیوبەری گشتی هاتوچۆی هەریمی کوردستان پیرۆبایی لە"عەمیدعەبدولقادرعەزیز ئیبراهیم گەلالی" دەکەین، بە هیوایین لە کارەکەیدا بەردەوام بێ و داوای تەمەن دریژی بۆ دەخوازین.

**بەدرخان**

## لەساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند "عیسا بەرواری" دا

ئا: هوشیار عەبدوڵلا

هونەرمەندی نەمر ناوی"عیسا کوڕی حوسێن"ە، لە ساڵی ١٩٣٣ز لە یەکێک لە گوندەکانی دەڤەری"بەرواری ژێری"ی دهۆک لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی"فەلاح"ی لە شاری موسڵ تەواوکردووە، هونەرمەند هەر لە منداڵییەوە حەزی لە گۆرانی وستران، ئەو حەزەشی لەوەوە سەری هەڵداوە کاتێ خوالێخۆشبوو"سەعید ئاغای جەزیری" لە شارۆچکەی"عەیندێوەر"ەوە لە سووریاوە بە قاچاغ لە ڕێگای زاخۆوە دەهاتە شاری موسڵ میوانی ماڵی مامی عیسای دەبوو، شەوان خزمەکانی هونەرمەند دەوریان لێدەدا و ئەویش گۆرانی دەگوت، خوالێخۆشبوو سەعید ئاغای جەزیری دەنگێکی خۆش و بەرز و بەرفرەی هەبووە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هونەرمەند بەرواری هەبووە، هونەرمەند لە ساڵی ١٩٥٨ دەستی بە تۆمارکردنی گۆرانییەکانی لە ئێسگەی کوردی بەغدا کردووە، یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی "مەدینایێ"ی لەگەڵ خوالێخۆشبوو"محەمەد عارفێ جەزیری" بە دووقۆڵی تۆمارکردووە، محەمەد عارف یەکەم کەس بووە ئامێری تەمبووری لە باکووری کوردستان هێناوەتە باشوورو بەکارهێناوەو پاشان عیسا بەرواری بەکاریهێناوە. هونەرمەند دەنگێکی کوورو بڵندی هەبووە، دەنگێکی چیایی، تۆنی دەنگی بڵندبوو، توانای ئەوەی هەبوو بۆماوەی ٥-٦سەعات گۆرانی بڵێ، لە لاوکە بەناوبانگەکانی"وەسمەر، ئەسمەر"بوو، لاوکێ دەشتانی، چوومە کەلهێ، خەرجێ و سیابەند"سیامەند" کە خۆی ئاوازی بۆ دانابوو، لەبەستەکانیشی یارگژ نۆکێ و بارانا، زەمبیل فرۆش، کە بە دوو قۆڵی لەگەڵ گوڵبەهاری گوتییە، خوالێخۆشبوو بەشداری فیستیڤاڵەکانی ناوەوەو دەرەوەی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ هونەرمەندان گوڵبەهار و محەمەد عارفێ جەزیری چوونەتە دەرەوەی وڵات بەبۆنەی جەژنی نەورۆز لە لوبنان ئاهەنگیان گێڕاوە، لە ساڵی ١٩٧٧ چووەتە بەریتانیاو فەرەنسا و تورکیا و بولغاریا و یۆنان، لە فەرەنسا لەگەڵ گوڵبەهار خەڵاتیان پێدراوە. هونەرمەند لە ساڵی ١٩٥٧ ژنی هێناوە،"٢"دووکوڕی بە ناوی"کەریم" و"حوسێن" لەگەڵ"٩" کچیشی لەپاش بەجێماوە، خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٩٧٠ خانەنشین کراوە، ئەو دۆست و هەڤاڵانەی، کە لەگەڵ بەرواریدا دۆستایەتییان بەتین بووە ئەمانەبوون محەمەد عارف، عەلی مەردان، تاهیر تۆفیق، رەسول گەردی، نەسرین شێروان، گوڵبەهار، عیشەشان، ئەم دووانە بە دوو قۆڵی گۆرانییان لەگەڵ گوتووە، شەهید دکتۆر نافیع ئاکرەیی، جگەرخوێن، سادق بەهائەددین، دکتۆر بەدرخان سندی، باکووری گەلێکی دیکە، هونەرمەند لە"٢٠"ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردووە.

## فەرهەنگی ناوو ناتۆرە

### ناوو نازناو ناوو ناتۆرەو سووک کردنی ناو لەناو زمانی ئێمەدا

ئەبێ چ لەو راستییە زیاتر دووبارە بکرێتەوە، کە کوردستانەکەی ئەم کوردە بەدرێژایی مێژووی لێورێژی لە خوێن و فرمێسک و هەنسک و سکۆبردن و ئاخ و حەژمەت و خەفەت هەمیشە گۆڕەپانی جلیت بازی ئەم و ئەو بووە. خواردوویانە بردوویانە کردوویانە لە پاشا جێ پەنجەی رق و کینەی خۆشیان، کە لە هیچ فەرهەنگێکا بەر چاوناکەوێ، بەجێ هێشتووە خۆ ئەگەر بۆیشیان لوابێ هیچ نکوڵیان لە سوتاندن و برژاندن و روخاندن و تۆقاندن نەکردووەو ئەوەی پێیان کرابێ و کەوتبێتە بەردەست و چاو و سەمتی ئارەزووی هاروهاجیان کردوویانە.

یەکێ لەو شتە هەرە ئازیزو هەرە پیرۆزانەی کورد، کە کەوتۆتە بەرشالاوی ئەم درندایەتییە زمانە"حەوت روحە" کەی بوو. گەردەبێت ساڵێ سەری هەڵدابێ چەندین سەدە" دەستی خراوەتە بینە قاقای. نەختێ هەناسەی دابێ دەست بە جێ"ئۆکسژین"ی ژیانیان لێ بردۆتە قات، کەی ویستبێتی بکەوێتە پەیڕەوکە و لغەلغ هەولی سەر شێتانەی کامل بڕین و شیرازە پچراندنیان داوە...! هەر سەرەتاتکێیەکی وەک لەگەڵ مێژووا بکە، راستی ئەم راستیانەت بۆ ئاشکرا تر دەبێت. ئاوڕێ لە میدیا ئاوڕێ لە"ساسان" ئاوڕێ لە قۆناغەکانی"ئەمەوی و عەباسی و مەغۆلی و قاجاری و عوسمانی"...و .


عەبدولوەهاب شێخانی

و تا دەگەیتە ئەم رۆژە دژوارە و هەرە پەرێشانە ئینجا ئەزانیت ئەم زمانەی ئێمە بە چ شێوازێکی نەفرەت لێ کراو فەرمانی خنکاندن و لە سێدارەدانی دراوە...! بۆ چونکە دوژمن زۆرباش ئەو راستییەی بۆ شی بووەتەوە کە ئەگەرشتێ هەبێ، کوردەکە بپارێزی سەرباری خاکە"ئافەرین لێ کراو"ە کەی تەنیا هەر"زمانەکەی" بووە، بۆیە خۆیان لێ مەلاس ناوە و شەویان بە رۆژو رۆژیان لەسەر شەو داناوە. بۆ تەفروتووناکردن وشێلان و بزرکاندنی هەوێن و هەویری ئەم زمانە هەرە نازداری کورد پێتان سەیرنەبێ، ئەمەیان من نایڵێم و مێژوو وای دەگێڕێتەوە. وانییە لەم قسانەی منیش شیعرێکی روتەڵەبێت و بەس...!! نازانم چیتر ماوە بەم کوردستانە بەم"زمانە" بەنگینەی نەکرابێ. بەدووریش مەزانن هێشتا زۆر پلان و پیلان و وردە حسێبی تری کە لە"ناوبردن"ی ئەم زمانە پاشە رۆژ بیخاتە بەردەست و چاوان...!!

بەڵام بەشایەتی دۆست و نەیار بەشایەتی زمانە دەمراستەکە خۆی گەلی لەو خەونە شات و پاتانەی دوژمنی، زیواڵ کردووە، هەزاردانە تۆپی"زەمانە" لێی داوە، بەڵام هەر نەڕوخاوەو نەتواوەتەوە، هەر "رق ئەستوورتر" بووەو هەر "بەسەد شەیتان" و سەر هەلقەنەش لە کوردایەتی خۆی نەکەوتووە. با دواش کەوتبێ چونکە ژیان ویست بووە، ئەو زمانەی کە خەو بە "مەرگ"ەوە ئەبینی ئەمڕۆش نا سبەی هەر گیان ئەداو کە لەلائەبێت.

بەڵام میللەتێ منداڵە ساڵە وەختەی بە وشەی "نا... نە □"ەوە زمانی بپژێ و لەمردن نەپرینگێتەوە چ هێزێ هەیە لە ناوی بەرێ. بەڵێ لە پال ئەم هەموو ئازار و جەربەزیەو ژانەشدا، لەم زمانەی ئێمە رووی پاکی خۆی لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی سەرکەش وەرنەگێڕاوە و لە قاوغەی تەنگەبەرەی خۆیدا، کروشکەی نەبەستوە، بەڵکو بەردەوام لە ئال و گۆڕدابووە، کە من لام وایە ئەمەیش رازێکی هەرە قوڵی مان و بوونیەتی، هەر تاکە ئاوڕدانەوەیەکی قوچاخانە بەسەر ئەم باسەی مندا ئەم حەقیقەتە ئاشکرا دەکات حەقیقەتی دان و وەرگرتن. تێکچرژان و بەخششی بەردەوام، بەڵام لە قالبێکی خۆماڵانەی مرۆڤانەی کوردانەدا...

سەرباری جوان و هێزو جۆشی زمانەکیش خۆی. بۆنا! کورد هەر بۆ نموونە گەر بزانین لە ناو"لێنسان "و ساناکردن و ناووناتۆرەدا بەپێی گراماتیکی زمان زەوقی شاعیرانەی خۆی و تێرو تەسەڵی دیالێکتەکانی چی دەکاو چۆنی بۆ دەڕوات.

ئەم باسەی لێرەش سەردەمانێ بوو لە کەللەی دابووم و حەجمانی لێ بڕیوم تا وردە وردە کردم بە لێکۆڵینەوە سادەو فەریکەی لەبەر چاو، کە خۆی لە خۆیدا نیشتەیەکی کەی مێژوویی لەم زمانەمان بۆ واز دەکاتەوە، کە کورد"نەتەوە"یە و هەموو رەگ و دەمار و بنکەی نەتەوەیەکی سەربەخۆی ئەم رۆژهەڵاتەوە لەتەک خۆیدا هەڵگرتووە.

بەشی دووەم

تێبینی: ئەم نووسینە پێشەکییەکی مامۆستا مەحمود زامدارە، کە بۆ کتێبی "فەرهەنگی ناوو ناتۆرە"ی نووسیوە.

# پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان کوتەک و تەسلیم بووندا

## هەوڵێکی دیکەی نەوزاد عەلی ئەحمەد بۆ بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە کوردییەکان

**خوێندنەوەی بەدرخان**

لای هەمووومان روونە و نکوڵی لێ ناکرێ، کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ کورد باجی بە ئەرشیفنەکردن و بە دیکۆمێنت نەکردنی شتە مێژوویی و بەڵگەنامەکانی خۆی دەدا، ئەوەش زیانێکی گەورەی بە کورد گەیاندووە، ئەگینا وەکو لێکۆڵەران باسی لێوە دەکەن لەوانە نییە هیچ میللەتێک بەقەد کورد شتی دەربارە نووسرا بێ، بە تایبەتی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وڵاتاندا، بەڵام ئایا کێ ئەو بەڵگەنامانەی دەست کەوتووە و ئەرشیفی کردووە؟ هەندێک جار وامان لێدێ مەمنوون بین بە دەست بەردان لەو بەڵگەنامانە، تەنها بۆ ئەوەی بەڵگەنامە کوردییەکانی خۆمان دەست بکەوێت و ئەرشیفیان بکەین، جێی دڵتەنگییە تا ئێستا حکومەتی کوردستان بیری لە دامەزراندنی ئەرشیفخانەیەک بۆ ئەو بەڵگەنامانە نەکردۆتەوە، لە کاتێکدا ئەوان لە ئێمەی تاک باشتر گرنگی ئەو بەڵگەنامانە دەزانن، بەڵام بۆچی نەیانکردووە؟ نازانم! کە حکومەت بیر لە کارێکی وا نەکاتەوە ناچارین پەنا بەرینەبەر هێز و توانا و کارکردنە تاکە کەسییەکان، کە ئەوەشیان هەر کارێکی پیرۆزە، پیرۆزی لەوە زیاتر کە هەریەک لە "د. نەجاتی عەبدوڵلا لە فەرەنسا و نەوزاد عەلی ئەحمەد لە سوید و د. کەمال مەزهەر لە بەریتانیا" هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کورد دەدەن و چاپی دەکەن. جێی خۆیەتی ئاوڕی جدی لە هەریەک لەوانە و هاوشانانیان بدرێتەوە، گەر هیچ نەبێ پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان وابکا هەریەک لەوانە خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەو بەڵگەنامانە، ئەگەرچی وەک ئاگادارم ئەوان شەو و رۆژیان لەسەریەک داناوە بۆ ئەو کارە، بەڵام با خۆمان بێ ئاگا نەکەین، ئەوە ژیانە و گوزەرانی دەوێ، کورد گوتەنی خۆ هەر هیچ نەبێ پێویستیان بە برە پارەیەک هەیە بۆ تێرکردنی زگی خۆیان، ئەوە باسی خۆشی و گەشت و گەڕان ناکەم، چونکە دەزانم ئەوان ئەوەندەی لە خەمی کارەکەی خۆیان دان، نیو ئەوەندە لە خەمی خۆشییەکانی ژیان نین، بەڵکو دۆزینەوە و چاپکردنی بەڵگەنامەیەک بۆ ئەوان گەورەترین دڵخۆشی و سەرکەوتنە، کەوایە پێویستە ئاوڕی جدی لەو برا ماندوونەناسانە بدەینەوە، چۆن ئەوان خەمی ئەرشیفی کوردییانە با ئێمەش خەمی ئەوانمان بێ، ئاخر کەی رەوایە لێکۆڵەر و ئەرشیفیستێک بەڵگەنامەیەکی یەکجار گرنگ بدۆزێتەوە، کەچی لەسەر ئەرکی خۆی چاپی بکاو تێیدا لە لایەنە مادییەکە زەرەرمەند بێ، یان دەزگایەک بۆچی چاپ بکاو تەنها چەند دانەیەکی بداتێ لە بەرامبەر ماندوو بوونەکەی، کە لەوانەیە ئەو چەند دانەیە بەشی بەخشین و بەدیاری دانی ئەوان نەکا بە هاوڕێکانیان.

نامەوێ درێژە بەو باسە بدەم، چونکە ئەوەی باسمکرد بەشێکی یەکجار کەمە لە موعانات و ئێش و ئازارەکانی ئەو برایانەیە کە باسمکردن، خۆزگە دەخوازم هەریەک لەوانە تەمەنیان درێژبێ و کاری چاکتر بکەن لە بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە کوردییەکان.

ئەوەی دەمەوێ لێرەدا باسی لێوە بکەم هەوڵێکی جدی و جوامێرانەی "نەوزاد عەلی ئەحمەد"ە، ئەویش کتێبی " پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان کوتەک و تەسلیم بووندا"یە، کە ئەو کتێبە لە دوو توێی "١٢٨" لاپەڕەیی لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە چاپخانەی رۆژهەڵاتی شاری هەولێر چاپ کراوە.

نەوزاد هەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: پێم سەیرە تا ئێستا حزبی کوردی بیری لە دامەزراندن و ئەرشیفکردنی خەباتی کوردایەتی نەکردۆتەوە، بە تایبەتیش دۆکیۆمێنتەکان بە شێوەیەک بپارێزرێن کە نووسەر و لێکۆڵەر سوودیان لێ ببینن و خەڵکی تریش بتوانن سەردانی ئەو سەنتەرە یاخود بنکەیە بکەن تا بەچاوی خۆیان ئەو دۆکیۆمێنتانە ببینن، بە تایبەتیش پێویستە خوێندکارانی خوێندنگاکان سەردانی ئەو شوێنانە بکەن"...لا٣.

گومانی ناوێ هەر لەو بەشەی پێشەکییەکەیدا دڵتەنگی نەوزادمان بۆ دەردەکەوێ لە بەرامبەر نەبوونی ئەو بنکەیەی باسی لێوە دەکا، ناهەقیشی نییە، چونکە کوفرە ئەوێکی نووسەر بچێ لە کتێبخانەی ماڵان بگەڕێ و دیکۆمێنت بدۆزێتەوە، کەچی حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبە باڵادەستەکەش نەتوانن بنکەیەکی وابکەنەوە، کەچی ئامادەبن بە سەدان ملیۆن دینار لە فێستیڤاڵی بێ مانا و گەشتی مەی خواردنەوە و شەوانی سوور سەرف بکەن.

خۆی لە خۆیدا ئەوە پرسیارە، بەڵام کێ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و خۆی بە خەمخۆری ئەو کێشەیە دەزانێ؟ نازانم! ئەو قسەیەش مانای نەبوونی هیچ هەوڵێک نادا، چونکە لەولاو لەولا چەند هەوڵێک هەیە، بۆ نموونە راگەیاندنی ئەرشیفی شار لە سوید لەلایەن دەزگای بەدرخان و دکتۆر بەدرخان عەلی، ئەوانە جێی دڵخۆشین، بەڵام شانازییەکەی بۆ حکومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیری ناگەڕێتەوە، بەڵکو شانازییەکە بۆ ئەوانەیە کە لە دڵسۆزی خۆیان بۆ ئەرشیفی کوردی ئەو هەوڵانە دەدەن.

هەروەها نووسەر لە پێناسەی ئەم کتێبەدا و لەژێر ناوی "ئەم کتێبە" دەنووسێ: (ئەم کتێبە بریتییە لە دوو بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە یەکێکیان بە زمانی عەرەبییە و رۆژی ١٩٦١/١٢/٢٤ دەرچووە و بەیاننامەی دووەم بە زمانی کوردییە و رۆژی ٣-١٩٦٢/٣/٤ی لەسەر دانداروە، یەکەمیان بریتییە لە بەیاننامەیەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی، دووەمیش بریتییە لە چەند روونکردنەوەیەک لە مەکتەبی سیاسییەوە، هەردوو بەڵگەنامەکە لە مانگی مایسی ١٩٦٢ لە لایەن رێکخراوی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستان لە کتێبی "مەلزەمە" قەبارە فولسکابدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە و هەردوو بەڵگەنامەکەش بە دەستخەت لەسەر ستێنسل نووسراوەتەوە و پاشان وەکو دەردەکەوێت بە رۆنیۆ راکێشراوە، من ئەو کتێبەم لە کتێبخانە شەخسییەکەی کاک عومەر شێخمووس لە ستۆکهۆڵم بینی و پاش ئیزن وەرگرتن سوپاسی دەکەم، کە رێگای پێدام فۆتۆکۆپی بکەم.... لا٥).

لە پێناسەی ئەو کتێبەشدا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەگەر هەوڵ و گەڕان هەبێ ئەوا کەسانێک هەن بەڵگەنامەو دیکۆمێنتە کوردییەکانیان لەکتێبخانە شەخسییەکانی خۆیان پاراستووە، بەڵام ئەوەش پێویستی بە هەوڵ



هەیە بۆ کۆکردنەوە و سەر لەنوێ لە چاپدانەوەیان بە شێوەیەکی جوان، تا نەوەی ئەمڕۆش بێ ئاگا نەبن لەو رووداوانەی جاران و لە سەردەمی زوو روویانداوە، چونکە نکوڵی لەوە ناکرێ دوێنێیە ئەمڕۆ و بەیانی و ئایندەمان بۆ دروست دەکا، ئەگینا ئەگەر نەزانین کورد لە دوێنێدا چی کردووە و چی بەسەرهاتووە، چۆن ئەمڕۆ کاربکەین و رێڕەوی کارکردنمان بزانین، هەر هیچ نەبێ دەتوانین لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە هەڵوێستی دۆست و دوژمنی خۆمانمان بۆ روون بێتەوە و بزانین پلان و پیلان و بەرنامەیان بەرامبەر کورد چییە و چی بووە؟!

بەو پێیەی ناونیشانی کتێبەکە سەرنجراکێش و جێی پرسیارە، نووسەر لێزانانە هەر لە ناوەرۆکی کتێبەکەیدا باس لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ناوی کتێبەکە و هۆکارەکانی دەکاو راستگۆیانە و بەبێ هیچ مەبەستێک چۆنیەتی ناولێنانی کتێبەکەی شی دەکاتەوە، بەوەی لەوکاتەدا پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتبووە نێوان هەردوو بەرداشی کوتەک و تەسلیم بوون، بۆیەشە نووسەر ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردووە.

لەدوایین پەرەگرافی نووسینی خۆی لە کتێبەکەدا نەوزاد لەژێر ناونیشانی "دوێنێ، ئەمڕۆ، ئایندە"دا دەنووسێ: " بە خوێندنەوە و تاوتوێکردن و لێوردبوونەوە لەم دوو بەڵگەنامەیە، رووداوەکان بەجۆرێک خۆیان نمایش دەکەن، هەر دەڵێی ئەمڕۆیە، پاش زیاتر لە ٤٥ ساڵ شانۆی دەسەڵاتی ناوەند کە خۆی لە نەتەوەی سەر دەستەی عەرەب دەبینێتەوە هەمان دەق نمایش دەکات، لە شانۆکەدا دەرهێنەر هەمان کەرستەو میتۆد و رووناکی کاردەکات، تەنیا ناوی کاراکتەر و ئەکتەرەکان گۆڕاون....."لا٨

کەوایە هەروەکو لە سەرەتای ئەو نووسینەدا ئاماژەم پێداو نەوزادیش لە کتێبەکەیدا بەروونی باسی کردووە، تاکە هۆکار بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی دۆست و دوژمنەکانمان ئەو بەڵگەنامانەن، کەوا دەبا بایەخی پێ بدەین، بۆچی کورد خۆراکی گەلانی تر بێ، دەبا ئێمەش سوود وەرگرین لەو کارەساتانەی بەسەرمان هاتووە، نەک تەنها بە کارەساتی درندانە و جەرگبڕ ناویان بەرین و هیچ ئەزموون و وانەیەکیشیان لێ وەرنەگرین و فێرنەبین!

دوا بەدوای هەموو ئەمانە دەقی هەردوو بەیاننامەکە وەکو خۆی و بەبێ دەستکاری و بەرێنووسی ئەمڕۆ لە کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە، تەنها ئەوەی تێبینی دەکرێ لە بەڵگەنامە عەرەبییەکەدا چەند وشەیەک هەن کە نووسەر لێیان دڵنیا نییە و هێڵی بەژێردا هێناون و لە پێشەکییەکەش ئاماژەی پێداوە، کە لەبەرئەوەی بەڵگەنامەکان دەستنووس بوونە، بۆیە ئەو وشانە روون نەبووە و لەوانەیە هەڵە یان راست بن.

لە کۆتایی کتێبەکەشدا نوسخەی ئۆرجینالی هەردوو بەڵگەنامە وەکو خۆی لەگەڵ کتێبەکە چاپکراوە و بەڵگەنامە کوردییەکە کۆتاییەکەی بەشیعرێک هاتووە، کە دەقی شیعرەکە باس لە خەبات و بەرەنگاری و بەرگری کوردان لە خۆیان و خاک و نیشتمانیان دەکا.

تا ئێرە ئەوەی خستمەڕوو دەقی ناوەرۆکی کتێبەکە بوو، ئەوەی مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم هەوڵ و ماندوبوونی برای ئازیزم نەوزاد عەلی ئەحمەدە، چونکە ئەوە یەکەم هەوڵی ئەو نییە لەو بوارەدا، بەڵکو هەر ئەو بوو "٧" ژمارە لە "٩" ژمارە ونەکەی رۆژنامەی خەباتی دۆزییەوە و لە دووتوێی کتێبێکدا لە بنکەی ژین بە چاپی گەیاند.

لە راستیدا بینینی هەر کتێبێکی وا جێی دڵخۆشییە و ئەو کتێبانە خۆیان پێمان دەڵێن چیتر خەم مەخۆن شوکر بۆ خوا ئێمەی کوردیش کەسانێکمان لێ هەڵکەوتووە کاردەکەن و لە خەمی دۆزینەوەی بەڵگەنامەکانن، کەوابێ و مادام کاروانەکە دەستی پێکردووە و خەریکە دەکەوێتە رێ، دەبا ئێمەش بە هەموومان رێگە خۆشکەر بین بۆ ئەو کاروانە بەردەوام بێ و لە برەویشدا بێ، خۆشمان بە قەرزار و شەرمەزاری ئەوانە بزانین کە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەو کاررانە تەرخان کردووە، لەسەرووی هەموویانە "د. نەجاتی عەبدوڵلا و نەوزاد عەلی ئەحمەد"، چونکە بەڕاستی تاسەر ئێسقان سەرسامم بە کارکردنەکانی ئەوان، بەو هیوایەی تەمەنیان درێژبێ و هەر لە خزمەتی ئەرشیف و مێژوو و ئەدەبی کوردیدا بن.

ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا بیڵێم دەستخۆشییە لە نەوزاد عەلی ئەحمەد، بەردەوامی ئەویش جێگای دڵخۆشییە، لە پاڵ ئەوەشدا دەستخۆشی لە دەزگای بەدرخان و هەموو ئەو دەزگایانە دەکەم کە هەوڵی بە چاپ گەیاندنی ئەو جۆرە کتێبانە دەدەن.


ژمارە (١٢١)ی تەمموزی ٢٠٠٩/٧/٢٣

# ئەنجامی دوا راپرسی دەزگای بەدرخان سەبارەت بە هەڵبژاردن

دوا راپرسی دەزگای بەدرخان سەبارەت بە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لە کوردستان

فۆڕمی دابەشکراو: ٥٠٠٠ دانە – فۆڕمی گەڕاوە: ٤٦١٠ دانە – فۆڕمی سپی: ٢٥٠ دانە – فۆڕمی نەگەڕاوە: ١٤٠

شوێنی دابەشکردن: هەولێر، سلێمانی، دهۆک. رەگەز: نێر و مێ. تەمەن: ١٨ تا ٧٥ساڵ. پیشە: خوێندەوار و نەخوێندەوار.

رۆژی راپرسی کردن: ٢٠٠٩/٧/١ تا ٢٠٠٩/٧/١٩

* ئایا بەشداری هەڵبژاردن دەکەیت؟ بەڵێ / نەخێر
* کام لیست هەڵدەبژێریت؟ ٥٤ / ٥٧ / ٥٩ / ٥٥
* کام لیست زۆرترین توندو تیژی بەکارهێناوە؟ ٥٤ / ٥٧ / ٥٩ / ٥٥
* هیوات بە لیستەکان هەیە؟ بەڵێ / نەخێر
* تاچەند بەڵێنەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکەن؟ ٪١٠٠ / ٪٧٥ / ٪٥٠ / ٪٢٥
* پێتوایە بێ کێشە هەڵبژاردن تەواو دەبێ؟ بەڵێ / نەخێر
* ئایا دەسەڵات خەڵکی کڕیوە یا خەڵک دەسەڵاتی هەڵخەڵەتاندووە؟ دەسەڵات / خەڵک
* لەگەڵ زۆری خزمەتگوزاری ئەو دوو مانگەی کۆتایی حەز دەکەن حکومەت ئاوا کاربکات؟ بەڵێ / نەخێر

**ئەنجامی راپرسییەکە:**

- بەڵێ ٣٩٠٠ / نەخێر ٧١٠
- ٥٤: ٢٢٦٥ / ٥٧: ٤٠٧ / ٥٩: ٦٥٠ / ٥٥: ٥٨٧
- ٥٤: ١٨٠٠ / ٥٧: ١٨٥٠ / ٥٩: ١٤٠ / ٥٥: ١١٠
- بەڵێ ٢٧٠٠ / نەخێر ١٢٠٠
- ٪١٠٠: ٤٥٠ / ٪٧٥: ٨٠٠ / ٪٥٠: ٩٠٠ / ٪٢٥: ١٧٥٠
- بەڵێ ٢٠٠٠ / نەخێر ١٩٠٠
- دەسەڵات ٢٨٠٠ / خەڵک ١١٠٠
- بەڵێ ٣٣٠٠ / نەخێر ٩٠٠



**شیکاری ئەنجامی راپرسییەکە:**
فۆڕمی دابەشکراو: ٥٠٠٠ دانە – فۆڕمی گەڕاوە: ٤٦١٠ دانە – فۆڕمی سپی: ٢٥٠ دانە – فۆڕمی نەگەڕاوە:١٤٠ دانە.
شوێنی دابەشکردنی فۆڕمەکان: هەولێر، سلێمانی، دهۆک. رەگەز: نێر و مێ. تەمەن: ١٨ تا ٧٥ ساڵ. پیشە: خوێندەوار و نەخوێندەوار.
رۆژی راپرسی کردن: ٢٠٠٩/٧/١ تا ٢٠٠٩/٧/١٩.

* بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە "٥٠٠٠"فۆڕم دابەشکراوە، تەنیا ٤٦١٠کەس وەڵامیان داوەتەوەو ٢٥٠فۆڕمیش بە سپی گەڕاوەتەوەو تەنیا ١٤٠ فۆڕمیش نەگەڕاوەتەوە، لە کۆتایی ٣٩٠٠ کەس بە بەڵێ بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و تەنیا ٧١٠کەس بە نەخێر، بەپێی راپرسییەکە بەشدار نابن.

* سەبارەت بە کام لیست هەڵدەبژێری، لەنێو لیستەکانی کوردستانی ٥٤، گۆڕان ٥٧، خزمەتگوزاری و چاکسازی ٥٩، ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ٥٥، لە ئەنجامدا لیستی ژمارە(٥٤) ٢٢٦٥ دەنگ، لیستی(٥٧) ٤٠٧ دەنگ، لیستی(٥٩)٦٥٠ دەنگ، لیستی(٥٥)٥٨٧ دەنگ، بەدەست دێنن.

* سەبارەت بە کام لیست زۆرترین توندوتیژی بەکارهێناوە: لە ئەنجامدا ئەوانەی فۆڕمیان پڕکردۆتەوە، پێیانوایە ١٨٠٠کەس لە دەنگدەران لیستی(٥٤) توندوتیژی بەکارهێناوەو هەروەها لیستەکانی(٥٧)١٨٥٠ کەس، لیستی(٥٩)١٤٠کەس، (٥٥)١١٠ کەس. ئەمەیان لەکۆی (٤٦١٠)فۆڕم کە دابەشکراوە بەسەر توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری.

* سەبارەت بەوەی ئایا هیوات بە لیستەکان هەیە بۆ دوای هەڵبژاردن، لە وەڵامدا (٢٧٠٠)کەس بە بەڵێ و (١٢٠٠) کەس بە نەخێر وەڵام دراوەتەوە.

* لەبارەی ئەوەی تاچەند بەڵێنەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکرێ لەکۆی(٤٦١٠)فۆڕم، (٤٥٠)کەس دەڵێن لە ٪١٠٠ جێبەجێ دەکرێ، (٨٠٠) کەس دەڵێن ٪٧٥ جێبەجێ دەکرێ، (٩٠٠) کەسیش لە ٪٥٠ قسەکانیان جێبەجێ دەبێ، هەروەها ١٧٥٠کەسیش لایان وایە لە ٪٢٥ جێبەجێ دەبێ.

* سەبارەت بەوەی ئایا هەڵبژاردن بێ کێشە تەواو دەبێ، (٢٠٠٠) کەس بە بەڵێ و (١٩٠٠)کەس بە نەخێر لەکۆی (٣٩٠٠)فۆڕم.

* لە بەرامبەر ئەوەی ئایا دەسەڵات خەڵکی کڕیوە یان خەڵک دەسەڵاتی هەڵخەڵەتاندووە بۆ هەڵبژاردن، لە ئەنجامی راپرسییەکە(٢٨٠٠)کەس لایان وایە دەسەڵات خەڵکی کڕیوەو (١١٠٠)کەسیش لایان وایە خەڵک دەسەڵاتی هەڵخەڵەتاندووە.

* لەگەڵ زۆری خزمەتگوزاری ئەو دوو مانگەی کۆتایی حکومەت، ئایا هاووڵاتی حەز دەکا حکومەت لەکارەکانی بەم چەشنە بەردەوام بن، لە(٣٩٠٠)فۆڕم (٣٣٠٠)کەس بە بەڵێ و (٦٠٠)کەس بە نەخێر وەڵام دراوەتەوە.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەنجامی راپرسییەکە بکەین، هاووڵاتی کورد هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات، بەرامبەر بە خاک و نیشتیمان و نەتەوە، کە دەزانێ لەپشت هەر وەڵامێک چی دەڵێ، چونکە دەزانن تاکو ئێستاش کوردستان لە بەرامبەر نەیاران و ملهوڕان مەترسی لەسەرە، بۆیە بە دڵ و بەگیان ئامادەن لە بەرامبەر ئەو فۆڕمانە راستگۆیانە وەڵام بدەنەوە، بۆیە لەجێگای خۆیەتی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی بە تەنگ کێشەکانی خەڵکەوە بێن و هەر تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردن نەبێ. ئەگەر ئەو دوو مانگەی دوایی تەنیا بۆ مەرامی هەڵبژاردن و بردنەوە بێ، ئەوا گوناهێکی گەورەیە دەرهەق بە خوێنی شەهیدان و هەڵەبجەو ئەنفال و بارزانیان و هەموو شتە پیرۆزەکانی دیکە.

تێبینی:
ئەم راپرسییە لەلایەن تیمەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە شارەکانی "هەولێروسلێمانی و دهۆک"ئەنجامدراوە.



## راگەیاندراوێک لە میدیاکانەوە

کوردستان لە کەشێکی ئازاد و ئارامدا رۆژی شەممە کە دەکاتە ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدەدات، هاووڵاتیانیش مافی خۆیانە بە ئازادانە بەشداری ئەو پرۆسە دیموکراسییە بکەن و ئێمەش وەک دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەو گۆڤار و رۆژنامەو هەفتەنامەکان بە مافی رەوای خۆمان دەزانین کە دەنگ بدەین و پاش راوێژکردن سەبارەت بەم مەسەلە چارەنووسسازەدا دڵنیاین گشت لیستەکان بەوپەڕی هەست بە مەسئولییەتەوە دەڕواننە پرۆسەکەو بە دیدێکی هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ مافی دەنگدەر و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەکەن، بۆیە ئێمەی دەزگاکانی راگەیاندن کە لەخوارەوە واژوومان کردووە دەنگ بە لیستی کوردستانی ژمارە ٥٤ و مەسعود بارزانی ژمارە ١٢ دەدەین. بەهیوایین کۆمەڵگای کوردەواریش بە ویژدانەوە بچن بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، بەنیازی پاراستن و پێشخستنی دەستکەوتەکانی گەل و نیشتیمان.

کوردستان راپۆرت
سدیق حەسەن شوکری
سەرنووسەری کوردستان راپۆرت

ئاسۆ
عارف قوربانی
سەرنووسەری ئاسۆ

هەولێر
جواد قادر
سەرنووسەری هەولێر

ئەڤرۆ
بەهجەت هروری
سەرنووسەری ئەڤرۆ

بەدرخان
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان
سەرنووسەری هەفتەنامەی بەدرخان

گوڵان
فوئاد سدیق
سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان





# ئایا خەمۆکی کار لە پەروەردەو سێکس دەکات

**ئازاد هەولێری**

بە پێی دوا لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئەوە بەدیار کەوتووە کە ئەوانەی نەخۆشی خەمۆکیان هەیە زیاتر منداڵەکانیان تەندروست نییەو باری دەروونی و لەش و لاریان تەواو نییە لەداو پشیمانەکان پزیشکی کار لەسەر"٥٠٠" نەخۆشی ژن و پیاو کراوە، کە ئاخۆ دەبێ هۆکارەکەی چی بێ. بۆیە خەمۆکی کار لە پەروەردەو سێکس دەکات.چونکەسێکس تەندروستییەکی باشی دەوێت.

پاش لێکۆڵینەوە و راپرسی و دوا سەرنجی لێکۆڵەروان دەریان خستووە کە:.

١- خەمۆکی لە نێر یان لە مێ رەنگدانەوەی"ئەرێنی" دەبێ، لە کاتی جووت بوون"کرداری سێکس".

٢- خەمۆکی دەبێتە هۆی ئەوەی نەتواندرێ منداڵەکە بەشێوەیەکی ئاسایی پەروەردە بکرێت.

٣- خەمۆکی خانەوادەیەکی لاواز و کەم تەرخەم و ناتەندروست دێنێتە بەرهەم.

٤- لەسەر هەموو تاکێکە مانگانە سەردانی پزیشکی دەروونی بکات و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بەوەوە هەیە نەیهێڵێ.

# هونەری منداڵ و چەند پەیڤێک...



**دارا محەمەد عەلی**

ئامانجی سەرەکی ئەم نووسینەم بۆ جگەر گۆشەکان و دایک و باوک و پەروەردەکارانە، چی لە نێو ماڵ و خاو و خێزاندا، چی لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا. ئینجا بۆ تۆش!!!

دەڵێم: هەرکارو بەرهەمێک کە لە گیانی رۆحی بەهرەمەند و بوونەوەرێکی پەپوولەیی پیرۆزی وەکو "منداڵ" سەرهەڵدا، دەبێت ئەوپەڕی رێزی لێبگیرێت و هانبدرێت بۆ کاری باشتر و چاکتر. چونکە ئێمە ئەگەر داکۆکی و پیشتگیریمان لەو توێژەی نێو کۆمەڵگا کرد، کە"چینی منداڵ"ە، واتە ئێمە کۆمەڵگایەکی راست و دروست بنیات دەنێین و خاڵی پێشکەوتنی ئەم کۆمەڵگایەش ئا لێرەداو لە"منداڵ"ەوە دەست پێدەکات!!!

"هونەر بەڵەنسێکە بۆ ژیانی منداڵ" لە هەندێ حاڵەتدا"هونەری منداڵ" خۆی دەرسکێ و دەچێتە نێو ئەو دڵە بچکۆلانەیەوە ئەو دەروونە پاک و بێگەردە. کە پڕیەتی لە بەرائەت و راستی و دروستی. بەڵێ"منداڵ بوونەوەرێکە بەسەربەستی لە دایک دەبێت و بەسەربەستیش ناخی خۆی دەکاتەوە و رازو حەزو هەستە جوانەکانی کە پڕن لە جمووجۆڵی رەنگاڵەیی خودی خۆی، کە ئەمانەش پەیوەستترە بە ناخ و دڵ دەروونی منداڵەوە و لەسەر هەر تۆمار پانتاییک بێت، دێت ئەو حاڵەتانە بە هەوەس و بۆچوونی خۆی تۆمار یاخود نیگاریان بۆ دەکێشێ... هیچ کات گەمەت بە منداڵەکەت نەیەت کە چەند هێڵێکی هاکەزایی و سادە و رەمەکی و هەندێ"جاران" "ئاڵۆز" دەکێشێ، یا سەرەتای درکاندنی نهێنییەکانی ناوەوەی ئەم بوونەوەرە پیرۆزەیە..



بۆیێ پێت دەڵێم: بە هەندی وەربگرەو پێشوازییەکی نەرم و نیانی لێ بکە. پێشوازییێک پڕی بێت لە جوانی"هەست و سۆز و رێز" گەر بە پێچەوانەوەش هەڵسوکەوت بکەیت و وەڵامی نەدەیتەوە، ئەوا منداڵەکەت لە ناوەوەدا دەشکێتەوە، دەپووکێتەوە، دوورنییە لێی بکات بە نەخۆشی!!!

بە پێچەوانەوە"هونەر" یارمەتی باوک و دایک دەدات لەپەروەردە و گەشەکردنی و بەرەو ئاقارێکی راست و دروستی رەپێش دەکات. چارەسەرییەکیشە بۆ حاڵەتە دەروونییەکانی ئەم منداڵە و دووری دەخاتەوە لە هەموو لاساری و ئاڵۆزییەکانی ژیان. هەروەکو چۆنە"زانستی نوێ" دەری خستووە، کە"میوزیک جۆرێکی دیکەیە بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی لە مرۆڤدا، بە تایبەت نەخۆشییەکانی"دەروونی- سایکۆلۆژی"!!

بەرای من هونەری"نیگارکێشی" هەمان رۆڵی هەیە لەم بوارەدا!!!

لەیادیش نەکەن هونەرمەندانی گەورە هەنە، کاریگەری هونەری منداڵاییان لەسەر بووە و سوودیان لەم هونەرە بەهایە وەرگرتووە نەخاسمە لایەنی"بوێر" لە ئیش کردنیاندا. بەتایبەت لەسەر ئاستی هونەری شێوەکاری تازە و"مۆدێرن" لەوانە وەکو هونەری"رووتەلەکی- ئەبستراکت" و هونەری و هیدیکەش!

کێ ناڵێ "ئەو بەهرەمەندە بچکۆلانەیە. کەڵە هونەرمەندێکی دوارۆژی لێدەرناچێ!

دەشبێتە ئالایەکی بەرز و شکۆداری گەل و نیشتیمانەکەی لەسەر ئاستی ئەو بەهرە و هونەرەی، کە ئەم بوونەوەرە پیرۆزە لەژیانیدا هەڵیبژاردووە و خزمەتی پێدەکات.



## لە قسە خۆشەکانی مەلا محەمەدی عەلیاوەیی

# ئەفەندی کڵاوسۆر

لە چەرخی عوسمانییەکان، بەر لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، ئەفەندییەکی بەساڵاچوو کچێکی تەڕ و بەڕی خنجیلانەی کوردەواری هێنا مەیلەو بەتۆبزی (بەزۆرەملێ).

ئەفەندی دوولنگ و چاکەتی لەبەرە، عەینەک لە چاو، فێسێکی سووری بە گوڵینگ لە سەریتی، شیرێکی لە ماڵێ بەداری وەکردووە.

دڵی زۆر لە ژنەکە پیسە و ناوێری دەستوور و حورییەتی بداتێ نەبادا حەز لە یەکی تر بکا و بیباتێ.

ژنەکەش کە چاوی بە ئەفەندی دەکەوێ لەلای لە عزرایل نا شیر ینترە، جگە لەمەش کەوا لە کارکردندا بێ کارە و بەناو بەساڵاچووە.



مەلا محەمەدی عەلیاوەیی

جا ئەفەندی کە بەیانیان بۆ دائیرە دەچوو، پێویستی لە ماڵێ ئامادە دەکرد و قاپی حەوشەی لەسەر ژنە کلیل ئەداو کلیلەکەی لەگەڵ خۆیا ئەبرد، تاکو هێواری ئەهاتەوە، کە دەهاتەوە ژووری بەر لە هەموو شت دەستی ئەدا شیرەکەی ماڵێ و هەری ئەکێشا و بای ئەدا و ئەیوت: ئەمەی من نەیکوژم نامرێ، سەری چەندەها کەسم پەلداوە. حکومەت بە واسیتەی من حکومەتە، ئەگەر من نەبم چ حەددیتی ئیشوکاری پێ بکرێ و سەرکێشان لەناوبەرێ، هتد، ماوەیەک بەم حاڵە لەناوماڵ گڕی دەخوارد، ژنەی لەترسان لە قولینچکەک خۆی وێک دێنا و ئەلەرزی و بڕوای دەکرد، مەبەستی ئەفەندیش لێرەدا ئەمە بوو بەس ژنەکە بترسێ و نەوێری حەز حەزۆکێ بکات و دڵی بەس باوێتە سەر ئەفەندی.

تا جارێک دزێک بەهەر جۆرێ بێت خۆی هاوێشتە حەوشەکە و ژنە غافر (غافڵ) بوو خۆی کوتا ژووری، چاوەنواڕی هەلی دەکرد کەوا دەستێک بە ماڵەکەدا بێنی و بیبات، ئەس قەزا ئەفەندی تەقەی دەرگای هات و کردییەوە و هاتە ژووری، کابرای دزەش خۆی حەشاردا لە پەنای شتێک، تاکو دەرفەتی دەبی و هەلێ، چونکە مەئیوس بوو بە هاتنەوەی ئەفەندی لەماڵ بردن، نە ئەفەندی و نە ژنە ئاگایان لەدزە نییە، ئەفەندی بەوێنەی جاران دەستی دا شیرەکە و دەستی کرد بە درۆ و دەلەسەکە و هەڕ و گیڤ بۆ لای شوێن دزە چوو بەشیری رووتییەوە، دزەش وتی نەخێر ئەمە شکی منی کردییە و هات بمکوژی و سەرم پەلدا، دەستی بەچاوی وەنا و وتی: هولولولو، راپەڕییە دەرێ، ئەفەندی لە ترسان کەوت و بێ هۆش بوو شیرەکەی لەدەست پەڕی و بووە دوو پارچە و فێسەکەی کەوتە عەردی و بیلامانێ پڕ بنە خۆشی ریت.

پاش ماوەیەک ژنە هاتە لای ئەفەندی راستی کردەوە و وتی:

ئەفەندی
وەقەی ترت بەچەندی
تۆ بەیەک هولولولو
پانتۆڕت پڕ کرد لە گوو
فێسی سۆرت کەوتە خوار
شیرت شکا بە یەکجار
وام زانی ئەسکەندەری
نەمزانی کە قووندەری

**ئا: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی**

# حیکایەتی شار ... منەتبازی



**محەمەد کەریم نانەوا**

- لە رۆژانی نەبوونی و قاتوقڕیدا. لەرۆژانی تەنگانەو رۆژانی پشێویدا، ئەسڵەن جەنابیان گاڵتەوفشەی بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهات. دەیگوت: حکومەت و پەرلەمان چی، تۆزوبایە، زۆر بێ شەرمانە. بەڵکو بە شانازییەوە شەکرەکەی دیکتاتۆری بەغدای کاوێژ دەکردەوە دەیگوت"من بنێشتی کوردیم بیستووە. بەڵام حکومەتی کوردیم نەبیستووە".

لەم روانگەوە جەنابیان پشتی لە زێدی باب و باپیران و هاوڕەگەزو هاونیشتمانی خۆی دەکرد، دەیگوت: کوردستان ئاگری تێبەربێت کروکۆی دابمرکێ.

یەک زلە پووشکەی منی تێدانییە، بەپەلە سەروماڵی مەزات دەکرد، خاریج خۆت بگرە واهاتم.

بەڵێ خۆشی ئەوخۆشی بوو"ئەو" تیایدا بوو لە خاریج، چونکی دەستبەجێ سمێڵی پاک دەتراشی، خەناوکەی لە مل دەکرد، زوڵفی بزماری و ردێنی سەکسوکەی بەردەداوە، هی واهەبوو بە فەرمی لە دادگا گوێیان دەسمی.

بەشانازییەوە گوارەی تێدەکردو خۆی پێ بادەدا.

ئەوسا دۆلار بە قیمەت بوو عەیبوعاری داپۆشیبوون، بەڵام ئێستاکە دۆلار لە دابەزینە. هاوسەنگی جارانی نەماوە، جەنابیان لەژێر باجی ئەم وڵاتەی تیایدا پەراگەندەو ئاکنجییە کووڕدەبێتەوە. کاتی دەست لە"..." نان دەمێنێ، هیوا هەیە لەلایەن"..." نیانەوە ترۆکراون.

ناچاردەبێ ساڵانە، دێتەوە بۆ کوردستان. کە دێتەوە سەیر لە وەدایە، جەنابیان نازوفیز لەسەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. چونکە بە بۆچوونی بەڕێزیان لەبەرئەوەی پشتی لە داب و نەریتی بەرزی میللەتەکەی کردووە و شانازی بەکلتووری بێگانەوە دەکات، گوایە جەنابیان بوویتە مرۆیەکی پێشکەوتنخواز، خۆی بە"پیتۆل" دەزانێ، کەچی کە لە سیپارەی دەکۆڵێتەوە. بەڕێزیان کاروپیشەی"س.."ان بووە، لەسەر ئەم حاڵەش گلەیی و گازاندە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، داوای پلەوپایەی بەرزی وەزیفی دەکات.

خەڵکی تێکۆشەرو خۆڕاگری ئەم هەرێمە و پارێزەری دەستکەوتەکانی خوێنی شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و کوردستان و جەماوەری راپەڕیوی کوردستان بە هیچ و نەزان و پاشکەوتوو لە قەڵەم دەدات.

جەنابیان لەبەرئەوەی لە خاریج هاتۆتەوە، دەخوازی حکومەت و جەماوەر لە پێشوازیدا هەڵپەڕن هەلەکەسەمای لەپێش بکەن، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە: وەک ئەوەی بڵێی جەنابیان خەڵکی ئەم وڵاتە نەبێ بەنازوفیز بە زمانەکی شڵتی وپلتی دەم لە زمانی بێگانە دەکوتێ، لەگەڵ کوردییەکە تێکی هەڵدەکێشێ، وا دەزانێ رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە لە گوێی گادا خەوتوون، ئاگایان لە دنیا نییە چ باس و خواسە.

کاکە گیان تۆ کە بەڕاکردن هاتوویتەوە بۆ کوردستان. سەدجار بەخێربێیەوە. وڵات وڵاتی خۆتە.

بەڵام ئەم نازوفیز و خۆبەزل زانین و منەتبازیەت لە پای چی؟.

ئاخر لەرۆژانی قاتوقڕیدا، چت پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کردووە تاکو حکومەت و جەماوەر شانازیت پێوە بکەن.

- لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو تەقدیرم بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لە تاراوگە خەبات دەکەن، بۆ ناساندنی میللەتی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جیهان، هەروەها ریسواکردنی هەموو ئەوانەی دەستیان هەبووە لە ئەنفالکردن و زیندە بە چاڵکردن و کیمیا بارانکردنی کوردستان.

- بەڵام ئاخ خ. لەبەر نازوفیزو منەتبازی منەتبازان، خەریکە سەرمان کەچەڵ دەبێ.




www.arsivakurdi.org

بەدرخان
Bedirxan
www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: **فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا**

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان** (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
**عەبدولڕەحمان مەعروف** (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا:
**حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.**
- نەخشەساز:
**ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- ڕاوێژکاری مێژوو: **د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی**
- ڕاوێژکاری زمانەوانیی: **د.وریا عومەر ئەمین**
- ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی: **د. هیمداد حوسێن**
- ڕاوێژکاری کلتووری: **خالید جوتیار**
- ڕاوێژکاری هونەری: **محەمەد زادە**
- بەشی کۆمپیوتەر: **ئەیوب یوسف ئەبوبەکر**

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +
سلێمانی، باڵەخانەی ڕەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٧٠ ١٥٩ ٨٥٥٤ +